حكومەتی هەرێمی كوردستان/ عێراق
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
سەرۆكایەتی زانكۆی سلێمانی
فاكەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەكان
سكوڵی زمان/ بەشی كوردی

# پەیوەندییە واتاییەكانی ناو مۆرفیمە بەندەكان لە زمانی كوردیدا

نامەیەكە

**شادان حەمەئەمین محەمەد**

پێشكەشی ئەنجومەنی سكوڵی زمان/ فاكەڵتی زانستەمرۆڤایەتییەكانی زانكۆی سلێمانی كردووە و بەشێكە لە پێویستییەكانی وەرگرتنی پلەی ماجستێر لە زمانی كوردیدا.

سەرپەرشت

پ.د. فاروق عومەر سدیق

( ٢٠١٦ ) زایینی ( ٢٧١٦ ) كوردی

## پێشکەشە بە:

- دایك و باوكم، كە سەربەرزی و كۆڵنەدانیان لە ناخمدا چاندووە.

- باشترین هاوڕێیانی ژیانم، خوشك و براكانم.

- هاوسەر و منداڵەكانم (ئانیا و نارین).

- هاوڕێی زۆر خۆشەویستی ژیانی خوێندكاری و هەمیشەییم (م.ی. شلێر محەمەد عەلی).

# سوپاس و پێزانین

سوپاس و پێزانینم بۆ:

- مامۆستای بەڕێزم (پ.د. فاروق عومەرسدیق)، کە سەرپەرشتی ئەم نامەیەی گرتە ئەستۆ و سەرەچاوە ڕووسییەکانی بۆ وەرگێراوم، دڵسۆزانە و ماندوونەناسانە لە ڕێنمایی و زانیارییە بەنرخەکانی بێبەشی نەکردووم.

- بەڕێزان (د. شێروان حسێن خۆشناو، پ. ی. د. شیلان عومەر حسێن)، لەسەرەتاوە تاکۆتایی نامەکە بەوپەڕی دڵسۆزی و لە خۆبوردووییەوە ئامادەبوون بۆ وەلام دانەوەی پرسیارەکانم، سەرنج و تێبینییەکانیان نامەکەی زانستانەتر کرد.

- بەڕێزان (د. دارا حەمید محەمەد، پ.ی. د. ئومێد بەرزان برزۆ) لە زانکۆی گەرمیان.

- هاوڕێی بەڕێزم (م.هێرش کەریم حەمید)، کە کتێبخانەکەی هەمیشە کراوە بووە بە ڕوومدا.

- بەڕێزان( م. پێشکەوت محەمەد، م. ئاسۆ عەلی، م. یوسف محەمەد، م.هاوکار ساڵح ، م.ئازاد ساڵح)، لە پێدانی سەرچاوە و وەرگێڕان دا هاوکاری زۆریان کردووم.

- هاوسەر و هاوڕێی ژیانم (م. زانیار ساڵح)، وەکو هاوپیشەم، سەرەڕای ئەرکەکانی خۆی، خەمخۆری من بووە و یارمەتی زۆری داوم.

# هێما و کورتکراوەکان

| هێما و کورتکراوە | واتاکەی |
|---|---|
| و هـ | وێنەی هۆشەکی |
| ← | دەبێت بە |
| /   / | فۆنیم،مۆرفیم |
| /  -/ | پاشگر |
| /-  / | پێشگر |
| /-   -/ | ئینتەر فیکس ، ناوبڕ |
| ★ | نەگونجان/ نارێزمانی |
| = | سینۆنیم |
| × | ئەنتۆنیم |
| ب١ | بەرگی یەکەم |
| ب٢ | بەرگی دووەم |
| ↓ | هێز |

# لیستی زاراوەكان

| ئینگلیزی | كوردی |
|---|---|
| Semantic relation | پەیوەندییە واتاییەكان |
| Diminutive morpheme | مۆرفیمی بچووككردنەوە |
| Locative morpheme | مۆرفیمی شوێن |
| Derivational morpheme | مۆرفیمی وشەدارێژ |
| Grammatical morpheme | مۆرفیمی وشەگۆڕ |
| Theory of mentalistic | تیۆری هۆشەكی |
| Theory of behaviourist | تیۆری ڕەفتاری |
| Theory of componential analysis | تیۆری شیكردنەوە |
| Theory of reference | تیۆری ئاماژە |
| Theory of use | تێۆری بەكارهێنان |
| Vocative | بانگكردن |
| Aspect | ئەسپێكت |
| Genitive | خستنەسەر |
| Indicative mood | هەواڵەڕووكار |
| Subjunctive mood | مەرج و خۆزگە و دانانییەڕووكار |
| Imperative mood | فەرمانەڕووكار |
| Consept | چەمك |
| Mental image | وێنەی هۆشەكی |
| Etymology | ئیتیمۆلۆژی |
| Semantic markers | سیمای واتایی |
| Discontinuos morpheme | مۆرفیمی پچڕاو |
| Indefinitenss | نەناساندن |
| Definitenss | ناساندن |

# ناوەڕۆك


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| **پێشەكی** | ١ – ٣ |
| ١/٠) ناونیشانی نامەكە | ٢ |
| ٢/٠) هۆی هەڵبژاردنی بابەتەكە | ٢ |
| ٣/٠) سنوور و كەرەستەی لێكۆڵینەوەكە | ٢ |
| ٤/٠) ڕێبازی لێكۆڵینەوەی نامەكە | ٢ |
| ٥/٠) گرفتی لێكۆڵینەوەكە | ٢ |
| ٦/٠) گرنگی و بایەخی لێكۆڵینەوەكە | ٣ |
| ٧/٠) ناوەڕۆكی لێكۆڵینەوەكە | ٣ |
| **بەشی یەكەم: مۆرفیم و واتا** | ٤ - ٥٧ |
| ١/١) سەرهەڵدانی بیری مۆرفێم | ٥ |
| ٢/١) چەمك و پێناسەی مۆرفێم | ٦ |
| ٣/١) مۆرفیم و جۆرەكانی | ٧ |
| ٣/١ - ١) مۆرفیمی سەربەخۆ | ٨ |
| ٣/١ - ١ - ١) مۆرفیمی سەربەخۆی ئەركی (ڕێزمانی) | ٨ |
| ٣/١ - ١ - ٢) مۆرفیمی سەربەخۆی فەرهەنگی (لێكسیكی). | ٨ - ٩ |
| ٣/١ - ٢ ) مۆرفێمی بەند | ٩ |
| ٣/١ - ٢ - ١ ) گیرەگ | ٩ - ١٢ |
| ٣/١ - ٢ - ٢ ) مۆرفێمی بەندی بنكە | ١٢ - ١٣ |
| ٣/١ - ٢ - ٣) نووسەك | ١٣ - ١٤ |
| ٤/١) شوێنی مۆرفیمی بەند لەناو یەكە واتاییەكاندا | ١٤ - ١٧ |
| ٥/١) پەیوەندییە واتاییەكان | ١٧ |
| ٥/١ - ١) پەیوەندی ئاسۆیی | ١٧ - ١٩ |
| ٥/١ - ٢) پەیوەندی ستوونی | ١٩ - ٢٠ |
| ٦/١) پەیوەندییە واتاییەكان: چەمك و پێناسەو جۆرەكانیان | ٢٠ |
| ٦/١ - ١) سینۆنیم | ٢٠ - ٢١ |
| ٦/١ - ١ - ١) جۆرەكانی سینۆنیم | ٢١ |
| ٦/١ - ١ - ١ - ١) سینۆنیمی تەواو | ٢١ - ٢٢ |

| | |
|---|---|
| ٦/١ - ١ - ١ - ٢) سینۆنیمی ناتەواو | ٢٢ |
| ٦/١ - ١ - ١ - ٣) سینۆنیمی دەوروبەر | ٢٢ - ٢٣ |
| ٦/١ - ١ - ١ - ٤) سینۆنیمی سیگنی فاکت (ئەبستراکت) | ٢٣ - ٢٤ |
| ٦/١ - ١ - ١ - ٥) سینۆنیمی دیناتات (کۆنکرێت) | ٢٤ |
| ٦/١ - ١ - ١ - ٦) سینۆنیمی شاراوە | ٢٤ |
| ٦/١ - ١ - ١ - ٧) سینۆنیمی شیکردنەوەیی | ٢٤ - ٢٥ |
| ٦/١ - ٢) ئەنتۆنیم | ٢٥ |
| ٦/١ - ٢ - ١) جۆرەکانی ئەنتۆنیم | ٢٥ |
| ٦/١ - ٢ - ١ - ١) ئەنتۆنیمی تەواوکەری | ٢٥ - ٢٦ |
| ٦/١ - ٢ - ١ - ٢) ئەنتۆنیمی پلەدار | ٢٦ |
| ٦/١ - ٢ - ١ - ٣) ئەنتۆنیمی دووسەرە | ٢٦ |
| ٦/١ - ٢ - ١ - ٤) ئەنتۆنیمی ئاراستەیی | ٢٦ |
| ٦/١ - ٢ - ١ - ٥) ئەنتۆنیمی لێکسیکی | ٢٧ |
| ٦/١ - ٣) هایپۆنیم | ٢٧ |
| ٦/١- ٣ - ١) جۆرەکانی هایپۆنیم | ٢٨ |
| ٦/١ - ٣ - ١ - ١) هایپۆنیمی هاوناو | ٢٨ |
| ٦/١ - ٣ - ١ - ٢) هایپۆنیمی ناهاوناو | ٢٨ |
| ٦/١ - ٤) پۆلیسیمی | ٢٨ - ٣٠ |
| ٦/١ - ٥) هۆمۆنیم | ٣٠ |
| ٦/١ - ٥ - ١) جۆرەکانی هۆمۆنیم | ٣٠ |
| ٦/١ - ٥ - ١ - ١) هۆمۆنیمی تەواو | ٣٠ |
| ٦/١ - ٥ - ١ - ٢) هاوپیت | ٣٠ - ٣١ |
| ٦/١ - ٥ - ١ - ٣) هاودەنگ | ٣١ |
| ٦/١ - ٦) میرۆنیمی | ٣١ - ٣٢ |
| ٦/١ - ٦ - ١) جۆرەکانی میرۆنیم | ٣٢ |
| ٦/١ - ٦ - ١ - ١) میرۆنیمی هاوناو | ٣٢ |
| ٦/١ - ٦ - ١ - ٢) میرۆنیمی ناهاوناو | ٣٣ |
| ٦/١ - ٧) ئەندام وشە | ٣٣ |
| ٧/١) پەیوەندییە واتاییەکان لەئاستی فۆنۆلۆژیدا | ٣٣ - ٣٤ |

| | |
|---|---|
| ٧/١ - ١) سینۆنیم لەئاستی فۆنۆلۆژیدا | ٣٤ - ٣٥ |
| ٧/١ - ٢) ئەنتۆنیم لە ئاستی فۆنۆلۆژیدا | ٣٦ |
| ٨/١) پەیوەندییە واتاییەکان لە ئاستی مۆرفۆلۆژیدا | ٣٦ - ٣٧ |
| ٨/١ - ١) سینۆنیم لە ئاستی مۆرفۆلۆجیدا | ٣٧ |
| ٨/١ - ١ - ١) سینۆنیم لە ئاستی مۆرفیمی سەربەخۆ (وشە) دا | ٣٧ - ٣٩ |
| ٨/١ - ١ - ٢) سینۆنیم لە مۆرفیمە بەندەکاندا | ٣٩ |
| ٨/١ - ٢) ئەنتۆنیم لە ئاستی مۆرفۆلۆژیدا | ٣٩ |
| ٨/١ - ٢ - ١) ئەنتۆنیم لە مۆرفیمی سەربەخۆدا | ٤٠ |
| ٨/١ - ٢ - ٢) ئەنتۆنیم لە مۆرفیمە بەندەکاندا | ٤٠ - ٤١ |
| ٨/١ - ٣) هایپۆنیم لە ئاستی مۆرفۆلۆژیدا | ٤١ |
| ٨/١ - ٤) پۆلیسیمی لە ئاستی مۆرفۆلۆژیدا | ٤١ |
| ٨/١ - ٤ - ١) پۆلیسیمی لە مۆرفیمی سەربەخۆدا | ٤٢ - ٤٣ |
| ٨/١ - ٤ - ٢) پۆلیسیمی لە مۆرفیمی بەنددا | ٤٣ |
| ٨/١ - ٥) هۆمۆنیم لە ئاستی مۆرفۆلۆژیدا | ٤٣ |
| ٨/١ - ٥ - ١) هۆمۆنیم لەمۆرفیمی سەربەخۆدا: | ٤٣ - ٤٤ |
| ٨/١ - ٥ - ٢) هۆمۆنیم لە مۆرفیمە بەندەکاندا | ٤٤ |
| ٨/١ - ٦) میرۆنیم لە ئاستی مۆرفۆلۆژیدا | ٤٥ |
| ٨/١ - ٧) ئەندام وشە لە ئاستی مۆفۆرفۆلۆژیدا | ٤٥ |
| ٩/١) پەیوەندییە واتاییەکان لە ئاستی سینتاکسدا | ٤٥ - ٤٦ |
| ٩/١ - ١) سینۆنیم لە ئاستی سینتاکسدا | ٤٦ - ٤٧ |
| ٩/١ - ٢) ئەنتۆنیم لە ئاستی سینتاکسدا | ٤٧ - ٤٨ |
| ٩/١ - ٣) هایپۆنیم لە ئاستی سینتاکسدا | ٤٨ - ٤٩ |
| ٩/١ - ٤) پۆلیسیمی لە ئاستی سینتاکسدا | ٤٩ - ٥١ |
| ١٠/١) تیۆرە واتاییەکان و تێڕوانینیان بۆ پەیوەندییە واتاییەکان | ٥١ - ٥٢ |
| ١٠/١ — ١) تیۆری ئەفلاتوون (ناو لێنان و ئاماژە) | ٥٢ |
| ١٠/١ — ٢) تیۆری هۆشەکی | ٥٣ - ٥٤ |
| ١٠/١ — ٣) تیۆری ڕەفتاری (ڕەوشتی) | ٥٤ |
| ١٠/١ — ٤) تیۆری دەوروبەر (بەکارهێنان) | ٥٤ - ٥٦ |
| ١٠/١ — ٥) تیۆری شیکردنەوە | ٥٦ - ٥٧ |

| | |
|---|---|
| **بەشی دووەم: پەیوەندییە واتاییەکان لە مۆرفیمە بەندە وشەدارێژەکاندا.** | **٥٨ - ٨٧** |
| ٢/ پەیوەندییە واتاییەکان لە مۆرفیمە بەندە وشە دارێژەکاندا. | ٥٩ |
| ١/٢) سینۆنیم لە مۆرفێمە بەندە وشەدارێژەکاندا. | ٥٩ - ٦٠ |
| ١/٢- ١) سینۆنیم لە پێشگرە وشە دارێژەکاندا | ٦٠ |
| ١/٢- ١- ١) سینۆنیم لە پێشگرە کرداریەکاندا | ٦٠ - ٦١ |
| ١/٢- ١- ٢) سینۆنیم لە مۆرفێمە بەندەکانی نەریی فەرهەنگیدا | ٦١ - ٦٢ |
| ١/٢- ٢) سینۆنیم لە پاشگرە وشەدارێژەکاندا. | ٦٢ |
| ١/٢-٢- ١) مۆرفێمە بەندەکانی ناوی ئەبستراکتی | ٦٢ - ٦٣ |
| ١/٢-٢- ٢) مۆرفێمە بەندەکانی ناوی شوێن | ٦٣ - ٦٥ |
| ١/٢-٢- ٣) مۆرفیمە بەندەکانی بواری بچووککردنەوە | ٦٥ - ٦٨ |
| ١/٢-٢- ٤) مۆرفیمە بەندەکانی بواری پیشە | ٦٨ |
| ١/٢-٢- ٥) مۆرفیمە بەندەکانی ئاوەڵناوی بکەری | ٦٩ - ٧١ |
| ٢/٢) ئەنتۆنیم لە مۆرفیمە بەندە وشە دارێژەکاندا | ٧١ — ٧٢ |
| ٢/٢- ١) ئەنتۆنیم لە پێشگرە وشە دارێژەکاندا | ٧٢ - ٧٣ |
| ٢/٢- ٢) ئەنتۆنیم لە پێشگر و پاشگردا پێکەوە. | ٧٣ - ٧٥ |
| ٣/٢) پۆلیسیمی لە مۆرفیمە بەندە وشەدارێژەکاندا. | ٧٥ - ٧٦ |
| ٣/٢- ١) پۆلیسیمی لە پێشگرەکاندا. | ٧٦ |
| ٣/٢- ٢) پۆلیسیمی لە پاشگرەکاندا. | ٧٦ - ٧٩ |
| ٤/٢) هۆمۆنیم لە مۆرفیمە بەندە وشەدارێژەکاندا. | ٧٩ |
| ٤/٢ - ١) هۆمۆنیم لە پێشگرەکاندا | ٨٠ - ٨٢ |
| ٤/٢ - ٢) هۆمۆنیم لە پاشگرەکاندا | ٨٢ - ٨٧ |
| **بەشی سێیەم: پەیوەندییە واتاییەکان لە مۆرفیمە بەندە وشەگۆڕەکاندا.** | **٨٨ - ١١٢** |
| ٣/ پەیوەندییە واتاییەکان لە مۆرفیمە بەندە وشەگۆڕەکاندا | ٨٩ |
| ١/٣) سینۆنیم لە مۆرفیمە بەندە وشەگۆڕەکاندا | ٨٩ |
| ١/٣- ١) سینۆنیم لە مۆرفیمی بەندی ناساندندا | ٨٩ - ٩٠ |
| ١/٣- ٢) سینۆنیم لە مۆرفیمی بەندی کۆکردنەوەدا | ٩٠ - ٩١ |
| ١/٣- ٣) سینۆنیم لە مۆرفیمی بەندی بانگکردندا | ٩١ - ٩٢ |
| ١/٣- ٤) سینۆنیم لەمۆرفیمە بەندەکانی ئەسپێکتی کرداردا. | ٩٣ - ٩٥ |
| ٢/٣) ئەنتۆنیم لە مۆرفیمە بەندە وشە گۆڕەکاندا | ٩٥ |

| | |
|---|---|
| ٣/٢-١) ئەنتۆنیم لە پێشگرەکاندا. | ٩٥ - ٩٧ |
| ٣/٣) پۆلیسیمی لە مۆرفیمی بەندی وشەگۆڕدا. | ٩٧ |
| ٣/٣ - ١) پۆلیسیمی لەپێشگرەکاندا. | ٩٧ - ٩٩ |
| ٣/٣ - ٢) پۆلیسیمی لەپاشگرەکاندا. | ٩٩ - ١٠٥ |
| ٤/٣) هۆمۆنیم لە مۆرفیمی بەندی وشەگۆڕ دا . | ١٠٥ |
| ٤/٣-١) هۆمۆنیم لە پێشگرەکاندا. | ١٠٥ - ١٠٦ |
| ٤/٣-٢) هۆمۆنیم لە پاشگرەکاندا. | ١٠٧ - ١١٢ |
| **ئەنجام** | ١١٣ |
| **لیستی سەرچاوەکان** | ١١٤ - ١٢٠ |
| **ملخص بحث** | ١٢١ |
| **Abstract** | ١٢٢ |

# پێشەکی

# پێشەکی

## ١/٠) ناونیشانی نامەکە:

ئەم نامەیە بەناونیشانی (پەیوەندییە واتاییەکانی ناو مۆرفیمە بەندەکان لەزمانی کوردیدا) هەوڵێکە بۆ دەستنیشانکردنی دیارترین ئەو پەیوەندییە واتاییانەی، کە لە چوارچێوەی مۆرفیمە بەندەکان (وشەداڕێژ، وشەگۆڕ) ی زمانی کوردیدا بەدیدەکرێت.

## ٢/٠) هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە:

ڕۆڵ و گرنگی مۆرفیمە بەندەکان لەفراوانکردنی فەرهەنگ و بەجێهێنانی ئەرکە سینتاکسییەکانی زمان، هۆکاری سەرەکی بووە لەهەڵبژاردنی ئەم بابەتە، هەروەها لەم نامەیەدا بۆ یەکەمجارە بە پشتبەستن بە سیما واتاییەکان لێکۆڵینەوەیەکی زانستی و ورد و فرە لایەن لە پەیوەندییە واتاییەکانی مۆرفیمە بەندەکان لە زمانی کوردیدا کراوە، کە پێشتر ئەو لێکۆڵینەوانەی لەم بوارەدا ئەنجامدراون، بە پێی ئەو بیروبۆچوونە زانستیانە نین، کە ئێمە پەیڕەومان کردووە، ئەمانە هۆکاری سەرەکی هەڵبژاردنی ئەم لێکۆڵینەوەیەن.

## ٣/٠) سنوور و کەرەستەی لێکۆڵینەوەکە:

لەنووسینی ئەم نامەیەدا، زمانی کوردی، دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست پەیڕەوکراوە، کەرەستەی نموونەکانیش بەپلەی یەکەم زمانی قسەکردنی ڕۆژانەی خەڵکن لەم دیالێکتەدا، لەگەڵ هەندێك نموونەی وەرگیراو لەسەرچاوەکانەوە.

## ٤/٠) ڕێبازی لێکۆڵینەوەی نامەکە:

لەم نامەیەدا ڕێبازی لێکۆڵینەوەی وەسفی شیکاریی پەیڕەوکراوە، واتە پیشاندان و خستنەڕووی مۆرفیمە بەندەکان و بەکارهێنانیان لەئەمڕۆی زمانی کوردیدا و دیاریکردنی پەیوەندییە واتاییەکان لەهەریەکەیاندا.

## ٥/٠) گرفتی لێکۆڵینەوەکە:

سنووردارییی سەرچاوە، کە تایبەت بێت و تەرخانکرابێت بە لێکۆڵینەوە لە پەیوەندی واتایی نێوان مۆرفیمە بەندەکانی زمانی کوردی بەپێی چەمك و سیمای واتایی، گیروگرفتی سەرەکی نامەکەمان بووە.

## ٦/٠) گرنگی و بایەخی لێکۆڵینەوەکە:

لایەنێکی گرنگی ئەم لێکۆڵینەوە لەوەدایە لێکچوون و لێکنەچوونی پەیوەندی نێوان مۆرفیمە بەندەکان خراوەتەڕوو، گرنگترین ئەو پەیوەندییە واتایانەی لە چوارچێوەی ئەم مۆرفیمە بەندانەدا هەن دەستنیشان کراون، دیارە ئەمەش لە ڕێگەی دیاریکردنی سیمای واتایی یان چەمکی سەرەکی ئەو مۆرفیمانەوە، بڕیار لەسەر جۆری پەیوەندییەکە دراوە.

## ٧/٠) ناوەڕۆکی لێکۆڵینەوەکە:

لێکۆڵینەوەکە، جگە لە پێشەکی و ئەنجام و کورتەی باسەکە بەهەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی و لیستی سەرچاوەکان لە سێ بەش پێکدێت.

بەشی یەکەم: بەناونیشانی (مۆرفیم و واتا) ئەم بەشە زیاتر لایەنی تیۆری نامەکەیە و چەند باسێکی لەخۆگرتووە، سەرەتا باسی سەرهەڵدانی بیری مۆرفیم و چەمك و جۆرەکانی مۆرفیم و دابەشکردنیان خراوەتەڕوو، دواتر دیاریکردنی یەکە واتاییەکانی زمان، هەر لەم بەشەدا باس لەچەند جۆرێکی پەیوەندی واتایی کراوە دواتر هەریەك لەو پەیوەندییانە لە چوارچێوەی فۆنیم و مۆرفیم و وشە و ڕستەدا خراوەتەڕوو، هەروەها باسکردنی چەند تیۆرێکی واتایی و تێڕوانینی ئەو تیۆرانە بۆ هەندێك لەجۆری پەیوەندییە واتاییەکان، باسکراوە.

بەشی دووەم: بەناونیشانی (پەیوەندییە واتاییەکان لە مۆرفیمە بەندە وشەدارێژەکاندا)، لەم بەشەدا چوار جۆر پەیوەندی واتایی، کە بریتین لە (سینۆنیم، ئەنتۆنیم، پۆلیسیمی، هۆمۆنیم)، لەچوارچێوەی مۆرفیمە وشەدارێژەکان لەهەردوو چەشنی پێشگر و پاشگر دەستنیشانکراون.

بەشی سێیەم: بەناونیشانی (پەیوەندییە واتاییەکان لە مۆرفیمە بەندە وشەگۆڕەکاندا)، لەم بەشەدا چوار جۆر پەیوەندی واتایی، کە بریتین لە (سینۆنیم، ئەنتۆنیم، پۆلیسیمی، هۆمۆنیم)، لەچوارچێوەی مۆرفیمە وشەگۆڕەکان لەهەردوو چەشنی پێشگر و پاشگر دەستنیشانکراون.

# بەشی یەکەم

## مۆرفیم و واتا

# ١/ مۆرفیم و واتا

## ١/١) سەرهەڵدانی بیری مۆرفیم

مۆرفۆلۆژی، بریتییە لە لێکۆڵینەوە لە پێکهاتەی ناوەوەی وشە، لقێکی گەورەی زانستی زمانەوانییە و جێگە و پێگەیەکی گرنگی هەیە لە زماندا، ڕۆڵێکی چالاک لەدروستکردنی پەیوەندی بەئاستەکانی تری زمانەوە دەبینێت، ئاستی مۆرفۆلۆژی لە سەرەتای سەرهەڵدانییەوە تاوەکو ئەمڕۆ، بەردەوام کەوتووەتە بەر تیشکی لێکۆڵینەوەی زمانەوانان، هەروەها تێڕوانین و لێکدانەوەی جیاجیای بۆ کراوە لە ژێر ڕۆشنایی ئەو قوتابخانە و ڕێبازانەی کە لەم بوارەیان کۆڵیوەتەوە.

لە کاتێکدا دێرینەکان (ڕێزمانی تەقلیدی) وشەیان بە بناغەی تیۆری زمان و ڕێزمان دەژمارد و وەك بچووکترین دانەی واتادار سەیر دەکرا، واتە ((وشە بە بنچ دادەنرا بۆ شیکردنەوەی زمان)). (یارا قادرحەمەد، ٢٠١٣: ٣٥)، بەڵام وردە وردە ئەم بیرۆکەیە، بووە جێگەی گومان لەلای هەندێك لە زمانەوان، بە تایبەت کاتێك بۆیان دەرکەوت ((هەندێك وشە خاوەنی پێکهاتەیەکی ناوەکی فەرهەنگی (واتایی) و ڕۆنانییە)). (شێروان حسێن خۆشناو، ٢٠١٤: ٤)، واتە چ بە پێوانەی فۆنۆلۆژی یان سیمانتیکی بێت، ناتوانرێت پێناسەیەکی وەهای وشە بکرێت، ئەو بۆچوونە بسەلمێنێت، کە دەڵێت وشە بچوکترین دانەی واتاییە، بۆیە ئەمەش بووە هۆی ڕەتکردنەوەی ئەو پێناسانەی، کە بۆ وشە کرابوون.

لێرەوە زمانەوانان بیریان لە کەرەستەیەکی بچوکتر کردەوە، کە بتوانن دەستنیشانی تایبەتمەندییەکانی بکەن، بۆیە لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا و بەتایبەت لەلای ڕۆنانکارە ئەمریکییەکان بیری (مۆرفێم) پەیدابوو، بەم شێوەیە ((ڕۆنانکارە ئەمریکییەکان ئەو ڕاستییەیان سەلماند، کە وشە کەرت دەکرێت بۆ پارچەی وردتر، پارچەی وەها، کە واتا یان ئەرکی ڕێزمانی هەبێت)). (محەمەد مەعروف فەتاح و سەباح ڕەشید قادر، ٢٠٠٦: ٧)

کەواتە دەتوانین بڵێین هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی بیری (مۆرفێم) دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کەموکورتییانەی، کە لە پێناسەکانی وشەدا دەرکەوت، بەجۆرێك کە زۆرینەی پێناسەکان نەیانتوانی چەمکی تەواوی وشە لەخۆ بگرن.

پێش سەرهەڵدانی مۆرفێم، ((دروستەی وشە لەگەڵ دروستەی ڕستە لەژێر ناوی (گرامەر) لێیان دەکۆڵرایەوە، بەڵام ڕۆنانکارە ئەمریکییەکان سنوریان لە نێوانیان دانا و مۆرفۆلۆژییان وەکو لقێکی جیای زمانەوانی سەیرکرد)). (شێرکۆ حەمەئەمین قادر، ٢٠٠٢: ٧)، واتە ئەو ڕاستییەیان سەلماند،کە وشە کەرت دەکرێت بۆ پارچەی وردتر، کە واتا یان ئەرکی ڕێزمانیی هەبێت.

## ٢/١) چەمك و پێناسەی مۆرفێم

ئاستی مۆرفۆلۆژی و بیرۆکەی مۆرفێم لە سەرەتای سەرهەڵدانییەوە، بە درێژایی مێژووی لێکدانەوەکانی بە بۆتەی گەلێك بیرو بۆچوونی ئاڵۆز و جیاوازدا تێپەربووە و لێکدانەوەی بۆ کراوە، هەر پێناسە و لێکدانەوەیەکیش دەربڕی بۆچوون و فەلسەفەی ئەو ڕێباز و قوتابخانە زمانەوانییە بووە، کە لەم بوارەیان کۆڵیوەتەوە، بە واتای ئەوەی لە ڕوانگەی فەلسەفەی ڕێبازەکەوە بۆ پێناسە و لێکدانەوەکان ڕۆشتوون.

دیارە هۆکاری جیاوازی لە بیروڕاکاندا، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، هەندێك زمانەوان، مۆرفێم بەدانەی واتاداری زمانیی دادەنێن، بەڵام هەندێکی تریان بەدانەی ڕێزمانیی لەقەڵەمی دەدەن، کەواتە هەندێکیان لە ڕووی واتاوە لە دیاردەکە دەڕوانن و کۆمەڵێکی تریش لە ڕووی ئەرکەوە لێی دەڕوانن.

بۆیە هەر لەسەرهەڵدان و ئاشکراکردنی بیری مۆرفێمەوە، تاکو ئێستا چەندین پێناسەی بۆ کراوە، دیارترینیان پێناسەکەی (بلۆمفیلد) ی بونیادگەری ئەمریکییە، کە دەڵێت ((مۆرفێم بچووکترین یەکەی واتاداری زمانە)) .(شێروان حسێن خۆشناو: ٢٠١٤: ٦)، هەروەها (ستاگەبێرگ) دەڵێت:((مۆرفێم بچوکترین دانەی زمانە، کە واتای هەبێت و دابەش نەبێت بۆ دانەی بچووکتر و ئەگەری دووبارەبوونەوەی هەبێت) (stageberg: ١٩٨١: ٨٣).

دیارە بەپێی تێڕوانینی ئەو دوو زمانەوانە، چەمکی مۆرفێم هەمان شت دەگەیەنێت و مەرجی سەرەکی بۆ ئەوەی دانەیەکی زمانی بەمۆرفێم لەقەڵەم بدرێت بریتییە لەهەبوونی واتا. بەڵام کاتامبا ((مۆرفێم بە بچوکترین دانەی دابەش نەکراوی زمانەوانی دادەنێت، کە دەبێت ئەرکێکی واتایی یان ڕێزمانی هەبێت و بەشداری لە پێکهاتنی وشەدا بکات)). ( katamba: 2006: 20) .

لەزۆربەی پێناسەکاندا زیاتر جەخت لەسەر ئەوە دەکرێتەوە، کە مۆرفێم دەبێت واتا یان ئەرکی هەبێت و لەسەر ئەو بنەمایە مۆرفێمەکان دابەشکراون بەسەر دوو دەستەدا، کە مۆرفیمی فەرهەنگی و مۆرفێمی ئەرکی (ڕێزمانی) ن، بەڵام ( شێروان حسێن حەمەد) دەڵێت: ((پێویستە مۆرفیم چەمکی هەبێت، هەندێك لە مۆرفیمەکان چەمکی ڕێزمانی دەگەیەنن و هەندێکی تریان چەمکێکی فەرهەنگی دەگەیەنن))[١]، چونکە چەمك زۆر لە واتا فراوانترە و واتا تەنیا بەشێکی بچووکە لە چەمك بەجۆرێك ((واتا بەشێکە لە چەمك و لەهەر وشەیەکدا بەشێك لە چەمك، وەك واتا دەردەکەوێت)). (فاروق عومەر صدیق: ٢٠١١: ٣١)

---

١- بۆ زانیاری زیاتر لەسەر چەمکی مۆرفیم بڕوانە: شێروان حسێن حەمەد: ٢٠١٤: ٦- ٨.

## ٣/١) مۆرفیم و جۆرەکانی

لە پۆلێنکردن و دابەشکردنی مۆرفیم بۆ چەشن و جۆرەکانی چەندین پۆلێنی جیاواز لەلایەن زمانەوانەوانانەوە کراوە، هەندێکیان لەسەر بنەمای دەرکەوتن و دەرنەکەوتنی مۆرفیم وەك دانەیەکی سەربەخۆ هەروەها بوون و نەبوونی واتا دابەشکراوە بۆ مۆرفیمی سەربەخۆ و مۆرفیمی بەند، بەشێوەیەك ئەو مۆرفیمانەی، کە توانای ئەوەیان هەیە بەتەنیا دەربکەون ناونراون مۆرفیمی سەربەخۆ، ئەوانەشیان کە ناتوانن بەتەنیا دەربکەون و بەردەوام دەلکێن بە مۆرفیمی ترەوە، ناونراون مۆرفیمی بەند.

هەندێکی تر لەسەر بنەمای چەمك و واتا مۆرفیمەکانیان پۆلێن کردووە و دابەشکراون بەدوو جۆرەوە، یەکەمیان مۆرفیمە فەرهەنگی (لێکسیکی) یەکانن، ئەمانە ئەو مۆرفیمانەن، کە چەمك و واتای فەرهەنگییان هەیە (چ سەربەخۆ بن یان بەند) بەشداری لە داڕشتنی چەمك واتای نوێدا دەکەن.

دووەمیان مۆرفیمە ئەرکی (سینتاکسی) یەکانن، ئەمانیش ئەو مۆرفیمانەن، کە ئەرکی سینتاکسی دەبینن و خاوەنی چەمکێکی ڕێزمانیین (لە شێوەی سەربەخۆ و بەندیشدا دەبینرێن)، جیاوازی زمانەوانان لەم دابەشکردنانەدا دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی کارەکەیان و جۆری ئەو زمانەی، کە کاریان لەسەر کردووە.[٢]

بۆیە پێویستە بڵێین لە دابەشکردن و دیاریکردنی جۆرەکانی مۆرفیمدا دەبێت ڕەچاوی تایبەتمەندییەکانی ئەو زمانە بکرێت، کە پۆلێنەکەی بۆ دەکرێت. ئەوەی کە ئێمە لەم لێکۆڵینەوەیەدا پشتیپێدەبەستین ئەو پۆلێنەیە کە (شێروان حسێن حەمەد) بە ڕەچاوکردنی تایبەتمەندییەکانی زمانی کوردی، لەسەر بنەمای شێوەی دەرکەوتن و چەمك و واتا و شوێنی دەرکەوتن خستوویەتەڕوو بەم شێوەیە:-




(هێڵکاری ١: دابەشبوونی مۆرفیمەکان)

---

٢- بۆ زانیاری زیاتر لەسەر دابەشکردنی جۆرەکانی مۆرفیم بڕوانە: محەمەد مەعروف فەتاح و سەباح ڕەشید قادر: ٢٠٠٦: ٢٩، حەیدەر حاجی خدر: ٢٠١٠: ٥١، شێروان حسێن حەمەد: ٢٠١٤: ٣٤-٣٦.

کەواتە مۆرفیمەکان لە ڕوانگەی چەمك و واتاوە دابەشدەبن بۆ مۆرفیمە فەرهەنگییەکان (سەربەخۆ، بەند) و مۆرفیمە ئەرکییەکان (سەربەخۆ، بەند)، بەلأم مۆرفیمەکان لە ڕوانگەی دەرکەوتنیانەوە دابەشدەبن بۆ مۆۆفیمی سەربەخۆ و بەند.

### ٣/١ - ١) مۆرفیمی سەربەخۆ

بەو مۆرفێمانە دەوترێت، ((کە دەتوانرێت بە شێوەیەکی تەنیا و سەربەخۆ بەکاربهێنرێن)). (ایران کلباسی: ١٣٩١: ٢٢)، واتە ئەم مۆرفێمانە هەم لە ڕووی دەرکەوتن، بەتەنیا دەردەکەون، هەم واتا دەبەخشن، یان ئەرکی ڕێزمانی دەگێڕن، بۆیە ناونراون (سەربەخۆ)، (حەیدەر حاجی خدر: ٢٠١٠: ٤٣)، وەك: ناو، ئاوەڵناو، جێناو، پریپۆزیشنەکان...

مۆرفیمە سەربەخۆکان لە ڕووانگەی ئەرکیانەوە دابەش دەبن بەسەر دوو جۆری سەرەکیدا، ئەوانیش مۆرفیمی سەربەخۆی ئەرکی و مۆرفیمی سەربەخۆی فەرهەنگین.

### ٣/١ - ١ - ١) مۆرفیمی سەربەخۆی ئەرکی (ڕێزمانی)

ئەم دەستە مۆرفێمە بەشێوەیەکی فراوان ئەو مۆرفیمە گراماتیکیانە دەگرێتەوە، کە زیاتر ئەرکی سینتاکسی بەجێدەهێنن، وەکو پریپۆزیشنەکان و جێناوەکان، ئەمانە گروپێکی داخراون، چونکە ژمارەیان لە هەموو زمانەکاندا تاڕادەیەك دیاریکراوەو کەم و زیاد ناکەن و ئەندامی نوێ وەرناگرن.

وشەی ئەرکی لە ڕیزی مۆرفیمی سەربەخۆدا پۆل دەکرێت، واتە بەشێك لە مۆرفیمە سەربەخۆکان وشەی ئەرکین، ئەم جۆرەی وشە ((بەوە لە مۆرفیمە فەرهەنگییەکان جیادەکرێتەوە، کە مۆرفیمی فەرهەنگی زیاتر هەڵگری ناوەڕۆکی واتایین، بەلأم وشە ئەرکییەکان ئەرکی ڕێزمانی دەبینن لە ڕستەدا، یاخود پەیوەندی لۆجیکی نێوان کەرەستەکان دەردەبڕن)). (عومەر ئەحمەدعەبدولڕەحمان: ٢٠٠٩: ٩)

واتە ئەرکی سینتاکسی دەبینن و خاوەنی چەمکێکی ڕێزمانین، ((دەوریان یاریدەدانی وشە تەواوەکانی بەشەکانی ئاخاوتنە لە بەجێهێنانی ئەرکەکانیاندا))، (ئەوڕەحمان حاجی مارف: ٢٠٠٤: ٧٢) وەکو: ئامرازی سەرسوڕمان، ئامرازی بانگکردن، ئارتیکڵ،پێشبەندەکان.

### ٣/١ - ١ - ٢) مۆرفیمی سەربەخۆی فەرهەنگی (لێکسیکی).

مەبەست لەو مۆرفیمانەیە، کە وەك وشەیەکی سەربەخۆ دەردەکەون و واتایەکی فەرهەنگییان هەیە و لە فەرهەنگدا دەروازەی تایبەتی خۆیان هەیە، دەتوانین بڵێین هەموو وشە سادەکانی زمان بە مۆرفیمی سەربەخۆ دادەنرێن، چونکە ناتوانرێت دابەشبکرێن بۆ کەرەستەی خاوەن واتا، ئەگەر

دابەشبكرێن واتاكەیان لەدەستدەدەن، بۆ نمونە وشەكانی (شاخ، ئاو، هەوا...) وشەی سادەن و لەوە زیاتر بچووك ناكرێنەوە، كەواتە بەیەك مۆرفیم هەژمار دەكرێن.

سیمایەكی دیاری ئەم مۆرفیمانە ئەوەیە، كە دەبنە بناغەو بنكە بۆ مۆرفیمە بەندەكان، سەرباری ئەوەی ژمارەیان لە مۆرفێمە بەندەكانیش زیاترە، بەڵام هیچ زمانێك ناتوانێت بە تەنیا بە ڕەگ و وشەی سادە مەبەست دەربڕێت، بۆیە پێداویستی گەیاندنی چەمك، مۆرفیمی بەند دەهێنێتە ئاراوە. (شێروان حسێن حەمەد: ٢٠١٤: ٩)، واتە هەرچەند ڕەگ واتای سەرەكی هەڵدەگرێت، بەڵام زمان ناتوانێت مەبەستەكانی بەتەنیا لە ڕێگەی ڕەگەوە بگەیەنێت، بۆیە زمان پەنا دەباتە بەر هاوكاری مۆرفیمە بەندەكان، بۆ دروستكردنی ژمارەیەكی زۆر لە وشە، كە هەڵگری واتاو مەبەستی نوێن.

مۆرفێمە فەرهەنگییەكان ((گروپێكی كراوەو بێسنور پێكدەهێنن)). (مهری باقری: ١٣٩٣: ١٥٢) ، واتە ژمارەی ئەم مۆرفیمانە جێگیرو دیاریكراو نییە و بەپێی پێداویستییەكانی كۆمەڵگا ژمارەیان كەم و زیاد دەكات و ئەندامی نوێ وەردەگرن، بەبێ ئەوەی ئەم كەم و زیاد بوونە گۆڕانكاری بخاتە سیستمی زمانەوە.

## ٣/١ - ٢ ) مۆرفێمی بەند

ئەو مۆرفێمانەن، كە ناتوانن بەتەنیا دەربكەون و بەكاربهێنرێن، تاكو نەچنە سەر وشە یان بنكەیەكی تر، واتە لە ڕێگەی لكانیان بە بنكەیەكەوە دەتوانن واتا و ئەركی خۆیان پیشان بدەن، واتە ((ئەو مۆرفیمانەن، كە بۆ گێڕانی ئەركێكی ڕێزمانی، یان دروستكردنی وشەیەكی نوێ دەچنە سەر وشەیەك)).(حەیدەر حاجی خدر: ٢٠١٠: ٥١)، وەكو مۆرفیمەكانی (ناساندن، نەناساندن، شوێن، ئەبستراكت...هتد).

## ٣/١ - ٢ - ١ ) گیرەگ

بەرامبەر (Affixe) ی ئینگلیزی هاتووە، ئەو مۆرفێمە بەندانەن، كە بۆ گێڕانی ئەركێكی فەرهەنگی (دروستكردنی وشەی نوێ)، یان ئەركێكی ڕێزمانی دەچنە سەر وشەیەك، گیرەكەكان لەسەر بنەمای ئەركیان دابەش دەبن بۆ گیرەگی وشە داڕێژ (فەرهەنگی) و گیرەگی وشە گۆڕ (ڕێزمانی) .

## أ - گیرەكی وشە گۆڕ (ڕێزمانی)

بریتین لەو پۆلە مۆرفیمەی، كە لە چوارچێوەی سینتاكسدا كار دەكەن و ئەركیان دیاریكردنی پەیوەندی نێوان وشەكانە لە ڕستەدا، بەگشتی توانای گۆڕینی واتای وشە یان پۆلی ئاخاوتنی وشەیان نییە، بەواتایەكی تر ئەم چەشنە گیرەكانە ((بۆ گەیاندن و بەخشینی چەمك و واتای

ڕێزمانی وشەکان، هاوبەشی ڕۆنانی دروستەی فرێز و ڕستە دەکەن)). (سازان زاهیر سەعید: ٢٠١٣: ٢٣)

گیرەکە ڕێزمانییەکان ((بەکارهێنانیان پێوانەیی (قیاسی) یە، واتە کەمتر حاڵەتی ناوازە دروست دەبێ لە بەکارهێنانیاندا)). (ایران کلباسی: ١٣٩١: ٢٣)، ئەگەر نمونەش هەبێت لەو یاسایە لابدات ئەوە ژمارەیان زۆر کەمە، بۆ نمونە: کاتێك دەڵێین /- ان/ دەچێتە سەر ناو دەیکات بە کۆ، ئەمە یاسایەکی گشتییە، بە دەگمەن ناوازەی تێدەکەوێت و هەموو ناوەکان دەگرێتەوە.

ئەم گرووپە بەپێی شوێنی هاتنیان لە زمانی کوردیدا دوو جۆرن:

١- پێشگر (Prefix): هەر بەناوەکەیدا دیارە، کە بە سەرەتای بناغەوە دەلکێن و فۆرمێکی ڕێزمانی دروست دەکەن و ئەرکێك بەجێدەهێنن، بەبێ ئەوەی کار بکەنە سەر واتای سەرەکی فۆرمی پێشوو، وەکو نیشانەی بەردەوام و داخوازی و ڕانەبردوو ...هتد، بۆ نمونە:

ئاری دەچوو بۆ یاریگا.

ئاری بچۆ بۆ یاریگا.

لەئەو دوو ڕستەیەی سەرەوەدا (دە-، ب-) گیرەکی ڕێزمانیین، لە جۆری پێشگر.

٢- پاشگر (suffix): هەر مۆرفیمێکی بەند، بەکۆتایی بناغەوە لکا، پێی دەوترێت (پاشگر). (حسن أنوری، یوسف عالی: ١٣٩٠: ١٧٨)، واتە هەمیشە لە ڕووی شوێنەوە دواوەی بناغە دەگرن و فۆرمێکی ڕێزمانی نوێ دروست دەکەن و ئەرکێکی ڕێزمانی بەجێدەهێنن وەکو: نیشانەی ناسراوی و نەناسراویی و کۆ...هتد، بۆ نمونە:

- خوێندکارانی بەشەکەمان سەرکەوتوون.

لەو ڕستەیەدا (-ان) و (-ەکە) گیرەکی ڕێزمانیین لە جۆری پاشگر.

## ب - گیرەکی وشە داڕێژ (فەرهەنگی)

گرووپێکی فراوانن، ژمارەیان لە گیرەکە ڕێزمانییەکان زۆر زیاترە، ئەرکیان دروستکردنی وشەیە بە واتای نوێوە، واتە بەشداری لە فراوانکردنی فەرهەنگدا دەکەن.

ئەم جۆرە گیرەکە ((پرۆسەیەکە لە ڕێگەی گۆڕینی بەشە ئاخاوتن یان گۆڕینی واتاوە، وشەی نوێی لێ دروستدەکرێت)).(yule: 2010 :69) گیرەکی فەرهەنگی بە تەنیا واتا نابەخشێت و بەکارناهێنرێت، بەڵکو پێویستی بە مۆرفیمێکی سەربەخۆ هەیە، بۆ ئەوەی واتاکەی دەربکەوێت.

هەندێك زمانەوان بە (مۆرفیمی مۆڕفۆلۆژی) ناوی دەبەن و بەم جۆرە پێناسەی دەکەن:(( ئەو مۆرفیمەیە، دەچێتە سەر مۆرفیمی تر، بۆ دروستکردنی وشەی نوێی خاوەن واتای نوێ)). (وریا عومەر ئەمین: ٢٠١١: ٣)، هەروەها ((بەکارهێنانی ئەم مۆرفیمانە دەستوور بەدەرە، واتە ناتوانرێت

یەكێكیان بۆ هەموو وشەیەك بەكاربهێنرێت)). (ایران كلباسی: ١٣٩١: ٢٣) بۆ نمونە (- ایەتی) مۆرفیمی بەندی فەرهەنگیی وشە داڕێژە و ناوی ئەبستراكت دروست دەكات، وەكو:

باوك + ایەتی = باوكایەتی

دایك + ایەتی = دایكایەتی

بەڵام ناتوانین بڵێین: *كچایەتی، *كوڕایەتی... چونكە (- ایەتی) لە گرووپی مۆرفیمە وشە داڕێژەكانە و بەكارهێنانەكەشی دەستوور بەدەرە، واتە لەگەڵ هەموو وشەكانی زماندا بەكار نایەت، ئەم گرووپەش بەپێی شوێنی هاتنیان لە زمانی كوردیدا، دووجۆرن:-

١- پێشگر: دەكەونە پێش بناغە و وشەی نوێ پێكدەهێنن، بە واتای نوێوە، وەكو (هەڵ-، دا-، ڕا-، بە-،بێ-، نە-، نا-، لێ-،...)، بۆ نمونە لە (هەڵگرتن، داگرتن، ڕاگرتن، بەهێز، بێ سوود، ناشرین، نەزان، لێدان...).

٢- پاشگر: بە كۆتای بناغەوە دەلكێن و وشەی نوێ ساز دەكەن،پاشگرە فەرهەنگییەكانی زمانی كوردی زۆر چالاكن لە سازكردنی وشەی نوێدا، لەم ڕووەشەوە ((ناوی داڕێژراو و بە زۆری بە یارمەتی ئەم جۆرە پاشگرە پێكدێت)). (ئەوڕەحمانی حاجی مارف: ٢٠١٤: ١١٧).

ئەم پاشگرانە بە پێی ئەو چەمك و واتایەی، كە دەیگەیەنن، دەبنە چەند گرووپێكەوە دیارترینیان ئەمانەن:-

أ - پاشگرە داڕێژەرەكانی ناوی ئەبستراكت:

وەك: (-ی، -ەتی، -ایەتی، -ایی، -ێنی، -ە، -ا،...هتد)[3]

لە نمونەكانی: (زیرەكی،پیاوەتی، كوردایەتی، سەوزایی، كچێنی، چاكە، گەرما).

ب - پاشگرە داڕێژەرەكانی ناوی شوێن:

وەك (-دان، -ستان، -گا، -ەڵان،...هتد)

لە نمونەكانی: (شەكردان، كوردستان، سەیرانگا، بەردەڵان).

ج - پاشگرەكانی ناوی پیشە:

وەك: (-چی، -ەوان، -گەر، -كەر،...هتد)

لە نمونەكانی: (چایچی، باخەوان، ئاسنگەر، ڕاوكەر)

د - پاشگرەكانی بچووككردنەوە:

وەك: (-لە، -ڵە، -كە، -ۆكە، -چكە، -كەلە،...هتد)[4]

لە نمونەكانی: (مێروولە، گۆزەڵە، ڕەشكە، خاڵخاڵۆكە، گوێچكە، ڕەشكەلە)

هـ - پاشگرەكانی ئاوەڵناوی بكەری

---

٣- بڕوانە: مستەفا ڕەزا مستەفا: ٢٠١٣.

٤- بڕوانە: سازان زاهیر سەعید: ٢٠١٣.

وەك: (-باز، -یار، -ەر، -ر، -ا...هتد)
لە نمونەكانی (فێڵباز، فرۆشیار، دانەر، دڵخۆشكەر، زانا)

### ٣/١ - ٢ - ٢ ) مۆرفێمی بەندی بنكە

ئەو بەشەی وشەیە، كە ئامادەیە بۆ وەرگرتنی هەر جۆرە مۆرفیمێك (ڕێزمانیی بێت یا فەرهەنگیی)، مۆرفیمی بەندی بنكە دەشێت سەربەخۆ یان بەندبێت.
وەك: مۆرفیمی (دار) مۆرفیمی بنكەی سەربەخۆیە لە وشەكانی: دارستان، دارەوان، دارەكە...هتد بەڵام مۆرفیمی (نووس) دەبێتە مۆرفیمی بنكەی بەند لەوشەكانی: نووسەر، نووسراو، دەستنووس...هتد (شێروان حسێن حەمەد: ٢٠١٤: ٥٢ - ٥٤)، مۆرفیمی بەندی بنكەش لە دوو جۆر پێكدێت، ئەمانەن:

### أ - ڕەگ

ئەو بەشەی وشەیە، كە هەموو ئەفێكسەكانی لێكرابێتەوە، واتە ((شێوەی بنچینەیی وشە، كە ناتوانرێت لەوە زیاتر دابەش بكرێت و بچووك بكرێتەوە، بەبێ لەدەستدانی شوناسی خۆی)). (أبراهیم چگنی: ١٣٨٢: ٣٩١)، بۆیە ئەگەر لەوە زیاتر بچووك بكرێتەوە شوناسی خۆی لەدەست دەدات.

هەندێك وشە، كە بەڕەگ دادەنرێت، بەڵام لەبەرئەوەی واتای سەربەخۆیان هەیە پێیان دەوترێت (مۆرفێمی سەربەخۆ) (katamba: 2006: 42)، وەك: كتێب، گوڵ، چا...هتد.

كەواتە ڕەگ دەتوانێت بەند بێت، وەكو: (ڕۆ، نوو، بیس)،لەوشەكانی: (ڕۆیشتن، نووستن، بیستن) هەروەها ڕەگ دەتوانێت سەربەخۆ بێت، وەكو: (كتێب) لەوشەكانی (كتێبەكە، كتێبێك، كتێبەكان...هتد).

### ب - بنكە

ئەو بەشەی وشەیە، ((كە لەهەر شێوەیەكدا بێت دەتوانێت ئەفێكس (پێشگر و پاشگر) بگرێتەخۆی، ئەفێكسەكان دەتوانن ئەركی یان فەرهەنگی بن)). (سەرچاوەی پێشوو: ٤٦ ) لێرەوە دەتوانین بڵێین، بنكە((مۆرفیمێك یان وشەیەكی سادە یان ناسادە، یان لێكدراو، كە لەگەڵ مۆرفیمێك یان وشەیەكی تر لە داڕشتندا بەشداری دەكات، فۆرمێكی تری وشەكە، یان وشەیەكی تر دروست دەكات، پێی دەوترێت بنكە)). (شێروان حسێن حەمەد: ٢٠١٤: ٥٢)، بۆ نموونە:

| | | |
|---|---|---|
| دڵخۆش (بنكە) | ← | دڵخۆشی (وشەی نوێ) |
| پاك (بنكە، ڕەگ) | ← | پاكانە (وشەی نوێ) |
| نووس (بنكە، ڕەگ) | ← | دەنووسم (وشەی نوێ) |

کەواتە بنکە، کە (بناغە) شی پێدەوترێت، دەشێت فرەمۆرفێم و ئاڵۆزبێت، وەك: سەربەرز لە (سەربەرزیی) دا، (ناپیاو) لە (ناپیاویی) دا. ((بناغەیەك، کە ناتوانرێت چیدی بۆ مۆرفیمە پێکهێنەرەکانی شیتەڵ بکرێت و شیبکرێتەوە، ناونراوە ڕەگ)). (محەمەدی مەحویی: ٢٠١٠: ١٣) وەك ڕەش لە(ڕەشایی)دا، بازرگان لە (بازرگانیی) دا، کەواتە: ڕەش و بازرگان، بنکەو ڕەگیشن، بەڵام سەربەرز، تەنها بنکەیە.

هەربۆیە دەتوانین بڵێین: ((هەموو ڕەگێك بنکەیە، بەڵام مەرج نیە هەموو بنکەیەك ڕەگ بێت، چونکە زۆرێك لەبنکەکان نسادەن)). (شێروان حسێن حەمەد: ٢٠١٤: ٥٣)

### ٣/١ - ٢ - ٣) نووسەك

جۆرێکە لەمۆرفێمی بەند، (تراسك) بەم شێوەیە پێناسەی دەکات:((ئەو بەشەیە، کە دەدرێتە پاڵ وشە و پێکەوە دەردەبڕرێن، بەڵام لە ڕوانگەی سینتاکتیکییەوە بەجیا مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت)). (Trask: 2007: 38)، لەزمانی ئینگلیزیدا کورتکراوەکان بە نوسەك دادەنرێن، وەك لەنموونەکانی: ( 'm، 'll ،'s) :

_ He's running.
_ I'll be there.
_ I 'm not playing.

لەزمانی کوردیدا جێناوەکان خراونەتە خانەی نووسەکەوەو (بەزۆری خاوەنی دوو فۆرمن، واتە لە دوو شێوەدا دەبینرێن، فۆرمێکی پڕو فۆرمێکی کورتکراوە). (محەمەد مەعروف فەتاح و سەباح ڕەشید: ٢٠٠٣: ٣٣) وەکو: ئەوان یارییەکەیان بردەوە.

فۆرمی پڕ فۆرمی کورتکراوە

هەروەها (کریستاڵ) دەڵێت: (نووسەك، زاراوەیەکە لەزمانەوانیدا بەکاردێت، بۆ ئاماژەکردن بەفۆرمێك، کە لە وشە دەچێت، بەڵام ناتوانێت بەشێوەی سەربەخۆ پشت بەخۆی ببەستێت). (crystal: 2003: 402)، بەم پێیە نووسەك لە هەندێ تایبەتمەندیدا لە وشە دەچێت، چونکە دەتوانێت ئەرکی جیاواز لە ڕستەدا ببینێت، بۆ نمونە:

ڕۆژنامەکەم خوێندەوە. (م) بکەرە

ناردمی بۆ بازاڕ. (م) بەرکارە

کتێبەکەی پێدام. (م) تەواوکەرە.

دەبینین (م) کە جێناوی لکاوە و دەبێتە نووسەك توانیویەتی ئەرکی جیاواز لە ڕستەدا ببینێت، ئەمەش یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی وشە، هەروەها نووسەك لە هەندێ تایبەتمەندیدا لە مۆرفیمی بەند دەچێت، چونکە ناتوانن بەشێوەی سەربەخۆ بەکاربهێنرێن.

نووسەکەکان بەپێی شوێنی هاتنیان دابەشدەبن بۆ (بەرگر) و (دواگر) (ایران کلباسی: ١٣٩١: ٢٥)، بۆ نموونە: /نە-/ ی مۆرفیمی ناکردن بە نووسەکی بەرگر دادەنرێت، بەڵام مۆرفیمەکانی ناساندن و کۆکردنەوە و جێناوە لکاوەکان نوسەکی دواگرن.

دیارترین سیمای نووسەك بریتییە لە (جووڵە)، ئەم تایبەتمەندییە لەگیرەکی جیادەکاتەوە، چونکە گیرەکەکان هەمیشە دەچنەسەر مۆرفیمی بنکە، بەڵام نووسەك دەتوانێت بە گرێ، یان هەرکەرتێکی تری ڕستەوە بلکێت.(محەمەد مەعروف فەتاح، سەباح ڕەشید قادر: ٢٠٠٦: ٣٢)، وەکو: بەرخۆلەکەم = بەرخ (مۆرفیمی بنکە) + ۆلە (گیرەك) + کە (نووسەك) + م (نووسەك).

## ٤/١) شوێنی مۆرفیمی بەند لەناو یەکە واتاییەکاندا

یەکەی واتایی بریتییە لەدیاریکردنی یەکەی واتادار لەهەر ئاستێکی زماندا، زانایانی زمان تاڕادەیەکی زۆر لەسەر دیاریکردنی بچوکترین یەکەی واتایی لەئاستەکانی (فۆنۆلۆژی، مۆرفۆلۆژی، سینتاکس) هاوڕان و ڕێککەوتوون، بەشێوەیەك لەئاستی فۆنۆلۆژیدا (فۆنێم) بەبچوکترین یەکەی واتادار دانراوە، لەئاستی مۆرفۆلۆژیدا (مۆرفێم) و لەئاستی سینتاکسیشدا (فرێز و ڕستە) دانراون. بەڵام سەبارەت بەناونان و پێناسەکردنی یەکەی واتایی و دیاریکردنی ئەو یەکەیە لەئاستی واتاسازیدا بۆچوونی جیاواز هەیەو بەئاسانی ئەم یەکەیە دیاری ناکرێت، چونکە واتا لەهەموو ئاستەکانی زماندا هەیە.

بەشێوەیەکی بەرچاو ئەوەی تائێستا لەزمانەوانیدا بایەخی پێدراوە (مۆرفێم)ە، هەروەکو بلۆمفیلد ئاماژەی پێدەدات و دەڵێت :((مۆرفیم بچوکترین فۆرمی ئازادە)) لەزماندا (پالمر: ١٣٨٧: ٧٤)، واتە :مۆرفیم بچوکترین فۆرمە کە دەتوانێت لەزنجیرەی وتندا بەتەنهایی بێت و واتادار بێت. بەم پێیە مۆرفیم دەتوانێت یەکێك بێت لەو یەکانەی، کە واتاسازی کاری پێدەکات ئەمەش بەهۆی ئەوەی لەزۆر بەی حاڵەتەکاندا ئەگەر واتای مۆرفیمەکان بزانین دەتوانین لەو ڕێگەیەوە واتای وشەکان بەدەست بهێنین، بۆ نمونە: ئەگەر واتای هەردوو مۆرفیمی (گۆشت )و (فرۆش) بزانین دەتوانین واتای وشەی (گۆشتفرۆش) بەدەست بهێنین، هەروەها بەئاسانی لەوشەکانی (کتێب فرۆش) و (پارچە فرۆش) تێدەگەین ،بەڵام بەتێگەیشتن لەواتای مۆرفیمی (میللەت) و (فرۆش) ناتوانین لەواتای (میللەتفرۆش) تێبگەین ،کەواتە لێرەوە دەزانین ،واتاسازی جگە لەمۆرفیم پێوستی بە یەکەیەکی گەورەتر هەیە، کە (وشە) یە بۆ ئەوەی بتوانین لەواتای وشەکانی (چاوپیس، دەم شڕ، زمان لوس، دەست بڵاو... هتد) تێبگەین، ئەمانەش بەزۆری ئەو وشە لێکدراوانە دەگرێتەوە کە یەکێکە لەجۆرەکانی ئیدیۆم و ناودەبرێت بە(وشەی لێکدراوی ئیدیۆمی) (دەروون عبدالرحمن سالح:٢٠١٢: ١٢٥) واتە ئیدیۆمێکە لەشێوەی وشەی لێکدراودایە،وەك :

چاو قایم، چەقاوەسو ،دڵپیس ،دەمەوەر ...هتد.

هۆکاری دەستنەکەوتنی واتای ئەم جۆرە ئیدۆمانەش لەوەدایە، یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی ئیدیۆم، ئەوەیە لەواتای وشەو مۆرفیمەکانەوە ناتوانین واتای ئیدیۆمەکە بەدەست بهێنین، بەڵکو هەمووی بەسەریەکەوە واتایەك دەبەخشێت، بەشێوەیەك ((واتاکانیان لەواتای پارچە پێکهێنەرەکانیانەوە بەدی ناکرێت، چونکە واتای پارچەکانی ئیدیۆمێك زۆرجار هێندەی پێویست زانیاری دەرناخەن)) (سەرچاوەی پێشوو:١٢٤) ،چونکە ((واتای ئیدیۆم یەکسانە بەواتای یەکەیەکی فەرهەنگی یان (لێکسیم )نەك یەکسان بێت بەکۆی واتای پێکهێنەرەکانی)) (شیلان عومەر حسین ٢٠٠٩: ١٩) .

لەسەرەتاوە تائێستا بۆمان ڕوونبووەوە، کە بۆ لێکۆڵینەوە لەواتا، بەلایەنی کەمەوە پێویستمان بەدوو یەکە هەیە، ئەویش مۆرفیم و وشەیە، لەم ڕێگەیەوە بەزانینی واتای وشەکان، دەتوانین لەواتای ڕستەکانی وەکو:

- کتێبکم کڕی .
- منداڵەکە دەگری... تێبگەین.

بەڵام لێرەدا کێشەیەکی تر سەرهەڵدەدات، ئەویش تێنەگەیشتنە لە کۆمەڵێك ڕستەی وەکو:

- خوێنم هاتووەتە جۆش.
- دڵم گیراوە.
- خوێ بەسەر برینمدا مەکە...

واتە لەو ڕستانەی سەرەوەدا لەڕێگەی زانینی واتای وشەکانەوە ،ناتوانین واتای ڕستەکان بەدەست بهێنین ،بەم شێوەیە(( واتاسازی جگە لەمۆرفیم و وشە پێویستی بەیەکەیەکی گەورەتر هەیە ئەویش ڕستەیە)) . (کورش صفوی: ١٣٩١: ٢٠)

هەر سەبارەت بەدیاریکردنی یەکەی واتا، پۆلێنە بەناوبانگەکەی( نیدا )دەخەینەڕوو ،کە بۆ یەکەکانی واتا کردوویەتی بەم شێوەیە:(احمد مختار عمر: ١٩٩٨: ٣٢)




**(هێڵکاری ٢: یەکەکانی واتا)**

**بەپێی ئەم پۆلێنە واتا لەهەموو ئاستەکانی زماندا هەیە، هەر لەفۆنیمەوە ،کە جیاوازی واتایی دروست دەکات، تاکو ڕستە.**

**ئەوەی ئێمە لەم لێکۆڵینەوەیەدا گرنگی پێدەدەین مۆرفیمی بەندە، وەکو یەکێك لەیەکەکانی واتا، ئەم جۆرە مۆرفیمە بەتەنها نایەت، بەڵکو لەگەڵ مۆرفیمی سەربەخۆی تردا دێت و بەشداری لەدروستکردنی واتای نوێدا دەکات، یان ئەرکێك جێبەجێ دەکات و واتاکەی لەئەرکەکەیدایە، کەواتە مۆرفیمی بەندیش شوێنی تایبەتی خۆی هەیە لەناو یەکە واتاییەکانداو لەبەشەکانی داهاتوودا بەفراوانی لێی دەدوێین.**

**ئەوەی، کە (نیدا) لە پۆلێنەکەیدا باسی نەکردووە مەسەلەی ( هێز stress) ە، کە بەشداری لەگۆڕینی واتا دەکات و واتاسازی دەتوانێت وەکو یەکەیەکی واتایی لەلێکۆڵینەوەی واتادا کاری لەسەر بکات (کورش صفوی: ١٣٩٢: ٣٤)**

**بۆ نمونە:**

**↓**

**ئامانج دەیەوێت شیرینی بکڕێت .          ئامانج دەیەوێت نەك کەسێکی تر .**

**↓**

**ئامانج دەیەوێت شیرینی بکڕێت .          دڵنیاکردنەوەیە کە هەر دەیەوێت شیرینی بکڕێت.**

ئامانج دەیەوێت شیرینی بکرێت .                شیرینی نەك شتێكی تر.

ئامانج دەیەوێت شیرینی بکرێت  .               بیكرێت نەك بیخوات.

دەبینین لەهەریەك لەو ڕستانەی سەرەوەدا، گۆڕینی شوێنی هێز لەسەر وشەكان بووەتە هۆی گۆڕان لەواتای ڕستەكاندا، كەواتە دەتوانرێت هێز وەكو یەكەیەكی واتایی هەژمار بكرێت.

## ٥/١) پەیوەندییە واتاییەكان

پەیوەندی واتایی مەبەست لەو پەیوەندییەیە، یەكەیەكی زمانیی لەگەڵ  یەكەیەكی تری زماندا لەڕووی واتاوە بەیەكەوە دەبەستێتەوە، واتە هەموو دانەیەكی زمانیی، لەدوو جۆر پەیوەندیدایە لەگەڵ یەكتر.

(محەمەدی مەحوی) بەم جۆرە پێناسەی پەیوەندییە واتاییەكان دەكات:(( ئەو نرخانەی، بەتوخم و پێكهێنەرە زمانیەكان دەدرێت یان هەیانە، لەدووجۆر  پەیوەندیدا دێنە دەربڕین و دەردەبڕرێن، كە لەنێوان ئەو توخمانەدا هەن، ئەوانیش پەیوەندی ئاسۆیی و پەیوەندی ستونیین)).(محەمەدی مەحوی: ٢٠٠٩: ب ١: ١٢٨)

پەیوەندی (ئاسۆی و ستونی) یەكێكە لەدوانەكانی زمانەوانی سویسری (فردینان دی سۆسێر)، ئەم دوو پەیوەندییە لەئاستەكانی زماندا ڕۆڵ و چالاكی گرنگ بەجێدەهێنن، لەڕێگەی دانەو یەكەكانی ناو هەر ئاستێك لەئاستەكانی زمان، واتا (فۆنیم- مۆرفیم –وشە – فرێز - ڕستە) واتا هیچ كام لەم دانە زمانییانە بێبەش نین لەم دوو جۆرە پەیوەندییە، بەواتایەكی تر ((هەر دانەیەكی زمانی شیانی ئەوەی هەیە هەریەك لەو دوو پەیوەندییە پێك بهێنێت)) (سەلام ناوخۆش:٢٠٠٨:٤١)، كەواتە دەتوانین بڵێین،پەیوەندییە واتاییەكان لەئاستە جیاوازەكانی فۆنۆلۆجی و مۆرفۆلۆجی و سینتاكس و سیمانتیكدا بەدی دەكرێت.

### ٥/١ - ١) پەیوەندی ئاسۆیی

ئەم پەیوەندییە زۆرجار بە(تەكنشینی )یان (هەمنشینی) ناو دەبرێت، مەبەست((لەو پەیوەندییەیە، كەیەكەیەكی زمانیی لەگەڵ ئەوانی تردا، لەیەك كۆنتێكستدا هەیەتی، وەكو پەیوەندی نێوان وشەكانی ڕستەیەك یان پەیوەندی نێوان دەنگەكانی وشەیەك)). (شێروان حسێن خۆشناو:٢٠١١:٢٨ )،كەواتە مەرجی سەرەكی پەیوەندی ئاسۆیی ئەوەیە، كە یەكە زمانیەكان ئامادەبن

و دەربڕین و ((باشترین چەشنی سینتاگما (ئاسۆیی ڕستەیە))، (محەمەدی مەحوی: ٢٠٠٩: ب ١: ١٢٨)، بەلاّم سینتاگما لەخوار ئاستی ڕستەوەو لەسەرووی ڕستەشەوە (ڕستەی ئالۆز و دەق) هەیە و ئاکاری توخمێکی زمانیی،لەڕێی ئەو پەیوەندییانەوە دیاری دەکرێت،کە دەتوانن لە سینتاگمایەکدا لەگەڵ قەوارە زمانییەکانی دیکەدا لەلای ڕاست و چەپەوە بێت.(سەرچاوەی پێشوو، هەر ئەو لاپەڕەیە)

هەروەکو پێشتر باسمانکرد پەیوەندییە واتاییەکان لەئاستە جیاوازەکانی زماندا بەدیدەکرێت و پەیوەندی ئاسۆیی لەئاستی فۆنۆلۆژیدا، بریتییە لەو پەیوەندییەی، کە لەنێوان پێکهاتەی فۆنێمی وشەکاندا دروست دەبێت بەشێوەیەکی ئاسۆیی واتە ((ڕیزبوونی فۆنێمەکان هەڕەمەکی نیە، بەڵکو بەپێی ئەو یاسا فۆنۆلۆژییانەن کە لەزمانەکەدا ڕێگەیان پێدراوە)) .(شێروان حسێن خۆشناو:٢٠١١:٢٩)

بۆنمونە: لەوشەکانی (دەست)، (ڕۆژ)، (کچ)... دەبێت فۆنێمەکان بەپێی یاسا فۆنۆلۆژییەکانی زمانی کوردی ڕیزبکرێن و بەپێی یەکێك لەیاساکانی دروستکردنی برگە دروست کرابن.

هەروەها سەبارەت بەبوونی پەیوەندی ئاسۆیی لەئاستی مۆرفۆلۆجیدا، دەتوانین سەیری نمونەکانی (دڵخۆش)، (چاوشین) بکەین، دەبینین هەریەکە لەوشەکانی (دڵ) لەگەڵ (خۆش)، وە (چاو) لەگەڵ (شین) لەپەیوەندییەکی ئاسۆییدان و بەپێی یاساکانی دروستکردنی وشەی لێکدراو لەزمانی کوردیدا دروستکراون، بۆیە ناتوانین بڵێین: *خۆشدڵ، *شین چاو.

پەیوەندی ئاسۆیی لەئاستی سینتاکسدا بریتییە لەو پەیوەندییەی کە لەنێوان کەرەستە پێکهێنەرەکانی ڕستەکەدا هەیە، بۆ نمونە:

- ئازاد پەنجەرەکەی شکاند.

هەر سێ ڕەگەزی ئەم ڕستەیە (ئازاد) و (پەنجەرە) و (شکاند) لەپەیوەندییەکی ئاسۆییدان، چونکە بەپێی یاسا ڕێزمانییەکانی زمانی کوردی ڕیزکراون، لەهەموویان گرنگتر ئاستی واتاسازییە، چونکە پێویستە لەهەر یەك لەئاستەکانی فۆنۆلۆژیی و مۆرفۆلۆژی و سینتاکسدا ڕەچاوی واتا بکەین، واتە ئەو یەکەیەی کە بەرهەمی دەهێنین لەهەر یەك لەو ئاستانەدا، پێویستە واتاداربن و لەڕووی لۆجیکەوە گونجاوبن.

بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە سەیری ئەم نمونانە دەکەین:

- لەئاستی فۆنۆلۆژیدا ناتوانین بڵێین: *شاو، *یاو، *ماو...هتد.
- لەئاستی مۆرفۆلۆژیدا ناتوانین بڵێن: *باخکەلە، *شەکرستان...هتد.
- لەئاستی سینتاکسدا ناتوانین بڵێین: *ئازاد پەنجەرەکەی خوارد.

وەك دەبینین لەهەر یەك لەو نمونانەی ئەو سێ ئاستەدا بەپێی یاساکانی زمانی کوردی ڕیزکراون، بەڵام ناتوانین بڵێین ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی لەئاستی ئاسۆییدان، چونکە لەڕووی واتا و لۆجیکەوە نەگونجاون لەگەڵ زمانی کوردیدا.

## ٥/١ - ٢) پەیوەندی ستوونی

ئەم پەیوەندییە زۆرجار (جێنشینی) یشی پێ دەوترێت و ((پەیوەندییەکە لەنێوان یەکە زمانییەکاندا کەهەندێکیان دەتوانن لەشوێنی هەندێکی دیکەیان لەهەمان کۆنتێکستدا بێن)) (شێروان حسین خۆشناو ٢٠١١:٣١)

واتە پەیوەندی ستوونی جەخت لەسەر چەمکی (لەجیاتی دانان) دەکاتەوە، چونکە کاری ئەم پەیوەندییە ڕوونکردنەوەو ئاشکراکردنی ئەو یەکەیەیە کە دەتوانێت لەجیاتی یەکەیەکی تری ناو پێکهاتەکە بێت، کەواتە پەیوەندی ستوونی ((لەسەر بنەمای پەیوەندی یەکە نادیارەکانە)) (ابوالحسن النجفی: ١٣٩٠:٤٤)

پەیوەندی نێوان وشەکانی فەرهەنگ لەمێشکدایەو لەکاتی پێویستدا ئاماژەی بۆ دەکرێت، کە ئەمەش خاڵی جیاوازییەتی لەگەڵ پەیوەندی ئاسۆیی، چونکە ((پەیوەندی ئاسۆیی، لەسەر بنەمای پەیوەندی یەکە ئامادەبووەکانی پێکهاتەکەیە)) (سەرچاوەی پێشوو، هەر ئەو لاپەڕەیە)

پەیوەندی ستوونی لەهەرچوار ئاستەکەی زماندا بەدی دەکرێت، لەئاستی فۆنۆلۆژیدا، بریتییە لەپەیوەندی دەنگی نێوان وشەکان و گۆڕینی دەنگێك بەدەنگێکی تر، بەمەرجێك گۆڕینی دەنگەکە واتای وشەکە بگۆڕێت، لەم ڕێگەیەوە دەتوانین فۆنێمەکانی زمانێکی دیاریکراو دەستنیشان بکەین.(سەلام ناوخۆش:٢٠٠٨:٣٩)، بۆ نمونە: لەوشەکانی

شار
مار
دار
هار ↓

لەو نمونانەی سەرەوەدا فۆنێمەکانی (/ش/، /م/، /د/، /هـ/) لەپەیوەندییەکی ستوونیدان لەگەڵ یەکتر.

لەئاستی مۆرفۆلۆژیدا (( ئەو وشانەی، کە لەپەیوەندی پارادیگماتیکدان بەلای سۆسێرەوە بەسیستەم system ناودەبرێن)) (سەرچاوەی پێشوو :٣٧)

هەر بەپێی ئەو سیستەمەی زمان، وشەکان لەسەر بنەمای ئەو پەیوەندییە هاوبەشەی لەنێوانیاندا هەیە، پۆلێن دەکرێن، بۆ نمونە:

پەیوەندی ئاسۆیی

| پەیوەندی ستوونی | | | |
|---|---|---|---|
| | من ← | وانەکەم ← | نوسی. |
| | تۆ ← | کارەکەت ← | ئەنجامدا. |
| | ئەو ← | دیارییەکەی ← | بەخشی. |
| | ئێمە ← | نانەکەمان ← | خوارد. |

(هێڵکاری ٣: پەیوەندی ئاسۆیی و ستوونی)

لەو نمونانەدا دەبینین هەریەك لەڕەگەزەکانی (من)، (وانەکە)، (نوسی) لەگەڵ ژمارەیەك یەکەی هاوشێوەی خۆیان لەپەیوەندیدان.

(من) لەگەڵ (تۆ – ئەو - ئێمە...) لەپەیوەندی ستوونیدایە، (وانەکە) لەگەڵ کۆمەڵێك ناوی هاوشێوەی خۆی (کارەکە، دیارییەکە، نانەکە...) لەپەیوەندیدایە، هەروەها (نوسی) لەگەڵ ژمارەیەك کرداری هاوشێوەی خۆی (ئەنجامدا، بەخشی، خوارد...) لەپەیوەندی ستوونیدایە، ئەمە ئەو سیستەمەیە، کە لەم ڕێگەیەوە دروست دەبێت و ڕێگە خۆشکەرە بۆ جیاکردنەوەو دیاریکردنی بەشەکانی ئاخاوتن.

لە ئاستی واتاسازیشدا پەیوەندی ستوونی یارمەتیمان دەدات لەدیاریکردن و دۆزینەوەی پەیوەندییە واتاییەکانی نێوان وشەکان وەکو (سینۆنیم، ئەنتۆنیم، هایپۆنیم...هتد)، کە لە بەشی دووەمدا بەفراوانی لەسەر هەریەکێك لەو پەیوەندییانە دەدوێین.

## ٦/١) پەیوەندییە واتاییەکان: چەمك و پێناسەو جۆرەکانیان

### ٦/١ - ١) سینۆنیم

چەمکی سینۆنیم، نزیکی و لێکچوون لە واتادا دەگەیەنێت، بە شێوەیەك دوو یەکەی واتایی لە زماندا، دەربڕی یەك چەمك بن لە مێشکدا و بتوانن لەهەندێك دەوروبەری زمانیدا، لە بری یەکتر بەکاربهێنرێن بە بێ دروست بوونی گۆڕان لە واتادا، لەم بارەیەوە (ستیپانۆڤ) دەڵێت:((لێکچوونی چەند وشەیەك لەواتادا، هاوواتایە.)) (یو.س. ستیپانۆڤ: ١٩٧٥ : ١٥) هەروەها (یول) دەڵێت:((سینۆنیم بریتییە لە دوو وشە یان زیاتر، کە واتاکانیان زۆر نزیك و پەیوەندیدران

بەیەکەوە، بەشێوەیەك زۆرجار دەتوانین لە جێگای یەکتر بەکاریان بهێنین لە ڕستەدا.)) (yule:٢٠١٠ :١١٧)

بەم شێوەیە دەردەکەوێت، سینۆنیم ئاماژە بەلێکچوون لە واتادا دەکات، واتە دوو وشە یان دوو یەکەی واتایی، لە واتادا چوونیەکن و دەتوانن لەشوێنی یەکتر بەکاربهێنرێن، تا ئەو ڕادەیەی کە ڕێگە پێدراو بێت، دەتوانین لەم هێڵکاریەدا زیاتر پەیوەندی سینۆنیم ڕوون بکەینەوە:

وێنەی هۆشەکی



وشە ١ وشە ٢ وشە ٣ (محمد رضا باطنی:١٣٩٠: ٢٢٥)

(هێڵکاری ٤: پەیوەندی سینۆنیمی)

ئەم هێڵکارییە ئەوە پیشان دەدات، کە سینۆنیم دوو وشە یان دوو یەکەی زمانی یان زیاترە، کە دەربڕی یەك چەمك بن لە مێشکدا و بتوانن لە هەموو دەوروبەرێکی زمانیدا لە بری یەکتر بەکاربهێنرێن.

## ٦/١ - ١ - ١) جۆرەکانی سینۆنیم

سینۆنیمی وەك دیاردەیەك لە زماندا بارێکی چەسپاوی نییە، بەڵکو مەسەلەیەکی ڕێژەیی (نسبی) ە و بەپێی کات و شوێن گۆڕانی بەسەردا دێت، چونکە زمان بەپرۆسەی گەشەکردندا دەڕوات.

بەپێی ئەم گەشەکردنەش هەندێك لە وشەکان لە سینۆنیمی دەکەون و بەپێچەوانەشەوە هەندێکی تر، کە پێشتر سینۆنیم نەبوون، دەبن بەسینۆنیم. (کلیۆڤا. ڤ. ن: ١٩٦١: ٣) هەر لەم ڕوانگەیەوە دەکرێت، لە بارەی جۆرەکانی سینۆنیمەوە ڕاوبۆچوونی جیاواز هەبێت، لێرەدا بەکورتی تیشك دەخەینە سەر هەندێکیان:[5]

### ٦/١ - ١ - ١ - ١) سینۆنیمی تەواو

دوو وشە یان زیاتر بەتەواوی هاو واتابن لەگەڵ یەکتردا، هەروەها قسەپێکەرانی زمانەکەش بەهیچ جۆرێك هەست بەجیاوازی نێوانیان نەکەن، بەسەربەستیش بتوانن لە هەموو دەوروبەرێکدا ئاڵوگۆڕیان پێبکەن. (احمد مختار عمر: ١٩٩٨: ٢٢) بەڵام ئەمەش بەشتێکی دەگمەن دادەنرێت، چونکە زۆربەی زمانەوانان لەسەر ئەوە ڕێککەوتوون، کە سینۆنیمی تەواو لە زماندا

---

٥- بۆ زانیاری زیاتر لەسەر جۆرەکانی سینۆنیم، بڕوانە: شێروان حسین خۆشناو: ٢٠١١: ل ٦١-٧٠ ، کورش صفوی: ١٣٩٢: ل ١٠٦-١١٠.

نییە. هەروەکو (ئۆڵمان) دەڵێت: (( دەتوانرێت بوترێت سینۆنیمی تەواو حاڵەتێکی دەگمەنە لە زمانداو زمان بەئاسانی ناتوانێت نمونەی لەو جۆرەمان پێ بدات.)) (جون لاینز: ١٩٨٠ : ٧٥)، بەڵام بڕیاردان لەسەر نەبوونی سینۆنیمی تەواو لە زمانی کوردیدا کارێکی ئاسان نییە. (شێروان حسێن خۆشناو: ٢٠١١: ٦٣) چونکە کۆمەڵێك وشە هەن هەست بەهیچ جیاوازییەك ناکرێت لە نێوانیاندا، بەڵام ڕێژەکەیان زۆر کەمە وەکو:

ئازادیی = سەربەستی

بەندیخانە = زیندان

قوتابی = خوێندکار

قوتابخانە = خوێندنگا

کەواتە دەتوانین بڵێین بەو وشانە دەوترێت سینۆنیمی تەواو، کە دیارترین تایبەتمەندییان ئەوەیە، دەبێت بتوانن لە هەموو بارودۆخ و دەقێکدا جێگای یەکتر بگرنەوە بەبێ دروستبوونی کەمترین گۆڕان لەلایەنی هۆشەکی و سۆزییەوە.

### ٦/١ - ١ - ١ - ٢) سینۆنیمی ناتەواو

پەیوەندی نێوان دوو وشەیە، کە لە سیما واتاییە هۆشەکییەکاندا لەیەك بچن، بەڵام لە واتای لاوەکیدا لێکجیاواز بن. (عبدالواحید موشیر دزەیی: ٢٠١٤: ١٣٧) زۆرجار بوونی چەند زار و شێوەزارێك هۆکارێکە بۆ دروستبوونی ئەم جۆرە سینۆنیمە لە زماندا. وەکو:

کاڵەك = گندۆرە

ئێش = ئازار

بەڵێن = پەیمان

میمك = پوور

خاڵ = لالە

ئەو وشانەی کە دەبن بە سینۆنیمی ناتەواوی یەکتر لە ڕووی واتاییەوە ئەوەندە لێك نزیکن، زۆرجار بەئاسانی ناتوانرێت جیاوازی نێوانیان بکرێت، واتا جیاکردنەوەیان بۆ ئەوانەی، کە زمانەوان نەبن ئەستەمە.

### ٦/١ - ١ - ١ - ٣) سینۆنیمی دەوروبەر

لەم جۆرەدا دوو یەکەی واتایی دەبن بە سینۆنیمی یەکتر، بەپێی ئەو دەوروبەرەی کە تێیدا بەکارهاتوون، واتە وشەکان لە فەرهەنگدا هیچ پەیوەندییەك لە نێوانیاندا نیە، بەڵکو تەنها لە

دەوروبەری بەکارهێناندا دەبنە سینۆنیمی یەکتر، بەجۆرێك ((بەو وشانە دەوترێت، کە بەگوێرەی دەوروبەر بتوانن جێگەی یەکتر بگرنەوە.)) (شێروان حسێن خۆشناو: ۲۰۱۱: ٦٥) وەکو:

خوێندکارەکە جوان وەڵامی دایەوە.

خوێندکارەکە باش وەڵامی دایەوە.

لەو دوو ڕستەیەدا هەردوو وشەی (جوان) و (باش) دەبن بە سینۆنیمی دەوروبەربەند، چونکە هەردووکیان یەك واتا دەگەیەنن، هەرچەندە لە بنەڕەتدا هەریەکەیان واتای سەربەخۆ و جیاوازیان هەیە، هەروەها لە ڕستەکانی:

چاوەڕێکە ئێستا دێم.

بوەستە ئێستا دێم.

دەبینین لەو دوو ڕستەیەدا (چاوەڕێکردن) و (وەستان) دەبنە سینۆنیمی دەوروبەندی یەکتر.

٦/١ - ١ - ١ - ٤) سینۆنیمی سیگنی فاکت (ئەبستراکت)

دیارترین جۆری سینۆنیمە، کە یەکە واتاییەکان بەشێوەی گرووپ یەك چەمك دەردەبڕن، بەڵام بەپێی ئەو تایبەتمەندییانەی لە چوارچێوەی چەمکەکەدا هەن لێکجیادەکرێنەوە. (یو.س.ستیپانۆڤ: ١٩٧٥: ٣٤)

ئەم جۆرەی سینۆنیم زیاتر لە چوارچێوەی مۆرفیمە بەندەکاندا سودی لێوەردەگیرێت، بۆ نمونە: مۆرفیمە داڕێژەکانی ناوی شوێن یان ناوی پیشە و ئەبستراکت و بچوککردنەوە، هەریەك لەو مۆرفیمە بەندانە گرووپێکیان پێك هێناوە، بەیەکەوە لە چوارچێوەی بازنەیەکی داخراودا کاردەکەن، کەواتە خاوەنی یەك چەمکن، وەکو:




یان بۆ نمونە لە وشەکانی (خواردنگە، کوردستان، بەردەڵان، شەکردان) مۆرفیمە داڕێژەرەکانی ناوی شوێن، واتای ناوی شوێنیان بەئەو وشانە بەخشیوە، کەواتە هەموویان لە یەك چەمکدا هاوبەشن، ئەویش چەمکی (شوێن)ە، بۆیە دەتوانرێت بەسینۆنیمی یەکتر لەجۆری سیگنی فاکت دابنرێن، چونکە لە ئەرکیاندا بەرامبەر یەکتر دەوەستن و چەمکێکی گشتی هاوبەش کۆیان دەکاتەوە، بەڵام هاوکات ((بەهۆی ئەو جیاوازییانەی لە ئەنجامی وردکردنەوەو شیتەڵکردنی

چەمکەکەدا دێتە ئاراوە لێك جیادەبنەوە، هەر لەبەرئەمەشە ناتوانرێت جێگۆڕکێیان پێ بکرێت.)) (سازان زاهیر سەعید، ۲۰۱۳: ٦٠) واتە ناتوانین بڵێین: *شەکرستان ، *خواردندان...

٦/١ - ١ - ١ - ٥) سینۆنیمی دیناتات (کۆنکرێت)

ئەو وشانە دەگرێتەوە کە لە قاوغی فۆنەتیکییاندا جیاوازن، بەڵام دەبن بەناولێنەر بەرامبەر بەکەرەستەیەك لەسروشتدا، سەرەڕای ئەوەی هەریەکە لە وشەکان خاوەنی چەمکی تایبەتی خۆیانن. (یو.س.ستیپانۆڤ: ١٩٧٥: ٣٣) وەکو:

ژوور : هۆدە

دەرگا : قاپی

تووك : موو

کەوچك : مڵاك

کەڵەشێر : کەڵەباب

٦/١ - ١ - ١ - ٦) سینۆنیمی شاراوە

دوو وشە یان زیاترە، کە لە واتای شاراوەیاندا لەگەڵ یەکتر هاوواتان، ئەم جۆرە سینۆنیمە زیاتر لە واتای پراگماتیکدا دەردەکەوێت، بەشێوەیەك ((زۆرێك لە وشەکانی هەر زمانێك جگە لە واتا فەرهەنگی و بۆ ماوەییەکانیان، کە هەیانە بەپێی سیما یاخود پێکهاتە واتاییە بنەڕەتیەکانیان دەکرێت، لە بەکارهێنانە پراگماتیکییەکانیاندا چەندین واتای نوێیان لێ بار بکرێت و بەپێی شیان لە جێگەی گونجاودا لە کردەی گەیاندندا ڕۆڵی چالاکانە ببینن.)) (هۆگر مەحمود فەرەج: ٢٠٠٥: ١٢٩) وەکو:

- دەڵێی ئاسکە.
- دەڵیی ئەسپە.

لەو ڕستانەدا هەردوو وشەی (ئاسك) و (ئەسپ) واتا فەرهەنگییەکەیان (+ ئاژەڵ)ە، بەڵام هەردووکیان لە واتای پراگماتیکدا (+جوانی، +خێرایی) ن، بۆیە دەتوانین بڵێین (ئەسپ) و (ئاسك) لە واتای شاراوەدا دەبنە سینۆنیمی یەکتر لەو ڕستانەدا.

٦/١ - ١ - ١ - ٧) سینۆنیمی شیکردنەوەیی

ئەم جۆرە سینۆنیمە ((بریتییە لە وشەیەك، کە بەهۆی وشەیەکی دیکەوە شیدەکرێتەوە، پەیوەندی نێوانیشیان لە ڕووی واتاییەوە دەبێت بەسینۆنیم.)) (شێروان حسێن خۆشناو ٢٠١١: ٦٦) وەکو:

شوبرا = برای مێرد

مام = برای باوك

پوور = خوشكی دایك، خوشكی باوك

هەروەها ئەم جۆرە لە سینۆنیم، لە نێوان ئەكرۆنیم و وشە سەرەكییەكاندا هەیە، ئەكرۆنیم ((ئەو وشە نوێیانەن، كە لە پیتە سەرەتاییەكانی دەستەیەك وشە پێكهاتووە.)) (yule، ٢٠١٠ : ٥٨) بەم پێیە، پیتە وەرگیراوەكان دەبن بەسینۆنیم لەگەڵ وشە بنەڕەتیەكاندا، وەكو:

یەپەژە = یەكینەكانی پاراستنی ژن.

یەپەگە = یەكینەكانی پاراستنی گەل.

ی ن ك = یەكێتی نیشتیمانی كوردستان.

ی م ك = یەكێتی مامۆستایانی كوردستان.

## ٦/١ - ٢) ئەنتۆنیم

چەمكی ئەنتۆنیم دژیەك بوون یاخود پێچەوانەبوون لە واتادا دەگەیەنێت، واتە ناسینەوە و تێگەیشتن و دانانی وشەیەك، بەواتای نكۆڵیكردن و پێچەوانەبوونی وشەیەكی تر دێت. (sharad rajimwale، ٢٠١١ : ١٤٣) ئەم پەیوەندییە، پەیوەندییەكی دوو قۆڵییە، كە لە نێوان دوو یەكەی واتاییدا دروست دەبێت.

## ٦/١ - ٢ - ١) جۆرەكانی ئەنتۆنیم

### ٦/١ - ٢ - ١ - ١) ئەنتۆنیمی تەواوكەری

زۆرجار بە (بەرامبەریی) ش ناودەبرێت، ((لەم جۆرەی ئەنتۆنیمدا نەرێی یەكێك لە وشەكان سەلمێنەری بوونی وشەكەی ترە.)) (كورش صفوی ١٣٩١: ٧٢) واتە ڕەتكردنەوەی یەكێكیان پەسەندكردنی ئەوی تریانە، هەروەها بەپێچەوانەشەوە، وەكو:

زیندوو × مردوو

كوژاوە × داگیرساو

سەڵت × خێزاندار

لەو نمونانەدا، كە دەڵێین زیندوو نییە، واتە مردووە، ئەمە پیشانی دەدات، ئەو دوو وشەیە بەتەواوی دژی یەكترن، ئەنتۆنیمی تەواوكەری بە ئەنتۆنیمی (بێ پلە) ش ناودەبرێت، واتە پلەبەندی لە نێوان وشە دژواتاكاندا نیە و هەریەكەیان جەمسەرێك دەگرن، بۆنمونە كەدەڵێین: ئەو كۆترە نێرە. ئەوا ئەو ڕاستییەمان ڕەتكردووەتەوە، كە (مێ) بێت، كەواتە لە نێوان (نێر و

مێ) دا پلە نیە و هەریەکەیان جەمسەرێك دەگرن، ئەوەی لەم جەمسەرە نەبێت، لە جەمسەرەکەی ترە.(عبدالواحید موشیر دزەیی: ٢٠٠٩: ٩٧)

### ٦/١ - ٢ - ١ - ٢) ئەنتۆنیمی پلەدار

لەم جۆرەدا لەگەڵ کۆمەڵێك ئاوەڵناو ڕووبەڕوو دەبینەوە، کە دەتوانن پلەکانی (تر، ترین) وەربگرن هەر لە بەر ئەم هۆیەشە دەبنە ئەنتۆنیمی پلەدار. (ابراهیم چگنی: ١٣٨٢: ٣٠) وەکو:

سارد × گەرم

گەنج × پیر

درێژ × کورت

لە ئەنتۆنیمی پلەداردا بە پێچەوانەی ئەنتۆنیمی تەواوکەرییەوە، لێرەدا نەرێی یەکێکیان سەلمێنەری ئەوی تریان نیە، کاتێك دەڵێین: ئاوەکە گەرم نیە. ئەوا مەرج نیە سارد بێت، بەڵکو ڕەنگە شلەتێن بێت، واتە لێرەدا لە نێوان وشە دژیەکەکاندا جەمسەرگرتنی تێدا نیە.

### ٦/١ - ٢ - ١ - ٣) ئەنتۆنیمی دووسەرە

زۆرجار ئەنتۆنیمی (پێچەوانەیی) شی پێدەوترێت، لەم جۆرەدا پەیوەندی نێوان دوو وشەکە، پەیوەندییەکی دوو سەرەیە لەگەڵ یەکتر. (کورش صفوی: ١٣٩١: ٧٣) بۆنمونە ئەگەر: ئاڵا ژنی ئاری بێت. ئەوە دەبێت: ئاری مێردی ئاڵا بێت.

لە نمونەکانی ئەنتۆنیمی دووسەرە ئەمانەن:

کڕین × فرۆشتن

پێدان × وەرگرتن

ژن × مێرد

### ٦/١ - ٢ - ١ - ٤) ئەنتۆنیمی ئاراستەیی

ئەم جۆرە لە ئەنتۆنیم بۆ یەکەمجار لەلایەن (فیلمۆر) ەوە خرایەڕوو، (کورش صفوی: ٢٠٠٦: ٦) لە نمونەی بەرچاوی ئەنتۆنیمی ئاراستەیی (هاتن × ڕۆیشتن) ە، چونکە (هاتن) بەگوێرەی (ڕۆیشتن) پێویستی بە جووڵە هەیە بە ئاراستەی قسەکەر یان گوێگر، هەروەها لە نمونەکانی تر:

هێنان × بردن

پاڵنان × ڕاکێشان

بۆیە دەتوانین بڵێین ئەو وشانەی، کە دەچنە خانەی ئەنتۆنیمی ئاراستەییەوە، لە ڕووی ئاراستەوە پێچەوانەی یەکترن، واتە یەکێکیان نزیکبوونەوەیە لە قسەکەر یان گوێگر، ئەوی تریان دوورکەوتنەوەیە لێی.

**٦/١ - ٢ - ١ - ٥) ئەنتۆنیمی لێکسیکی**

ئەم دەستە ئەنتۆنیمە ئەو وشانە دەگرێتەوە، کە بە یارمەتی مۆرفیمی نەرێ دەبنە ئەنتۆنیمی یەکتر. (سەرچاوەی پێشوو: ١٣) لە ئەنتۆنیمی لێکسیکی دا، یەك وشەی سەربەخۆ لە زماندا هەیەبۆ بە دەستهێنانی وشە پێچەوانەکەی، هەر زمانێك پەنا دەباتە بەر مۆرفیمە نەرێکانی ناو زمانەکەی خۆی، لەو ڕێگەیەوە وشەیەکی نوێ دادەڕێژێت، کە لە ڕووی واتاوە پێچەوانەی وشە بنچینەییەکەیە. وەکو:

بەئاگا × بێ ئاگا

ئاسایی × نائاسایی

زانا × نەزان

لە زمانی کوردیدا کۆمەڵێك مۆرفیمی نەرێ کردنمان هەیە، دەتوانین لە ڕێگەی ئەو مۆرفیمانەوە ئەنتۆنیمی لێکسیکی پێ بەرهەم بهێنین، ئەوانیش مۆرفیمەکانی (نە، نا، بێ)ن.

**٦/١ - ٣) هایپۆنیم**

هایپۆنیم بە یەکێك لە پەیوەندییە واتاییەکان دادەنرێت، (یول) بەم شێوەیە پێناسەی دەکات:((کاتێك واتای یەك فۆرم بوونی هەیە، لە واتای فۆرمێك یاخود چەند فۆرمێکی تردا، بەو پەیوەندییە دەوترێت هایپۆنیم.)) (yule: 2010: 118) بۆ نمونە کە دەڵێین (گوڵ) واتاکەی ئەوەندە فراوانە، کە بوونی هەیە لە واتای وشەکانی (نەسرین، شەوبۆ، مێخەك)، کەواتە مەبەست لە هایپۆنیم ئەوەیە ((کە دوو وشە یەکێکیان واتاکەی گشتی بێت و ئەوی تریان تایبەتی بێت، لەم بارەدا واتا گشتییەکە واتا تایبەتییەکە دادەپۆشێت، یان بەواتایەکی تر واتا تایبەتییەکە دەچێتە ناو واتا گشتییەکەوە.)) (سازان ڕەزا معین: ٢٠٠٥: ٢٢) بەشێوەیەکی گشتی بۆ پیشاندانی پەیوەندی نێوان ئەندامەکانی هایپۆنیم سێ زاراوە بەکاردەهێنرێت:

١. گشتگیر: ئەو وشەیە، کە واتاکەی ئەوەندە فراوانە واتای وشەکانی تریش دەگرێتەوە وەکو وشەی (گوڵ).

٢. ژێرگیر: هەریەك لەو وشانە دەگرێتەوە، کە دەکەونە ژێر گشتگیرەوە واتە (مێخەك) دەبێتە ژێرگیر بۆ (گوڵ)، دیارترین تایبەتمەندی هایپۆنیم ئەوەیە، کە ژێرگیر جۆرێکە لە گشتگیر.

٣. هاوگیر: هەریەك لە وشەکانی ژێرگیر پەیوەندییەك پێکەوە دەیانبەستێتەوە و دەبنە هاوگیر لەگەڵ یەکتر، بۆ نمونە (نەسرین، شەوبۆ، مێخەك) هاوگیری یەکترن، چونکە هەموویان لە ژێر یەك وشەی گشتیدان.

### ٦/١- ٣ - ١) جۆرەکانی هایپۆنیم

**٦/١ - ٣ - ١ - ١) هایپۆنیمی هاوناو:** یەکێکە لە جۆرەکانی هایپۆنیم، ئەمە کاتێك دروست دەبێت ئەگەر هاتوو وشەی گشتگیر لە هەمان کاتدا یەکێك بێت لە جۆرەکانی ژێرگیر. (کورش صفوی: ١٣٨٤: ٦٦) وەکو:




(هێڵکاری ٥: هایپۆنیمی هاوناو)

دەبینین (هەڵۆ) بووەتە گشتگیر، چونکە سێ جۆر لەم باڵندەیەمان هەیە، لە هەمان کاتدا هەڵۆ دەبێتە ژێرگیر، چونکە یەکێکە لە جۆرەکانی.

**٦/١ - ٣ - ١ - ٢) هایپۆنیمی ناهاوناو :** بە پێچەوانەی جۆری یەکەمەوەیە وشەی گشتگیر نابێتە یەکێك لە جۆرەکانی ژێرگیر. (سەرچاوەی پێشوو: هەر ئەولاپەڕەیە) وەکو:




(هێڵکاری ٦: هایپۆنیمی ناهاوناو)

وەك دەردەکەوێت (مزرەمەنی) بووەتە گشتگیر بۆ (نارنج و لیمۆ و پرتەقاڵ)، بەڵام وشەی مزرەمەنی نەبووەتە یەکێك لە جۆرەکانی ژێرگیر، هایپۆنیم بابەتێکی جیهانیی (یونڤێرساڵ) ە، بەڵام لە هەر زمانێکدا تایبەتمەندی خۆی هەیە، لە زمانی کوردیدا پەتاتە ناچێتە ڕیزی سەوزەواتەوە، بەڵام لە زمانی ئەڵمانیدا دەچێتە ڕیزی سەوزەواتەوە. (فاروق عومەر صدیق: لێکسیکۆلۆجی: ٢٠١٤)

### ٦/١ - ٤) پۆلیسیمی

یەکێکە لە جۆرەکانی پەیوەندییە واتاییە زۆر ئاشناکان، (بەرانیکۆڤا) بەم شێوەیە پێناسەی دەکات:((هێز و توانای وشە لە بەدەستهێنانی واتایەکی تر، بەکارهێنانی ئەو واتایە، ئەمڕۆ لە پاڵ واتا سەرەکیەکەیدا پێی دەوترێت پۆلیسیمی.)) (فاروق عومەر صدیق: لێکسیکۆلۆجی: ٢٠١٤) هەروەها (ڕۆزمنتەڵ) دەڵێت:((ئەو کۆمەڵە وشەیەیە، کە واتایەك دەیانبەستێت بەیەکەوە، کە لە ئەنجامی گەشەسەندنی واتای یەکەمی وشەکەوە هاتوونەتە کایەوە.)) (ڕۆزمنتەڵ: ١٩٧٦: ١٧٨) واتە

هەبوونی واتایەك چەند وشەیەك پێکەوە دەبەستێتەوە، کە هەموویان داکەوتەی واتای یەکەمی وشەکەن.

هەموو وشەیەك لە زماندا واتایەکی فەرهەنگی هەیە، پێی دەوترێت (واتای یەکەم)، وەکو /دەست/ واتا فەرهەنگییەکەی (ئەندامی لەش) ە، بەڵام کە واتایەکی تری لێ بارکرا، پێی دەوترێت (واتای دووەم، یان واتای بارکراو)، وەکو: دەست بڵاو، دەست ڕۆیشتوو، دەستبڕ، دەست و برد... ئەمانە پێیان دەوترێت واتای دووەم، ئەم واتای دووەمە پێی دەوترێت پۆلیسیمی. (فاروق عومەر صدیق: لێکسیکۆلۆجی: ٢٠١٤)

دەتوانین پەیوەندی واتایی پۆلیسیمی لەم هێڵکارییەدا زیاتر ڕوون بکەینەوە:(محمد رضا باطنی:١٣٩٠: ٢٣٠)




(هێڵکاری ٧: پەیوەندی پۆلیسیمی)

وەك لە هێڵکارییەکەدا دەردەکەوێت، لە پەیوەندی پۆلیسیمیدا یەك وشە پەیوەندی لەگەڵ چەندین وێنەی هۆشەکی هەیە، هێڵە پچڕپچڕەکەی نێوان وێنە هۆشەکییەکان ئەوە پیشان دەدات، کە لە نێوان وێنە هۆشەکییەکاندا پەیوەندییەکی دوو لایەنە هەیە، واتە چەمك و بیری هاوبەش بەیەکەوە دەیانبەستێتەوە، بەڵام ئەگەر هیچ پەیوەندییەك لە نێوان وێنە هۆشەکییەکاندا نەبووایە، ئەوا دیاردەیەکی تر سەری هەڵدەدا ئەویش هۆمۆنیم بوو.

پۆلیسیمی ((تایبەتییەکی گرنگی زمانە و ناشێت بە کورتکردنەوە دابنرێت، لە نەبوونی فرەواتاییدا دەبوو بۆ هەر واتایەك (ناولێنراوێك) وشەیەك دابنرێت.)) (محەمەدی مەحوی: ٢٠٠٩: ب١: ١٠٨)

کەواتە پۆلیسیمی هۆکارێکی سەرەکی ئاسانکردنی بەکارهێنانی زمانە، چونکە ئەگەر پۆلیسیمی نەبووایە، دەبوو بەرامبەر هەر شت و واتایەك وشەیەك هەبێت لە زماندا، کە بێگومان ئەمە دەبووە هۆی ئاڵۆزی لە زماندا و ئەرکی قسەکەرانی زۆر زیاتر دەکرد.

پۆلیسیمی بە ڕێگەی جیاواز دێتە کایەوە، دیارترینیان ڕێگەی خواستن (استعارە) یە، پەیداکردنی واتای نوێ لەڕێی خواستنەوە، لەسەر بنەمای هەبوونی پەیوەندی لە نێوان واتای هۆشەکی وشەکە و واتا خواستراوەکەدا دەبێت، بەجۆرێك (ئۆڵمان) پێی وایە:((خاڵی هاوبەشی نێوان دوو چەمك دەبێتە هۆی ئەوەی وشەیەك لەبری وشەیەکی تر بەکاردەهێنرێت.)) (کورش صفوی: ١٣٩٢: ٢٦٧)

هەروەها (یاکوبسن) دەڵێت: ((خواستن بریتییە لە هەڵبژاردنی (دانان) ی نیشانەیەك، لەبری نیشانەیەکی تر لەسەر تەوەری جێنشینی و لەسەر بنەمای لەیەکچوون.)) (سەرچاوەی پێشوو: هەر ئەو لاپەڕەیە)، بۆ نمونە: کە دەوترێت (سەری هەڵدایەوە)، واتە: سەری مەنجەڵ یان شتێکی بەرجەستەی هەڵدایەوە، لەمەوە واتاکە خواستراوە بۆ سەرهەڵدانەوەی کێشە، واتە بووەتە سەرهەڵدانەوەی شتی ئەبستراکت، خاڵی هاوبەشی نێوان ئەو دوو جۆرە سەرهەڵدانەوەیە، بریتییە لە دووبارە بزووتنەوە و جووڵە.

### ٦/١ - ٥) هۆمۆنیم

وشەیەکی یۆنانییە، بە واتای هەمان دەربڕین دێت، واتە ئەو کۆمەڵە وشەیە، کە هیچ پەیوەندییەکیان بەیەکەوە نییە، تەنیا لە ڕووی دەربڕینەوە لێکدەچن. (تالیب حسێن عەلی: ٢٠١١: ٩٣)، هەر بۆیە لە هۆمۆنیمدا واتاکان بۆ دوو وشەی جیاواز دەگەڕێنەوە و هەڵقوڵاوی یەك ڕەگەز و بنچینە نین، لە کاتێکدا لە پۆلیسیمیدا واتا جیاوازەکان لە یەك بیرۆکەی بنەڕەتییەوە، یاخود لە یەك چەمکەوە وەردەگیرێن.

هۆمۆنیم بەپێچەوانەی پۆلیسمییەوە، نیشانەیەکی تایبەتی لێکسیمەکانی زمان نیە، هەروەها ئەرکێکی زۆرتر لە پێویست بۆ تێگەیشتن و لەیەکتر گەیشتن دەخاتە سەر قسەکەر و گوێگر و سەر کردەی پەیوەندیکردن و گفتوگۆکردن، بەتایبەتی بۆ سەر ئەو کەسانەی فێری زمانێکی بیانی دەبن. (محەمەدی مەحوی: ٢٠٠٩:ب١: ١٠٣)

### ٦/١ - ٥ - ١) جۆرەکانی هۆمۆنیم

٦/١ - ٥ - ١ - ١) هۆمۆنیمی تەواو: یەکە واتاییەکان لە نوسین و دەربڕیندا وەك یەکن، بەڵام لە واتادا جیاوازن. وەکو:

| باز: | شاڵ: |
|---|---|
| ١. جۆرێکە لەباڵندە | ١. جۆرێکی قوماشی کوردی |
| ٢. بازدان | ٢. پارچەی قاپ شتن |

٦/١ - ٥ - ١ - ٢) هاوپیت: دوو یان چەند فۆرمێك بە یەك شێوە دەنوسرێن، بەڵام لە خوێندنەوەدا جیاوازن لەیەکتر. وەکو:

| هەمانە: | مردن: |
|---|---|
| ١. کیسە | ١. کۆچی دوایی کردن |
| ٢. هەبوونی شتێك | ٢. ئەوان مردن |

له هاوپیتدا نوسینی فۆرمەکان بەتەواوی وەکو یەکن، بەڵام له کاتی خوێندنەوەدا ئاواز و شوێنی دانانی سترێس له سەر وشەکه جیاوازن له یەکتر، بۆ نمونه، که دەڵێین: (هەمانه) ئەگەر سترێس لەسەر بڕگەی (هە) دابنێین، واتاکەی دەبێته: (ئەو شتەمان هەیه)، بەڵام ئەگەر سترێس لەسەر بڕگەی دووەم دابنێین، واتاکەی دەبێته (کیسه).

٦/١ - ٥ - ١ - ٣) هاودەنگ: چەند فۆرمی جیاواز که وەك یەك دەخوێنرێنەوه، بەڵام له نوسیندا جیاوازن، بەبێ ئەوەی هیچ پەیوەندییەك له نێوان واتاکانیاندا هەبێت، نمونەی هاودەنگ له زمانی ئینگلیزی دا زۆره. وەکو:

Night واته: شەو

Knight واته: ئەسپ سوار، هەردووکیان به (نایت) دەخوێنرێنەوه.

بەڵام سەبارەت به هەبوونی هاودەنگ له زمانی کوردیدا، دوو بۆچوونی جیاواز هەیه، یەکەمیان دەڵێت: ((هاودەنگ له زمانی کوردیدا نیه.)) (محەمەد مەعروف فەتاح: ٢٠١١: ١٧٤)، بۆچوونی دووەم پێی وایه، هاودەنگ له زمانی کوردیدا بەئاسانی دەبینرێت. (محەمەدی مەحوی: ٢٠٠٩: ب١: ١٠٦)، بۆ سەلماندنی ئەمەش کۆمەڵێك نمونەی باسکردووه. وەکو:

دەم و دەست، واته: دەم لەگەڵ دەست.

بەڵام (دەمودەست) واته: دەستبەجێ.

هەروەها: پێگرتن، واته: کەوتنه سەرپێی منداڵ.

بەڵام پێ گرتن، واته: گرتن بەئامێری وەك دەزگر و مەقاش.

## ٦/١ - ٦) میرۆنیمی

میرۆنیمی یەکێکی تره لەجۆرەکانی پەیوەندییه واتاییەکان، له زمانی کوردیدا زاراوەی (بەش له گشت) ی بۆ دانراوه، پەیوەندی نێوان (بەش) به (گشت) ەوه له نێوان دوو چەمکدا دەخاتەڕوو.

مەبەست له (گشت): ئەو وشەیەیه، که توانای ئەوەی هەبێت ببێته چەقی واتایی کۆمەڵەیەك، ئەم کۆمەڵە بەهۆی خولگەیەکی واتاییەوه بۆ خۆی ڕابکێشێت، بۆ نمونه: (چاو) دەبێته چەقی واتایی بۆ وشەکانی (بیلبیله، گلێنه، سپێنه، برژانگ...) واته بەشەکان له خولگەی گشتدا دەسوڕێنەوه، هەروەها بەشەکانیش جارێکی تر دەتوانن ببنەوه بەگشت، ئەگەر ئەو توانایەیان هەبێت وشەی تر بۆخۆیان ڕابکێشن.[٦] زاراوەی میرۆنیمی بەکاردەهێنرێت بۆ پەسن کردنی ئەو

---

٦- بڕوانه: عەبدوڵا عەزیز محەمەد: ٢٠٠٥: ٥٩- ٧٠.

پەیوەندی بەش و گشتەی، کە لە نێوان بەشە لێکسیکییەکاندا هەیە، بۆ نمونە: بەرگ و لاپەڕە میرۆنیمی کتێبن (saeed: ٢٠٠٩: ٧٠)

بەهەمان شێوەی هایپۆنیم لە میرۆنیمیشدا پۆلێن کردن بە شێوەی هەرەمیی دەبێت، وەکو:




(هێلکاری ٨: پەیوەندی میرۆنیمی)

بەڵام دیارترین جیاوازییان ئەوەیە لە میرۆنیمدا ئەو وشەیەی، کە دەبێتە بەش بەشێکە لەگشت، نەک جۆرێك بێت لێی، بۆ نموونە (تایە) بەشێکە لە (ئۆتۆمبێل)، بەڵام لە هایپۆنیمدا ژێرگیر جۆرێکە لە گشتگیر، نەك بەشێك بێت لێی، بۆ نموونە (نەسرین) جۆرێکە لە گوڵ، نەك بەشێك بێت لە گوڵ. (منقور عبدالجلیل: ٢٠٠١: ٩٣)

## ٦/١ - ٦ - ١) جۆرەکانی میرۆنیم

**٦/١ - ٦ - ١ - ١) میرۆنیمی هاوناو:** ئەم جۆرە لە میرۆنیم کاتێك دروست دەبێت، کە چەمکی گشت لە هەمان کاتدا ببێتە یەکێك لە جۆرەکانی بەش. وەکو:




(هێڵکاری ٩: میرۆنیمی هاوناو)

وەك لە نمونەکەدا دەردەکەوێت (دەست) دەبێتە گشت بۆ بەشەکانی (ئانیشك، مەچەك، دەست)، هەروەها (دەست)، کە بووەتە بەش دووبارە دەتوانێت ببێتەوە بە گشت، چونکە لە مەچەکەوە تا سەری پەنجە دەگرێتەوە، هەربۆیە لە پەیوەندی میرۆنیمیدا دەگونجێت وشەیەك هەم جێگای بەش بگرێت، هەم جێگای گشتیش بگرێت. (کورش صفوی: ١٣٩٢: ١٠٣)

**٦/١ - ٦ - ١ - ٢) میرۆنیمی ناهاوناو: لێرەدا ئەو وشەیەی کە دەبێتە گشت، نابێتە یەکێک لە جۆرەکانی بەش. وەکو:**




**(هێڵکاری ١٠: میرۆنیمی ناهاوناو)**

**وەك لە نمونەکەدا دەردەکەوێت (درەخت) کە (گشت) ە، نابێتە یەکێك لە جۆرەکانی بەش.**

**٦/١ - ٧) ئەندام وشە**

**یەکێکی ترە لە جۆرەکانی پەیوەندییە واتاییەکان ((بریتییە لەو پەیوەندییەی، کە لە نێوان ئەو وشەدایە کە بۆ یەکەیەك دادەنرێت، لەگەڵ ئەو وشەیەی کە دەبێتە گرووپی یەکەکان)) (saeed، ٢٠٠٩ : ٧١) بۆ نمونە ئەو پەیوەندییەی لە نێوان (ئەسپ) و (ڕەوە) دا هەیە یان لە نێوان (درەخت) و (جەنگەڵ) دا هەیە، لەم بارەدا بە (ئەسپ) دەوترێت (ئەندام)، بەڕەوە دەوترێت (کۆمەڵە)، واتە: کۆمەڵێك (ئەسپ)، (ڕەوە) پێکدەهێنن، هەروەها کۆمەڵێك (درەخت)، (جەنگەڵ) دروست دەکەن، دەگونجێت ئەو وشەیەی کە دەبێتە (کۆمەڵە) ناوی ئەندامەکانی لە چەند جۆرێکی جیاواز پێکهاتبن. بۆنمونە دەتوانین بڵێین (ڕەوە ئەسپ) یان (ڕەوە بەراز)، واتە: (ڕەوە) بووەتە کۆمەڵە بۆ ئەسپ و بووەتە کۆمەڵە بۆ بەرازیش، هەروەها دەبێت ئاگاداری ئەو خاڵە بین، بەراز جۆرێك نیە لە ڕەوە واتە لە نێوان ئەو دوو وشەیەدا پەیوەندی هایپۆنیم دەرناکەوێت، لەلایەکی تریشەوە چەند بەرازێك پێکەوە ڕەوە بەراز پێکدەهێنن، لە کاتێکدا چەند پەنجەیەك پێکەوە دەست پێکناهێنن، بەم شێوەیەش دەتوانین جیاوازی بکەین لە نێوان ئەندام وشە و میرۆنیمدا. (فاروق عومەر صدیق لێکسیکۆلۆجی: ٢٠١٤)**

## ٧/١) پەیوەندییە واتاییەکان لەئاستی فۆنۆلۆژیدا

**زمان بەگشتی لە چەند دەنگێکی دیاریکراو پێکدێت، ئەو دەنگانە دەبنە بناغەی پێکهاتنی هەموو ئەو کەرەستانەی، کە لە ئەنجامی کۆبوونەیان لەگەڵ یەکتردا کەرەستەی لە خۆیان گەورەتر پێکدەهێنن، کە زمانەکەیە، هەروەها لێکۆڵینەوە لە دەنگەکان وەکو بچوکترین یەکەی زمانی، کە لە ڕێکخستن و ڕیزکردنی ئەو دەنگانە یەکەی زمانی گەورەتر دروست دەکرێت، ناونراوە زانستی فۆنۆلۆژی.**

واتە بەو بەشەی زانستی زمان دەوترێت فۆنۆلۆژی، کە گرنگی بە لێکۆڵینەوەی دەنگەکانی زمانێکی دیاریکراو دەدات، بەمەبەستی خستنەڕووی ئەرکی ئەو دەنگانە لە ناو سیستەمی پەیوەندیکردندا.

فۆنێم، کە دانەی سەرەکی ئاستی فۆنۆلۆژییە، لە چەندین ڕوانگەوە پێناسەی بۆ کراوە، یەکێك لەو پێناسانەش لە ڕوانگەی ئەرکییەوە کراوە، کە پێی وایە ((فۆنێم بچوکترین دانەیە، کە ئەرکی جیاکردنەوەی واتا دەگرێتە ئەستۆ.)) (عبدالواحید موشیر دزەیی: ٢٠١١: ٣٥) هەر لەسەر بنەمای ئەم جیاکردنەوەی واتایەش فۆنێمەکانی زمانێك دیاری دەکرێت، لە ڕێگەی بەرامبەر کردنیانەوە لەگەڵ یەکتردا، کە پێی دەوترێت (جووتۆکە Minimal pair). (وریا عومەر ئەمین: ٢٠٠٩: ١٠) بەم شێوەیە:

خوار: چوار

لەو دوو وشەیەدا هەموو فۆنێمەکان وەك یەکن، تەنها یەك فۆنێم نەبێت، کەواتە ئەو تاکە فۆنێمە بووەتە هۆی گۆڕینی واتای وشەکە، ئەمەش دەیسەلمێنێت کە /خ/ ، /چ/ دوو فۆنیمی سەربەخۆن لە زمانی کوردیدا، بۆیە دەتوانین بڵێین: ((هەموو فۆنیمێك هەڵگری واتایە، بەلام واتاکەی دەرناکەوێت، تاوەکو نەچێتە ناو پێکهاتەی وشە و مۆرفیمەوە.)) (شێروان حسێن خۆشناو: ٢٠١١: ١٠٦).

هەر لەسەر بنەمای ئەم هەڵگرتنی واتایە بەوپێیەی کە (نیدا) ئاماژەی بەفۆنێم کردووە وەکو بچوکترین یەکەی واتایی، دەتوانین وەکو هەریەك لە ئاستەکانی تری زمان لەم ئاستەشدا چەند جۆرێك پەیوەندی واتایی دەستنیشان بکەین لە نێوان فۆنیمەکانی زمانی کوردیدا. لەوانەش: سنیۆنیم، ئەنتۆنیم.

## ٧/١ - ١) سینۆنیم لەئاستی فۆنۆلۆژیدا

هەروەکو پێشتر ئاماژەمان پێکردووە، دانەی سەرەکی ئاستی فۆنۆلۆژی، بریتییە لە فۆنیم، کە کاری جیاکردنەوە و گۆڕینی واتا جێبەجێ دەکات و بە پێکەوەلکانیان دانەی لە خۆیان گەورەتر وەکو مۆرفێم و وشە پێکدەهێنن، یەکێك لە دیارترین جۆرەکانی پەیوەندی واتایی، کە لە چوارچێوەی فۆنێمەکاندا دەبینرێت، سینۆنیمە ((چۆن سینۆنیم لە لێکسیکدا جیادەکرێتەوە، لە فۆنیمیشدا هەر بەو شێوەیە جیادەکرێتەوە، هەرکاتێك دوو فۆنیم نیشانە دەنگییەکانیان وەك یەك بێت و لێك نزیك ببنەوە دەبنە سینۆنیم.)) (یو.س.ستیپانۆڤ: ١٩٧٥: ٨٢)، واتە بەزۆری ئەو فۆنیمانە دەبنە سینۆنیمی یەکتر، کە سازگەی دروستبوونیان وەك یەکن یان تاڕادەیەکی زۆر لێك نزیکن. وەکو:

پێشمەرگە ، پێژمەرگە ش = ژ

تیخ ، تیغ خ = غ

عێراق ، ئێراق ع = ئـ

فانیلە ، فامیلە ن = م

لە هەریەك لەو جووتە وشانەدا ئەو جووتە فۆنێمانەی، کە بوونەتە سینۆنیمی یەکتر، شوێن یان جێکەوتەی ئۆرگانییان وەك یەکە یان لێك نزیکن، جێکەوتەی ئۆرگانی، بریتییە لەو ئەندامەی کە چالاکە لە دروستکردنی دەنگەکەدا.[7]

بۆ نموونە / خ / ، / غ / جێکەوتەی هەردووکیان نەرمە مەلاشووە، بەلام جیاوازییان لەوەدایە /خ/ کپە، بەلام /غ/ گڕە، هەروەها /ن/ جێکەوتەکەی پووکەو /م/ لێوە، بەلام هەردووکیان گڕن.

هەروەها کۆمەڵێك وشە هەن لە زمانی کوردیدا، کە جێگۆڕکێی دەنگ تیایاندا ڕوویداوە[8]، ئەم جێگۆڕکێ کردنەش نەبووەتە هۆی گۆڕینی واتای وشەکە، واتە دوو شێوەی جیاوازی دروستکردووە بەهەمان واتاوە، کەواتە دەبنە سینۆنیمی یەکتر. وەکو:

ئاسایش = ئاشایس

تەرزە = تەزرە

پشقل = قشپل

قازانج = قانجاز = قانزاج

فانیلە = فالینە

لە شێوەزاری ناوچەی گەرمیانیشدا زۆربەی ئەو وشانەی فۆنیمی /ب/ یان تێدایە دەگۆڕیت بۆ فۆنیمی /و/، بەلام ئەو گۆڕینە نابێتە هۆی گۆڕینی واتای وشەکە، بۆیە دەتوانین بڵێین هەردوو فۆنیمی /ب/ لەگەڵ /و/ دەبنە سینۆنیمی یەکتر لەو وشانەدا. وەکو:

هەڵەبجە = هەڵەوجە

قەبر = قەور

بەفر = بەور

دەربەنیخان = دەروەنیخان

دابەزین = داوەزین

باران = واران

زۆراب = زۆراو

---

٧- بڕوانە: غازی فاتح وەیس: ١٩٨٤: ٦٠ ، محەمەدی مەحوی: ٢٠٠٨: ٩٣-١١٠.

٨- بڕوانە: شێروان حسین خۆشناو:٢٠١١: ١١٠-١١٢.

### ٧/١ - ٢) ئەنتۆنیم لە ئاستی فۆنۆلۆژیدا

ئەنتۆنیم، واتە دژیەك بوون و پێچەوانەبوونی یەكتر، یان هاتنی دانەیەكی واتایی، كە ببێتە هۆی ڕێگریكردن لە هاتنی دانەیەكی تر.

لە ئاستی فۆنۆلۆژیدا، فۆنێمەكانی زمان دەتوانن ببنە ئەنتۆنیمی یەكتر لە ناو پێكهاتەی مۆرفیم و وشەكاندا، بەڕای ستیپانۆڤ، هەر فۆنیمێك بتوانێت واتای وشەیەك بگۆڕێت و جیاوازی واتایی دروست بكات، لە ڕووی واتاییەوە دەبێتە دژیەك. (ستیپانۆڤ:١٩٧٥: ٨٢)، وەكو:

ژان، ڕان، بان، نان...

لەو نمونانەی سەرەوەدا بە گۆڕینی فۆنیمی فۆنیمی /ژ/ بۆ /ڕ ، ب ، ن/ واتای وشەكان گۆڕاون، كەواتە هەر لەسەر ئەو ڕایەی ستیپانۆڤ فۆنیمەكانی /ژ ، ڕ ، ب ، ن/ لەو دەوروبەرەدا و لەو شانەدا دەبنە ئەنتۆنیمی یەكتر، بەڵام دەبێت ئەوە بزانین لە هەندێك وشەی تردا، هەمان ئەو فۆنیمانە پەیوەندی واتایی تر دەكەوێتە نێوانیان، واتە دەوروبەری بەكارهێنان جۆری پەیوەندییەكە دیاری دەكات. وەكو:

فانیلە ، فامیلە ن = م

فۆنیمی /ن/ ، /م/ سینۆنیمی یەكترن، چونكە دوو فۆرمی جیاوازیان دروستكردووە بەهەمان واتاوە، بەڵام لەوشەكانی:

تەم ، تەن م × ن

فۆنیمی /ن/ و /م/ ئەنتۆنیمی یەكترن، چونكە بوونەتە هۆی گۆڕینی واتای وشەكە.

## ٨/١) پەیوەندییە واتاییەكان لە ئاستی مۆرفۆلۆژیدا

بێگومان هەر ئاستێك لە ئاستەكانی زمان ئامانج و ئەركی تایبەتی خۆی هەیە، بۆ مۆرفۆلۆژیش یەكێك لە ئەركە بنەڕەتییەكانی دەستنیشانكردنی كەرەستەكانی مۆرفۆلۆژی زمانەكەیە، كە مۆرفیمەكانیەتی و دابەشكردنیەتی بەسەر جۆر و بەشە جیاوازەكاندا و دیاریكردنی ئەركی هەریەك لە گرووپی مۆرفیمەكانە، كەواتە لەم ئاستەدا چەند یەكەیەكی پێوانەیی هەن، كە دەبنە كۆڵەكەی بنیاتنانی ئاستی مۆرفۆلۆژی و كۆمەڵێك پەیوەندی هەن، كە ئەو یەكانە پێكەوە دەبەستن.

یەكێك لەو پەیوەندییە هەرە گرنگانە پەیوەندی واتاییە، كە لە نێوان یەكەكانی ئەم ئاستەدا هەیە، (باسكردنی پەیوەندییە واتاییەكان لە ئاستی یەكە مۆرفۆلۆژییەكاندا زۆر ئاڵۆزە و لە

مێژووی زمانناسیدا تێڕوانین و بیرو بۆچوونی جیاجیای لەسەر باسکراوە، بەتایبەت لە ئاستی وشەدا ئالۆزییەکان فووڵتر بووەتەوە.) (شێروان حسێن خۆشناو: ٢٠١١: ١١٣)

مەبەست لە یەکەکانی مۆرفۆلۆژی لەم باسەدا مۆرفیمی سەربەخۆ و بەندە، بە هەموو جۆر و لقەکانییەوە، وەك لە سەرەتاوە بەهێڵکاری خراوەتەڕوو، لەگەڵ دیاریکردنی دیارترین جۆری پەیوەندییە واتاییەکان لە نێوان ئەو مۆرفیمانەدا.

## ٨/١ - ١) سینۆنیم لە ئاستی مۆرفۆلۆژیدا

بوونی دوو مۆرفیم یان زیاترە (هەر جۆرێك بێت لە جۆرەکانی مۆرفیم)، کە لە واتادا لێك نزیك بن و بتوانن لە زۆربەی دەوروبەر و بەکارهێنانەکاندا جێگەی یەکتر بگرنەوە، بەبێ ئەوەی گۆڕان لە واتادا ڕووبدات.

### ٨/١ - ١ - ١) سینۆنیم لە ئاستی مۆرفیمی سەربەخۆ (وشە) دا

کاتێك باس لە سینۆنیم دەکرێت وەك دیاردەیەکی واتایی بەزۆری بۆ باسکردن و لێکدانەوەی ئەم جۆرە پەیوەندییە، وشە دەکرێت بە کەرەستەی سەرەکی لێکۆڵینەوە زمانییەکان، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سەربەخۆییەی ئەم دانە زمانییە هەیەتی و لە دێر زەمانەوە سەرنجی زانایانی زمانەوانی ڕاکێشاوە، بەها و گەورە و گرانی وشە لەوەدایە، کە لە دایکبووی ئەمڕۆ نیە، بەڵکو بنچینەیەکی پتەوی هەیە بەدرێژایی مێژوودا دەچێتە خوارەوەو زادەی بەرهەمی کەڵەکەبووی تاقیکردنەوە یەك لە دوای یەکەکانی عەقڵ و هۆش و بیری مرۆڤە، بە شێوەیەك (بوداگۆڤ) پێی وایە:((وشە گرنگترین کەتیگۆری زمانە، کاتێ قسە لەسەر زمان دەکرێت پێش هەموو شتێك وشە بەبیردا دێتەوە. ئەمەش لەبەرئەوەیە زمان لە وشە پێکهاتووەو بە وشەش شیدەکرێتەوە، هەرچەندە زانستی زمان لە کەتیگۆری و دیاردە زمانییەکانی تریش دەکۆڵێتەوە، بەڵام کەتیگۆرییەك کە زیاتر سروشتی و دیار بێت وشەیە)). (فاروق عومەر صدیق: مۆرفۆلۆژی: ٢٠١٤)

وەك لە پۆلێنکردنی مۆرفیمەکاندا بۆمان دەرکەوت، مۆرفیمە سەربەخۆکان دەبن بە دوو بەشی سەرەکییەوە، ئەوانیش مۆرفیمی سەربەخۆی ئەرکی و مۆرفیمی سەربەخۆی فەرهەنگین.

#### أ- سینۆنیم لە مۆرفیمی سەربەخۆی ئەرکی (ڕێزمانی) دا

ئەم گرووپە مۆرفیمە ئەرکیان پیشاندانی پەیوەندییە سینتاکسییەکانە، واتە زیاتر ئەرکی ڕێزمانی دەبینن نەك واتایی، ئەمەش وایان لێدەکات واتاکەیان لە چوارچێوەی ڕستەدا دەربکەوێت، ئەم جۆرە مۆرفیمە لە چەند گرووپێك پێکدێن، لەوانەش ئامرازەکانی سەرسوڕمان، پرس، بانگکردن، ئامرازەکانی خۆزگە، گومان ....هتد، ئەندامەکانی ئەم گرووپانە زۆر جار دەتوانن

جێگەی یەکتر بگرنەوە و هەمان واتا بەدەستەوە بدەن، ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی پەیوەندی سینۆنیم، بۆ نمونە لە نێوان ئامرازە سینتاکسییە گەیەنەرەکاندا، کە ئەمانەن:(کە، بۆ ئەوەی، لەبەرئەوەی، کەچی، تا، هەتا، چونکە، ئەگەر، مەگەر، بۆیە...)[٩]

ئەم ئامرازانە هەندێکیان دەتوانن شوێنی یەکتر بگرنەوە بەبێ ئەوەی گۆڕان لە واتای ڕستەکاندا ڕووبدات. وەکو:

- چونکە = لەبەرئەوەی
- نەهاتم چونکە نەخۆش بووم.
- نەهاتم لەبەرئەوەی نەخۆش بووم.

- لە نێوان ئامرازەکانی بانگکردنیشدا هەندێکیان دەتوانن ببنە سینۆنیمی یەکتر. وەکو: (ئەرێ = ئەها = هێی = هۆ).
- ئەرێ کاکە ئاگات لەخۆت بێت.
- ئەها کاکە ئاگات لەخۆت بێت.
- هێی کاکە ئاگات لەخۆت بێت.
- هۆ کاکە ئاگات لەخۆت بێت.

هەروەها ئامرازەکانی گومان لە زۆربەی دەوروبەرەکاندا دەتوانن لەبری یەکتر بەکاربهێنرێن. وەکو: (ڕەنگە = لەوانەیە = پێدەچێت)

- ڕەنگە ئەمڕۆ بەفر ببارێت.
- لەوانەیە ئەمڕۆ بەفر ببارێت.
- پێدەچێت ئەمڕۆ بەفر ببارێت.

## ب- سینۆنیم لە مۆرفیمی سەربەخۆی لێکسیکی (فەرهەنگی) دا

ئەم جۆرە مۆرفیمانە بەشە ئاخاوتنەکانی (ناو، ئاوەڵناو، ئاوەڵکردار، کردار) دەگرێتەوە، کە هەریەکەیان خاوەنی واتای سەربەخۆن و چەمکی تایبەت بەخۆیان هەیە، لە نێوان هەریەك لەم بەشە ئاخاوتنانەدا دیاردەی سینۆنیم بەئاشکرا دەبینرێت، زۆربەی زمانەوانان لە باسکردنی سینۆنیمدا ئەم جۆرە مۆرفیمەیان کردووە بە کەرەستەی لێکۆڵینەوەکانیان.

---

٩- بۆ زانیاری لەبارەی ئامرازە سینتاکسییەکانەوە، بڕوانە: ئیبراهیم عەزیز ئیبراهیم:١٣٦٧.

- سینۆنیم له ناودا:

قوتابخانه = خوێندنگا ، ئاڵتوون = زێڕ ، چێشت = ئاش ، قاپ = دەوری = دەفر

- سینۆنیم له ئاوەڵناودا

خۆش = بەتام ، هێمن = ئارام ، بێکەڵك = بێسوود ، بەشەرم = بەحەیا

- سینۆنیم لەئاوەڵکرداردا:

بەخێرایی = بەگورجی ، لەپاڵ = لەتەنیشت ، سبەینێ = بەیانی

- سینۆنیم لەکرداردا:

چوو = ڕۆیشت ، خەوت = نووست ، تێکدا = ڕووخاند

### ٨/١ - ١ - ٢) سینۆنیم له مۆرفیمه بەندەکاندا

مۆرفیمی بەند ئەو مۆرفیمانەن، که بۆ گێڕانی ئەرکێکی ڕێزمانی یان ئەرکێکی واتایی دەچنه سەر وشەیەك، واته به شێوەیەکی ئاسایی ناتوانن پشت بەخۆیان ببەستن، بەڵکو پێویستیان به مۆرفیمێکی سەربەخۆیه بۆ ئەوەی بتوانن واتا و ئەرکیان دەربکەوێت، له نێوان ئەم مۆرفیمانەشدا پەیوەندی سینۆنیمی بەئاشکرا دەبێنرێت.[١٠]

- پینەدۆز = پینەچی /- دۆز/ = /- چی/
- برایی = برایەتی /- یی/ = /- ایەتی/

هەروەها له نێوان مۆرفیمه بەنده ڕێزمانییەکاندا پەیوەندی سینۆنیمی دەبینرێت، بەڵام ژمارەیان کەمتره به بەراورد لەگەڵ مۆفیمه بەنده وشه داڕێژەکان. وەکو:

- دەیان = دەیەها /- ان/ = /- ەها/
- میوەهات = میوەجات /- هات/ = /- جات/

### ٨/١ - ٢) ئەنتۆنیم له ئاستی مۆرفۆلۆژیدا

هاتنی دوو مۆرفیم یان زیاتره، که پەیوەندی ئەنتۆنیم دەیانبەستێت بەیەکەوە، واته پێچەوانەی یەکتر بوەستن لەواتادا.

---

10- بەشی دووەم و سێیەمی ئەم نامەیه تەرخانکراوه بۆ باسکردنی پەیوەندییه واتاییەکان له چوارچێوەی مۆرفیمه بەندەکاندا، بۆیه لێرەدا زۆر به کورتی ئاماژەمان بەم باسه کردووە.

## ٨/١ - ٢ - ١) ئەنتۆنیم لە مۆرفیمی سەربەخۆدا

بەهەمان شێوەی سینۆنیم کاتێك باس لە ئەنتۆنیم دەكرێت، بەزۆری دانەی واتایی سەرەکی، کە ببێتە چەقی لێکۆڵینەوە بریتییە لە مۆرفیمی سەربەخۆ (وشە) کان، ئەمانیش دابەش دەبن بۆ دوو گرووپ.

### أ- ئەنتۆنیم لە مۆرفیمی سەربەخۆی ئەرکیدا:

لە ناو گرووپی مۆرفیمە ئەرکییەکاندا، کۆمەڵێکیان لە واتادا دژیەك دەوەستن و دەبنە ئەنتۆنیمی یەکتر. وەکو:

- هەموو × هیچ
- لەگەڵ × بەبێ
- ڕەنگە × بێگومان

### ب- ئەنتۆنیم لە مۆرفیمی سەربەخۆی فەرهەنگیدا:

ئەم جۆرە مۆرفیمە بەشە ئاخاوتنەکانی (ناو، ئاوەڵناو، کردار، ئاوەڵکردار) دەگرێتەوە، دیاردەی ئەنتۆنیم لەم جۆرەدا لە هەموو جۆرەکانی تر زیاتر بەرچاو دەکەوێت، بەتایبەت لە بەشە ئاخاوتنی ئاوەڵناودا، کە زۆرترین دیاردەی ئەنتۆنیمی تێدا بەدیار دەکەوێت.

- ئەنتۆنیم لەناودا:

دۆست × دوژمن ، شەو × ڕۆژ ، غەم × شادی ، شین × شایی

- ئەنتۆنیم لەئاوەڵناودا:

جوان × ناشرین ، پاك × پیس ، گەورە × بچوك ، خوێندەوار × نەخوێندەوار

- ئەنتۆنیم لەکرداردا:

هات × چوو ، سەرکەوت × دۆڕا ، هەستا × دانیشت ، ژیا × مرد

- ئەنتۆنیم لەئاوەڵکرداردا:

لەسەر × لەژێر ، بەخێرایی × بەهێواشی ، بەباشی × بەخراپی ، لەناوەوە × لەدەرەوە

## ٨/١ - ٢ - ٢) ئەنتۆنیم لە مۆرفیمە بەندەکاندا

لە چوارچێوەی مۆرفیمە بەندەکاندا کۆمەڵێك مۆرفیم هەن، کە پەیوەندی ئەنتۆنیم لە نێوانیاندا هەیە، چونکە کاتێك دەچنە سەر بنکەیەك چەمکی دژیەك و پێچەوانەیی دەگەیەنن بەرامبەر یەکتر. وەکو: /بە -/ × /بێ -/

بەهێز × بێهێز ، بەتوانا × بێتوانا

لەو نمونانەدا (بە -) بە واتای پۆزەتیف دێت، بەڵام (بێ -) بە واتای نێگەتیف دێت.

/ هەڵ -/ × /دا -/

هەڵچوو × داچوو ، هەڵگرت × داگرت

لەو نمونانەشدا /هەڵ -/ هەڵگری چەمکی ئاراستەی بەرەو سەرەوە دەبینێت، بەڵام /دا -/ ئاراستەی بەرەو خوارەوە دەگەیەنێت، کەواتە ئەنتۆنیمی یەکترن.

## ٨/١ - ٣) هایپۆنیم لە ئاستی مۆرفۆلۆژیدا

بریتییە لە بوونی مۆرفیمێك واتایەکی ئەوەندە فراوانی هەبێت، بتوانێت واتای مۆرفیمێك یان زیاتری تر لەخۆ بگرێت، واتە ((هایپۆنیم ئەو پەیوەندییە، کە چەمکێك، چەند چەمکێکی تر دەگرێتەوە یان دەیانخاتە ژێر باڵی خۆیەوە.)) (فاروق عومەر صدیق: لێکسیکۆلۆژی: ٢٠١٤)

ئەم پەیوەندییە لە ئاستی مۆرفۆلۆژیدا زیاتر لە مۆرفیمە سەربەخۆ فەرهەنگییەکاندا بەدی دەکرێت و لە جۆرەکانی تری مۆرفیمدا بەدی ناکرێت.بۆ نموونە:

- (ئامێرە مۆسیقییەکان): دەبێتە گشتگیر بۆ (گیتار، پیانۆ، عوود، کەمانچە...)
- (ڕیخۆڵە): دەبێتە گشتگیر بۆ (ڕیخۆڵە باریکە، ڕیخۆڵە ئەستورە، ڕیخۆڵە کوێرە...)

لە پەیوەندی هایپۆنیمدا دەگونجێت یەك وشەی سەربەخۆ، زیاتر لە یەك پەیوەندی هایپۆنیم دروست بکات، واتە یەك وشە دەتوانێت ببێت ژێرگیر بۆ چەند گشتگیرێك. بۆ نمونە:

- (شەمشەمە کوێرە): لەگەڵ (کۆتر و چۆلەکە...)، دەبێتە ژێرگیر بۆ (باڵندە)، لە هەمان کاتدا لەگەڵ (پشیلە و سەگ و مەیمون...)، دەبێتە ژێرگیر بۆ (شیردەر).

## ٨/١ - ٤) پۆلیسیمی لە ئاستی مۆرفۆلۆژیدا

بریتییە لەو وشەو مۆرفیمانەی، کە دوو واتای جیاواز یان زیاتر دەگەیەنن، بە مەرجێك پەیوەندی واتایی لە نێوان لە واتاکاندا هەبێت، واتە یەك چەمك و مەبەست کۆیان بکاتەوە و یەك نەژاد و بنچینەیان هەبێت.

پۆلیسیمی دیاردەیەکی واتایی زۆر بڵاوە لە چوارچێوەی دانە واتاییەکانی ئاستی مۆرفۆلۆژیدا زۆر بە فراوانی ئەم دیاردەیە بەدی دەکرێت، بەتایبەت لە ئاستی وشەدا.

### ٨/١ - ٤ - ١) پۆلیسیمی لە مۆرفیمی سەربەخۆدا

هەروەکو لەبابەتی ئەنتۆنیم و سینۆنیمدا، مۆرفیمی سەربەخۆمان دابەشکرد بۆ دوو گروپ لە مۆرفیمی سەربەخۆی ئەرکی و فەرهەنگی، بەهەمان شێوە لێرەشدا دەبن بە دوو گروپ، ئەمانەن:

### أ- پۆلیسیمی لە مۆرفیمی سەربەخۆی فەرهەنگیدا

هاتنی مۆرفیمێکی سەربەخۆی فەرهەنگییە بە کۆمەڵێك واتای جیاوازەوە، کە چەمکی هاوبەش واتا جیاوازەکان پێکەوە دەبەستێتەوە.

- پۆلیسیمی لە ناودا: وەکو (پۆل)

١. قۆناغی خوێندن : لە پۆلی دووەمم.

٢. بە واتای دەستەیەك: پۆلێك باڵندە فڕین.

چەمکی هاوبەشی واتاکە: کۆکردنەوەی ژمارەیەکە لە سنورێکی دیاری کراودا.

- پۆلیسمی لە ئاوەڵناودا: وەکو (توند)

١. کەم ئاوی: هەویرەکە توندە.

٢. توندی ڕەفتار: هەڵسوکەوتی زۆر توندە.

٣. باش قایم کردن: ئەو کورسیە باش توند بکە. (سەباح ڕەشید قادر: ٢٠٠٠: ٢٨)

لەهەر سێ نموونەکەدا چەمکی هاوبەشیان بریتییە لە پێچەوانەی حاڵەتی نەرمی و ئاساییە.

- پۆلیسیمی لە کرداردا: وەکو (بەربوو)

١. ئازادبوو: زیندانییەکە بەربوو.

٢. پژانی لووت: خوێنی لووتی بەربوو.

٣. تەواوبوونی کاتی خوێندن: خوێندکارەکان بەربوون.

٤. دەربازبوون: باڵندەکە لە دەستم بەربوو.

چەمکی هاوبەش لە هەموو واتاکاندا، بریتییە لە بەرەڵابوون و ئازادبوون لە کۆت و بەندێك.

پۆلیسیمی لە ئاوەڵکرداردا: وەکو (سبەینێ)،

١. بەیانی (ڕۆژی داهاتوو).

٢. ئەم بەیانییە (ئەمڕۆ).

### ب- پۆلیسیمی لە مۆرفیمی سەربەخۆی ئەرکیدا

هاتنی مۆرفیمێکی سەربەخۆیە لە جۆری ئەرکی بە کۆمەڵێك واتای جیاوازەوە، کە واتاکانیان تاڕادەیەك لێك نزیکن و چەمکی هاوبەش لە نێوانیاندا بەدی دەکرێت، وەکو (کەی)

١. وشەی پرسە بۆ کات: کەی دێیت؟

٢. بە واتای (کاتێك کە) یە: کەی وڵات سەربکەوێت بە ئامانج دەگەین.

چەمکی هاوبەش لە نێوان هەردوو واتاکەدا بریتییە لە (کات).

### ٨/١ - ٤ - ٢) پۆلیسیمی لە مۆرفیمی بەنددا

بوونی مۆرفیمێکی بەندە (ڕێزمانی بێت یان فەرهەنگی) بە کۆمەڵێك واتای جیاوازەوە، بە مەرجێك هەڵگری یەك چەمك و مەبەستی هاوبەش بن، واتە ((مۆرفیمێك لە شوێنی جیاجیادا دوو ئەرکی نزیك بەیەك ببینێت.)) (سەباح ڕەشید قادر: ٢٠٠٠: ١٠١) وەکو /نا-/ کرداری ڕانەبردوو لە هەواڵە ڕووکاردا نەرێدەکات، وەکو: نازانم، ناخوێنێت...هتد.

هەروەها وەکو مۆرفیمی نەرێی فەرهەنگی وشە بەرهەمدەهێنێت، وەکو: ناهەموار، ناڕاست، نابینا...هتد.

چەمکی هاوبەش لەنێوان ئەو دوو بەکارهێنانە جیاوازەدا (نەرێ و پێچەوانەیی) ە

### ٨/١ - ٥) هۆمۆنیم لە ئاستی مۆرفۆلۆژیدا

بریتییە لەدوو مۆرفیم یان دوو وشە، کە یەك سیمایان هەبێت، بەڵام لە واتادا جیاوازبن و هیچ پەیوەندییەك لە نێوانیاندا نەبێت.

### ٨/١ - ٥ - ١) لە ئاستی مۆرفیمی سەربەخۆدا:

### أ- هۆمۆنیم لەمۆرفیمی سەربەخۆی فەرهەنگیدا

بوونی دوو مۆرفیم یان زیاتری سەربەخۆی فەرهەنگییە، لە پۆلە ئاخاوتنەکانی (ناو، ئاوەڵناو، کردار، ئاوەڵکردار)، کە لە شێوەو ڕوخساردا وەك یەکن، بەڵام هیچ پەیوەندییەکی واتایی لە نێوانیاندا نیە. وەکو:

- هۆمۆنیم لە ناودا: وەکو (گەنج)

١. تازە پێگەیشتوو (لاو).

٢. خەزێنە.

- هۆمۆنیم لە ئاوەڵناودا: وەکو (تاڵ)

١. تام (پێچەوانەی شیرین).

٢. تاڵی قژ.

هۆمۆنیم لە کرداردا: وەکو (داهێنان)
١. دروستکردنی شتێکی نوێ: گراهامبێل ئامێری تەلەفونی داهێنا.
٢. قژ شانەکردن: دایکەکە قژی منداڵەکەی داهێنا.

- هۆمۆنیم لە ئاوەڵکرداردا: وەکو (بەر)
١. پێش: دوو ساڵ بەر لە ئێستا.
٢. بەری دار و درەخت.

## ب- هۆمۆنیم لە مۆرفیمی سەربەخۆی ئەرکیدا

بوونی دوو یان زیاتری مۆرفیمی سەربەخۆی ئەرکییە، کە لە شێوەدا وەك یەکن، بەڵام واتاکانیان هیچ پەیوەندییەکیان پێکەوە نیە، وەکو (پێدەچێت)
١. ڕەنگە، لەوانەیە: پێدەچێت تاقیکردنەوەیان هەبێت.
٢. کات پێچوون: دراماکە کاتژمێرێکی پێدەچێت.

## ٨/١ - ٥ - ٢) هۆمۆنیم لە مۆرفیمە بەندەکاندا

ئەو مۆرفیم و بەندانە دەگرێتەوە، کە لە نوسین و خوێندنەوەدا وەك یەکن، بەڵام ئەرکی جیاوازیان هەیە و هیچ پەیوەندییەکیان بەیەکەوە نیە. وەکو /دا-/:

ئەم مۆرفیمە لە زۆربەی واتاکاندا واتای ئاراستەی بەرەو خوارەوە دەگەیەنێت، وەکو: داگرت، دابەزی، دانا...هتد.

لەم وشانەدا دەبنە پۆلیسیمی یەکتر، بەڵام لە هەندێك شوێندا چەمکەکەی زۆر دوورە لەو واتایەوە، وەکو (داهێنا) واتە دروستکردنی شتی نوێ، بۆیە دەبێتە هۆمۆنیم لەگەڵ وشەکانی سەرەوەدا.

هەروەها /-ین/ :

دەچێتە سەر ئاوەڵناوی پلەی بەراورد و پلەی باڵا دەداتە ئاوەڵناوەکە. وەکو:
١. باشتر: باشترین
٢. زیرەکتر: زیرەکترین
هەروەها دەبێتە جێناوی لکاو بۆ کەسی یەکەمی کۆ. وەکو:
ئێمە هاتین.

وەك لە نمونەکاندا دەردەکەوێت، /-ین/ چەمك و واتای جیاواز دەگەیەنێت، کە هیچ پەیوەندییەکیان بەیەکەوە نیە، بۆیە دەبنە هۆمۆنیمی یەکتر.

### ٨/١ - ٦) میرۆنیم لە ئاستی مۆرفۆلۆژیدا

میرۆنیمی زاراوەیەکە، لە زانستی سیمانتیکدا وەکو بەشێك لە لێکۆڵینەوەی پەیوەندی واتایی بۆ زاراوە لێکسیکییەکان و پەیوەندی نێوان (بەش) بە (گشت) ەوە لە نێوان دوو چەمکدا دەخاتەڕوو، کە دەوترێت پەیوەندی لێکسیکی، واتە میرۆنیمی تەنیا لە ئاستی مۆرفۆلۆژیدا بەدی دەکرێت و ((لە ناو هەر کێڵگەیەکدا ئەو وشەیەی، کە ناوی لە پارچەیەك یاخود کەرەستەیەکی سەرەکی ناوە دەبێتە گشت و ئەوانەش، کە بۆ پارچەکانی ئەو کەرەستەیە دانراون دەبنە بەش و تەواوکەری یەکتڕن.)) (فەرهاد تۆفیق حەسەن: ٢٠١٠: ١٠٦) بەم پێیەش میرۆنیمی تەنها لە مۆرفیمی سەربەخۆی فەرهەنگیدا بەدی دەکرێت وەکو:

- پێ (گشت) ە.

(پاژنە، پەنجەی پێ، قولەپێ، ژێر پێ، سەرەوەی پێ) دەبنە (بەش).

- سەر (گشت) ە

(پشتە سەر، تەپڵی سەر، مێشك، دەمارەکان) دەبنە (بەش).

### ٨/١ - ٧) ئەندام وشە لە ئاستی مۆفۆرفۆلۆژیدا

ئەم پەیوەندییە تەنیا لە ئاستی مۆرفۆلۆژی و بە تایبەت لە چوارچێوەی وشە سەربەخۆکاندا بەدی دەکرێت، پەیوەندی (ئەندام) بە (کۆمەڵە) وە پیشان دەدات، چەند ئەندامێك پێکەوە کۆمەڵەیەك پێکدەهێنن. وەکو:

- کۆمەڵێك سەگ: (گەلە سەگ) پێکدەهێنن.

کەواتە (سەگ) دەبێتە ئەندام، (گەلە) دەبێتە کۆمەڵە، هەروەها بە پەیوەندی نێوان (سەگ و گەلە) دەوترێت (ئەندام وشە).

- کۆمەڵێك سەرباز: (لەشکر) پێکدەهێنن.

کەواتە (سەرباز) دەبێتە ئەندام، (لەشکر) دەبێتە کۆمەڵە، بە هەمان شێوە پەیوەندی نێوان (ئەسپ و ڕەوە)، (دار و دارستان) پەیوەندییەکی ئەندام وشەن.

## ٩/١) پەیوەندییە واتاییەکان لە ئاستی سینتاکسدا

سادەترین پێناسە، کە بۆ زمان دەکرێت، ئەوەیە زمان هۆکارێکە بۆ دروستکردنی پەیوەندی و گواستنەوەی مەبەستەکان لە بیرێکەوە بۆ بیرێکی تر، لەم بارەیەوە یەکەکانی زمان، کە ئەرکی دروستکردنی پەیوەندی لە نێوان بیرەکاندا ڕێکدەخەن و ئەرکی تێگەیشتن و تێگەیاندن لە ئەستۆ دەگرن، ڕستە و دەربڕاوەکانی زمانن.

لەگەڵ ئەوەی لە زانستی زماندا بچوکترین یەکەی واتادار مۆرفیمە، بەڵام ئەم مۆرفیمانە بەتەنیا ئەرکێکی کاریگەر لە گواستنەوەی مەبەست و ناوەڕۆکەکاندا بەجێ ناهێنن، بۆیە پێویستە ئەم مۆرفیمانە لە قاڵبی دەربڕاوەکاندا پێکەوە بلکێن، تا ببنە هەڵگری پەیامێك، هەر بۆیە ڕستە بە سەرەکیترین یەکەی زمانی هەژماردەکرێت، بە جۆرێك بە بڕوای زانایەکی وەکو چۆمسکی ((دڵ جێگایەکی چەندە گرنگی گرتووە لە لەشی مرۆڤدا، سینتاکس هەمان شوێنی هەیە لە زماندا.)) (بەکر عومەر عەلی: ٢٠١٤ : ١٢١) لە بەکارهێنانی زماندا یەکەمین پەیام ڕستەیەکە و دوای ڕستەی یەکەم ڕستەی تر دێت، بەم شێوەیە زمان دەبێتە زنجیرەی ڕستەی بێ کۆتایی، کەواتە دەتوانین ((یەکەی ڕاستەقینەی زمان ناو بنێین ڕستە و پێکهاتن و بەرهەمهێنانی ڕستەکانی زمانێك بەسود وەرگرتن لە یاساکانی سینتاکسی ئەو زمانە دەبێت.)) (مهری باقری: ١٣٩٣: ١٥٨)

لەلایەکی ترەوە کۆمەڵەی یاسا و ڕێساکان و ڕێکخستنی وشەکان، کە سینتاکسە ڕێگە بە بەکارهێنەرانی زمان دەدات، بتوانن زۆرترین ڕستە بەرهەم بهێنن، هەر بۆیە سینتاکس ئەرکی بەرهەمهێنانی بێ شومار و بێ سنور لە ئەستۆ دەگرێت، کە مرۆڤ لە ڕێگەیەوە دەتوانێت تەواوی پێویستییەکانی خۆی پێ جێبەجێ بکات.[11]

هەروەکو ئاماژەمان پێکرد ڕستە، کە دانەی سەرەکی ئاستی سینتاکسە و خاوەنی ڕۆنانێکی ڕێك و پێکە و هەر زمانێك خاوەنی ژمارەیەکی بێ سنور ڕستەیە، کە لە نێوانیاندا چەند جۆرێك پەیوەندی واتایی دەبینرێت، دەبێتە هۆی بەستنەوەی ئەو ڕستانە پێکەوە لە ڕووی واتاییەوە، دیارترین جۆری ئەو پەیوەندییانەش بریتین، لە (سینۆنیم، ئەنتۆنیم، هایپۆنیم...).

## ٩/١ - ١) سینۆنیم لە ئاستی سینتاکسدا

سینۆنیم لە ئاستی سینتاکسدا بەو واتایە دێت، کە بتوانرێت لە زنجیرەی وتندا ڕستەیەك لە جێگەی ڕستەیەکی تر بەکاربهێنرێت، بەبێ ئەوەی واتاکەی بگۆڕێت یان تێکبچێت، واتە ((بریتییە لە پەیوەندی نێوان دوو ڕستە کە یەك واتا هەڵدەگرن.)) (بەکر عومەر عەلی: ٢٠٠٠: ٨١) سینۆنیم بوونی ڕستەکانی زمان بە چەند ڕێگە و شێوازی جیاواز دروست دەبێت[12]، وەکو:

فەرهاد هاوسەرگیری کردووە. = فەرهاد ژنی هێناوە.

منداڵەکەمان هاتە دنیاوە. = منداڵەکەمان لەدایکبوو.

---

١١- بڕوانە: مهری باقری: ١٣٩٣: ١٥٦- ١٥٨.

١٢- بۆ زانیاری زیاتر لەسەر جۆرەکانی ڕستەی سینۆنیم،بڕوانە: کورش صفوی:١٣٩٢ ، شێروان حسێن خۆشناو:٢٠١١.

لەو ڕستانەی سەرەوەدا هەردوو وشەی (هاوسەرگیری کردن و ژن هێنان)، (هاتنە دنیا و لەدایکبوون) سینۆنیمی یەکترن، ئەمەش وایکردووە ئەو ڕستانە ببنە سینۆنیمی یەکتر، کەواتە یەکێك لە ڕێگەکانی دروستبوونی ڕستەی سینۆنیم بوونی وشە و دەستەواژەی سینۆنیمە لە ناو ڕستەی جیاوازدا، هەروەها جێگۆڕکێ کردنی کەرەستەکانی ڕستە، دەبێتە هۆی دروستبوونی ڕستەی سینۆنیم، وەکو:

گەلی کورد لە بەهاردا ڕاپەڕی. = لە بەهاردا گەلی کورد ڕاپەڕی.

قەیرانی دارایی لەم وڵاتەدا کۆتایی نایەت. = لەم وڵاتەدا قەیرانی دارایی کۆتایی نایەت.

دیارە سینۆنیم بوونی ئەو جۆرە ڕستانە بەپێی یاساکانی ڕێبازی گواستنەوەیە، چونکە لە ڕێبازی گواستنەوەدا ئەو جۆرە ڕستانە بە سینۆنیم دادەنرێن و دەڵێت تەنیا لە ڕووی داڕشتنەوە لێك جیاوازن، ئەگینا هەموویان یەك مەبەست و یەك واتا دەگەیەنن، بەڵام بەپێی ڕێبازی ئەرکی ئەو ڕستانە ناتوانن ببنە سینۆنیم، چونکە هەر یەکەیان جەخت لەلایەنێکی دیاریکراو دەکاتەوە و هەر یەکێکیان هێز و ئاوازی جیاواز وەردەگرێت و ئەرکی جیاوازیان هەیە. (ساجدە عەبدوڵا فەرهادی: ٢٠٠٨: ١٥)

یەکێکی تر لەڕێگاکانی سینۆنیم بوونی ڕستە، هەبوونی زانیارییە لە بارەی جیهانی دەرەوە، مەرجی سەرەکی لەم خاڵەدا ئەوەیە دەبێت قسەکەر و گوێگر زانیارییان لەسەر ئەو بابەتە هەبێت، کە قسەی لەسەر دەکەن. (شێروان حسین خۆشناو: ٢٠١١: ١٩٧) وەکو:

- شاری سلێمانی بە پایتەختی ڕۆشنبیری دادەنرێت.

- شاری هەڵمەت و قوربانی بە پایتەختی ڕۆشنبیری دادەنرێت.

ئەو دوو ڕستەیە دەبنە سینۆنیم، بە مەرجێك گوێگر ئاگاداری ئەوەبێت، کە بەمەبەست لە شاری (هەڵمەت و قوربانی) سلێمانییە.

## ٩/١ - ٢) ئەنتۆنیم لە ئاستی سینتاکسدا

ئەنتۆنیم لە چوارچێوەی ڕستەدا کاتێك دروست دەبێت، کە واتای ڕستەیەك پێچەوانەی واتای ڕستەیەکی تر بێت، ئەنتۆنیم بوونی ڕستەکان بەچەند شێوەیەك دروست دەبێت، دیارترینیان ئەمانەن:-

١. ئەنتۆنیمی وێنەیی: بەو ڕستانە دەوترێت، کە لە ڕێگای مۆرفیمی نەرێ کردنەوە واتاکانیان پێچەوانە بووبێتەوە. (کورش صفوی: ١٣٩٢: ١٣٥) وەکو:

- تارا خوێندەوارە. × تارا نەخوێندەوارە.
- باوکیان کار دەکات. × باوکیان کار ناکات.

هەریەك لەو دوو ڕستانەی سەرەوە دەبنە ئەنتۆنیمی وێنەیی لەگەڵ یەکتر، چونکە لە ڕێگای مۆرفیمی نەرێ کردنەوە واتاکانیان پێچەوانەی یەکتر بووەتەوە.

٢ . ئەنتۆنیمی بەرامبەری: ئەم جۆرەی ئەنتۆنیم لەو ڕستانەدا بەدی دەکرێت، کە وشەی ئەنتۆنیمیان لە جۆری ئەنتۆنیمی پلەدار یان ئەنتۆنیمی تەواوکەری (بێ پلە) تێدایە، واتە مەرجی سەرەکی بۆ ئەوەی ڕستەکان ببنە ئەنتۆنیمی بەرامبەری ئەوەیە، پێویستە وشەی پێچەوانەیان لە جۆری (پلەدار یان بێ پلە) تێدابێت. وەکو:

- هەواساردە. × هەوا گەرمە.
- دەر گاکە کراوەتەوە. × دەرگاکە داخراوە.

لەو ڕستانەدا هەردوو وشەی (سارد و گەرم) ئەنتۆنیمی پلەدارن، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی ئەو دوو ڕستەیە ببنە ئەنتۆنیمی بەرامبەری لەگەڵ یەکتر، هەروەها هەردوو وشەی ( کراوەتەوە و داخراوە) ئەنتۆنیمی تەواوکەری (بێ پلە)ن، ئەمەش وایکردووە ئەو دوو ڕستەیە ببنە ئەنتۆنیمی بەرامبەری یەکتر.

٣ . ئەنتۆنیمی مەرجدار: ئەم جۆرە ئەنتۆنیمە لە نێوان دوو ڕستەدایە، ((کە بە پێشێلکردن و لادان لە سیما واتاییەکانی یەکێك لە کەرەستەکانی ڕستەکە دروست دەبێت.)) (کورش صفوی: ١٣٩٢: ١٣٦) وەکو:

١/ أ. هۆشەنگ باوکی ئارینایە. × ب. هۆشەنگ منداڵی نیە.

٢/ أ. فەرهاد وەرزشکارە. × ب. فەرهاد وەرزش ناکات.

لە نمونەی یەکەمدا هۆشەنگ کاتێك دەبێتە باوك، کە منداڵی هەبێت بەو هۆیەوە ڕستەی (١) أ- دەبێتە ئەنتۆنیمی رستەی (١) ب، چونکە یەکێك لە سیما واتاییەکانی باوك بریتییە لە (+منداڵ)، بەڵام لە ڕستەی (١)ب دا ئەو سیمایە پێشیلکراوە، هەروەها سیمای واتایی (وەرزشکار) بریتییە لە (+وەرزشکردن)، بەڵام لە ڕستەی (٢) ب دا ئەو سیمایە پێشێلکراوە، بۆیە ئەو دوو ڕستەیە دەبنە ئەنتۆنیمی مەرجدار لەگەڵ یەکتر.

### ٩/١ - ٣) هایپۆنیم لە ئاستی سینتاکسدا

هەروەکو چۆن هایپۆنیم لە ئاستی مۆرفۆلۆژیدا هەیە، بە هەمان شێوە لە ئاستی سینتاکسیشدا ئەم پەیوەندییە بەدی دەکرێت، بە جۆرێك ئەگەر وشەیەکی گشتگیر لە ڕستەیەکدا هەبێت و وشەیەکی ژێرگیر لە ڕستەیەکی تردا هەبێت، ئەوە کۆمەڵێك ڕستەمان دەست دەکەوێت، کە

پەیوەندی هایپۆنیمی پێکەوە دەیانبەستێتەوە. بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە سەیری ئەم ڕستانە دەکەین:

أ. باڵندەیەك لە باخەکەماندا هەیە.
ب. چۆلەکەیەك لە باخەکەماندا هەیە.
ت. کۆترێك لە باخەکەماندا هەیە.
پ. بولبولێك لە باخەکەماندا هەیە.

لەو ڕستانەدا بەهۆی بوونی وشەکانی (باڵندە، کۆتر، چۆلەکە، بولبول) دەتوانین پەیوەندی هایپۆنیم لە چوارچێوەی ڕستەکاندا بەدی بکەین، بەشێوەیەك ڕستەی (أ) بەهۆی بوونی وشەی (باڵندە) تیایدا دەبێتە ڕستەی گشتگیر، ڕستەکانی (ب، ت، پ) بەهۆی بوونی وشەکانی (چۆلەکە، کۆتر، بولبول) دەبنە ڕستەی ژێرگیر، چونکە ئەو سێ وشەیە چەند جۆرێکن لە باڵندە، هەروەها پەیوەندی نێوان ڕستەکانی (ب، ت، پ) بریتییە لە کۆهایپۆنیمی.

### ٩/١ - ٤) پۆلیسیمی لە ئاستی سینتاکسدا

بریتیە لە بوونی ڕستەیەك، کە لەسیمادا یەك ڕستەیە، بەڵام لە ڕۆنانی ژێرەوەیدا هەڵگری واتایەك زیاترە، لەگەڵ ئەوەشدا واتا جیاوازەکان پەیوەندی واتایی بەیەکیانەوە دەبەستێت و یەك چەمك و یەك واتای بنجی کۆیان دەکاتەوە، بۆ نمونە وەکو:

- سەری هەڵدایەوە.

ئەم ڕستەیە دوو واتا دەگەیەنێت، یەکەمیان: (سەری مەنجەڵەکەی هەڵدایەوە.) دووەمیشیان: (کێشەکە سەری هەڵدایەوە.) (سەباح ڕەشید قادر: ٢٠٠٠: ٢٧) بەم پێیە ئەو ڕستەیە بە پۆلیسیمی دادەنرێت، چونکە دەتوانین زیاتر لە واتایەك بەو ڕستەیە بدەین، بەڵام چەمکی هاوبەش لە نێوان واتا جیاوازەکانی ئەو ڕستەیەدا بریتییە لە بزووتنەوەو جوڵان.

کۆمەڵێك فاکتەر هەن دەبنە هۆی دروستبوونی پۆلیسیمی لە ئاستی سینتاکسدا، دیارترینیان ئەمانەن:-

١. پۆلیسیمی وشەیی: هەبوونی وشەیەکی فرەواتا لە ڕستەدا، ئەو وشە فرە واتایە وادەکات، کە ڕستەکە ببێتە هەڵگری زیاتر لە واتایەك. وەکو:

- حەزم لە ڕۆژ نییە.

ئەو ڕستەیە هەڵگری دوو واتای جیاوازە، واتە گوێگر بە بیستنی ئەو ڕستەیە دوو لێکدانەوەی جیاوازی بۆ دەکات، یەکەمیان: حەزم لە خۆر نیە. دووەمیان: حەزم لە شەوە نەك ڕۆژ.

هۆکاری د روستبوونی ئەو دوو واتایەش بەهۆی بوونی وشەی (ڕۆژ) ەوەیە، کە فرەواتایە و وایکردووە دوو ڕستەمان دەست بکەوێت.

٢ . پۆلیسیمی فرێزی: لەگەڵ ئەوەی کە وشەکان هەر یەکە و واتایەکی ڕوون و دیاریان هەیە، بەڵام هەندێکجار لە ناو پێکهاتەی فرێزێکدا، کە دەچنە ناو ڕستەکانەوە دەبنە هۆی دروستبوونی لێڵی و تەم و مژییەك بە شێوەیەك ڕستەکە دەبێتە فرەواتا. (کورش صفوی:١٣٨٤: ٤٧)، وەکو:

- کوڕە مەلاکەم بینی.

هەبوونی فرێزی (کوڕە مەلا) وایکردووە، ئەو ڕستەیە ببێتە پۆلیسیمی و دوو واتا ببەخشێت. کە ئەمانەن:-

- کوڕی مەلاکەم بینی.

- کوڕەکە (خۆی مەلایە) م بینی.

هەروەها لە ڕستەیەکی وەکو: (پەنجەی پێ سوتاوەکەی پیشاندام.) لەم ڕستەیەدا فرێزی (پەنجەی پێ سوتاوەکە) فرێزێکی ناوییە ئەرکی تەواوکەر (بەرکار) دەبینێت، بەڵام لەم فرێزەدا ڕوون نیە، ئایا (پێ) یان (پەنجە) دەبێتە دیارخراو بۆ ئاوەڵناوی (سوتاو) بۆیە ئەو ڕستەیە بەدوو شێوە لێکدەدرێتەوە کە ئەمانەن:-

- پەنجەی (پێ سوتاوەکەی) پیشاندام.

- (پەنجەی پێ) سوتاوەکەی پیشاندام.

٣ . پۆلیسیمی سینتاکسی: لێرەدا واتای وشەکان ڕوونن، بەڵام پەیوەندی تەکنشینی نێوان کەرەستەکانی ڕستەکە دەبێتە هۆی دروستبوونی ڕستەی فرەواتا، واتە ئەو وشانەی کە ڕستەکەیان پێکهێناوە لەسەر تەوەری تەکنشینی کاریگەرییان لەسەر یەکتر هەیە و ڕستەی فرە واتا دروست دەکەن. (أحمد ابو محبوب: ١٣٨١: ١٣٥) وەکو:

- پەیمان و سیڤەری خوشکم بەیەکەم دەرچوون.

لەم ڕستەیەدا لەگەڵ ئەوەی واتای وشەکان ڕوونە، بەڵام پێکەوە هاتنی ئەو کەرەستانە لە ڕووی سینتاکسەوە وایکردووە ڕستەکە هەڵگری دوو واتا بێت کە ئەمانەن:

- پەیمان و (سیڤەری خوشکم) بەیەکەم دەرچوون.

- (پەیمان و سیڤەر) کە هەردووکیان خوشکمن، بەیەکەم دەرچوون.

دیاره ئەمەش بەهۆی چۆنێتی ڕیزکردنی کەرەستەکانەوە ڕوودەدات و لەو دیو زنجیرە ئاسۆییەکەوە چەند دروستەیەکی سینتاکسی هەیە، بەوجۆرە چەند واتایەك بەپەنهانی هەن، کە دەبێتە هۆی دروستبوونی (تەم و مژی سینتاکسی).[13]

٤- زۆرجار لابردنی یەکێك لە ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی ڕستە دەبێتە هۆی دروستبوونی ڕستەی فرەواتا. (کورش صفوی: ١٣٩٢: ١٤١) واتە جۆرێك لە ڕستەی فرەواتا لە ئەنجامی لابردنی یەکێك لە ڕەگەزەکان لەسەر تەوەری تەکنشینی سەر هەڵدەدات. وەکو:

- وەڵامی گێلەکان بێ دەنگییە.

لەو ڕستەیەدا بەهۆی لابردنی چەند ڕەگەزێکەوە، کە لەخوارەوە دەرکەوتوون ڕستەکە بووەتە هەڵگری چەند واتایەك. ئەوانیش:

- وەڵامدانەوەی (گێلەکان بۆ کەسانی تر) بێ دەنگییە.

- (وەڵامدانەوەی کەسانی تر) بۆ گێلەکان بێ دەنگییە.

هەروەها ڕستەی (ئەو وەکو من ناخوێنێت.) هەڵگری چەند واتایەکە بەهۆی لابردنی هەندێك لە ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی ڕستەکە، کە لەخوارەوە دەرکەوتوون.

- ئەو وەکو من وایە، ناخوێنێت.

- ئەو وەکو من باش ناخوێنێت،بەڵکو خراپ دەخوێنێت.

- ئەو وەکو من خراپ ناخوێنێت،بەڵکو باش دەخوێنێت.

دیارە لە ئەنجامی ئەم جۆرە لابردنانەشدا جۆرێك لە لێڵی واتایی دێتە کایەوە،بەڵام لە دەوروبەری بەکارهێناندا ئەو لێڵییە دەڕەوێتەوەو مەبەستی قسەکەر بە ڕوونی دەردەکەوێت.

## ١٠/١) تیۆرە واتاییەکان و تێڕوانینیان بۆ پەیوەندییە واتاییەکان

بەگشتی مۆرفیمەکان (سەربەخۆ، بەند) پێکەوە وشەکان پێکدەهێنن، وشەکانیش دوو جۆر پەیوەندییان هەیە، پەیوەندی وشە لەگەڵ (تەن) دا لە جیهانی دەرەوەدا و پەیوەندی وشە لەگەڵ وشەکانی تردا، لەمانەشەوە پەیوەندی واتایی نێوان وشەکان دێتە ئاراوە.

لە زۆر کۆنەوە لێکۆڵینەوە لە واتا و هەوڵدان بۆ ڕوونکردنەوە و دەستنیشانکردنی چەمکی واتا کراوە و سەرنجی زمانەوانی ڕاکێشاوە، بەڵام دانانی پێناسەیەکی گشتی و سەراپا، کە هەموو

---

١٣- بڕوانە: محەمەدی مەحوی:٢٠٠٩: ب٢: ١٣٣.

قوتابخانە و ڕێبازەکانی زمان لەسەری ڕێك بکەون، کارێکی ئاسان نییە، لەبەرئەوەی ((چەمکی واتا بەرجەستە و جێگیر نییە تەنیا لە ئاستێکی زماندا نابینرێت، بەڵکو بەسەر هەموو ئاستەکانی زماندا دابەش بووە)). (شێروان حسێن خۆشناو: ٢٠١١: ٤٠)، هەروەها هەر ڕێباز و قوتابخانەیەك لە گۆشەنیگایەکەوە لە چەمکی واتایان ڕوانیوە و شێکردنەوەیان بۆی کردووە، ئەم جیاوازی بیر و ڕایانەش وایانکردووە چەندین تیۆری جیاواز بێتە ئاراوە، کە وەسفی واتا و سروشتی واتا دەکەن، بەپێی چەند پێوانەیەکی هەمەجۆر، هەروەها تێڕوانین و شیکردنەوەی هەریەك لە پەیوەندییە واتاییەکانی وەکو (سینۆنیم، ئەنتۆنیم، هۆمۆنیم...) بەپێی ئەم تیۆرانە جیاوازییان هەیە و لێکدانەوەی جۆراو جۆریان بۆ دەکرێت، ئێمەیش لێرەدا هەوڵدەدەین چەند جۆرێك لە پەیوەندی واتایی لە ژێر ڕۆشنایی چەند تیۆرێکی واتاییدا شیبکەینەوە، ئەوانیش ئەمانەن:-

## ١٠/١ - ١) تیۆری ئەفلاتوون (ناو لێنان و ئاماژە)

بیرۆکەی ئەم تیۆرە دەگەڕێتەوە بۆ (ئەفلاتوون)، کە (واتا) وەك (ئاماژە) لێکدەداتەوە، بەپێی ئەم بۆچوونە وشەی هەر زمانێك (هێما) یە بەرامبەر بە (شت، تەن، کەس) دەوەستێت لەجیهانی دەرەوەدا و ئەو دیاردانە دەگرێتەوە، کە بەر هەست دەکەون (عەبدولواحید مشیر دزەیی: ٢٠١٤: ٧٤). لەم تیۆرەدا (واتا) پەیوەندییەکی دوو قۆڵییە لەنێوان هێما و تەندا بەم شێوەیە.



دار ← تەن، شت، کەس

هێما

(هێڵکاری ١١: پەیوەندی نێوان هێماو تەن لە تیۆری ئەفلاتۆندا)

بەپێی ئەم تیۆرە ئەگەر هەر تەنێك لە سروشتدا بەرامبەر بەدوو هێما بوەستێت، ئەوا ئەو دوو هێمایە دەبن بە سینۆنیم، بۆ نموونە ئەگەر لەم ڕوانگەیەوە بڕوانینە وشەکانی (دار، درەخت) ئەوا دەبن بەسینۆنیم، چونکە هەردوو وشەکە ئاماژە بۆ یەك تەن دەکەن لە سروشتدا، هەر لە ڕوانگەی ئەم تیۆرەوە ئەگەر دوو هێمای وەك یەك ئاماژە بە دوو تەنی جیاواز بکەن لە سروشتدا، ئەوا ئەو دوو هێما هاوشێوەیە دەبن بەهۆمۆنیم،

وەکو (زار):-

١- واتە زمان.

٢- واتە زاری یاری تاوڵە.

بەپێی تیۆری ئەفلاتوون ئەو دوو هێمایە هۆمۆنیمی یەکترن، چونکە ئاماژە بە دوو تەنی جیاواز دەکەن.

### ١٠/١ - ٢) تیۆری هۆشەکی

سەرهەڵدانی ئەم تیۆرە، دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی حەڤدەهەم و فەیلەسوفی ئینگلیزی (جۆن لوك) دەڵێت: ((بەکارهێنانی وشەکان، دەبێت هێمایەکی وورد و ڕاستەوخۆبن بۆ بیرەکان)). (تالیب حسێن عەلی: ٢٠١١: ٣٣) ئەم بۆچوونە بۆ چارەسەرکردنی کەموکورتییەکانی تیۆری ئەفلاتوون هاتە کایەوە، لەم تیۆرەدا زمان بەهۆکارێك یان ڕێگەیەك دادەنرێت بۆ گەیاندنی بیر.

بەڵام فراوانبوونی ئەم تیۆرە دەگەڕێتەوە بۆساڵی ١٩٢٣، کاتێك کە (ئۆگدن) و (ڕیچاردز)، سێگۆشەیەکیان بەناوی (سێگۆشەی واتایی)، بۆ ڕوونکردنەوەی پەیوەندی نێوان وشەو واتا و دنیای دەرەوە داناو بووە تیۆری (سێگۆشەی واتایی). (فەرهاد تۆفیق حەسەن: ٢٠١٠: ١٤)




(هێڵکاری ١٢: سێگۆشەی واتایی)

هێما لەم تیۆرەدا، ئاماژە بۆ بیرێك دەکات لە مێشکدا، ئەم بیرەش واتای هێماکە دەگەیەنێت، واتە ((وشە کاتێك واتادار دەبێت، کە بیرێك یان چەمکێك یان وێنەیەك دروست بکات)). (شێروان حسێن خۆشناو: ٢٠١١: ٤١)، ئەم تیۆرە واتا وەکو پەیوەندییەکی سێ قۆڵی لە نێوان هێما و چەمك و تەندا باس دەکات.

بەپێی ئەم تیۆرە دوو دەربڕین دەبن بەسینۆنیم، ئەگەر هەردووکیان یەك وێنە و یەك چەمکی هۆشەکییان هەبێت، بۆ نمونە وشەکانی (دووگمە، قۆپچە) دوو هێمای جیاوازن، بەڵام پێکەوە یەك وێنەی هۆشەکی لە مێشکدا دروست دەکەن، کەواتە دەبن بە سینۆنیم.

هەر لەم تیۆرەدا ئەگەر دوو دەربڕین واتە دوو هێما، دوو چەمکی دژ بەیەك و پێچەوانە لە مێشکدا دروست بکەن، ئەوا دەبنە ئەنتۆنیم، بۆ نمونە وشەکانی (شەو، ڕۆژ) دوو وێنەی هۆشەکی دژ بەکیان هەیە، کەواتە ئەنتۆنیمی یەکترن.

هەروەها ئەگەر یەك دەربڕین دوو وێنەی هۆشەکی دوور لەیەکتر دروست بکات، کە ئەو دوو وێنەیە هیچ پەیوەندییەکیان بەیەکەوە نەبێت، ئەوە دەبنە هۆمۆنیم، واتە لێرەدا یەك هێما و دوو وێنەی هۆشەکی هەیە، بۆ نموونە کە دەڵێین (مۆر) بە بیستنی ئەم وشەیە سێ وێنەی هۆشەکی دوور لە یەکتر لەمێشکماندا دروستدەبێت، یەکەم: بە واتای ڕەنگی مۆر، دووەم: بەواتای زیندەوەرێکی وردە، کە دار و تەختە دەڕزێنێت، سێیەم: ئامێری مۆرکردن.

وەکو ئاشکرایە ئەو سێ وێنە هۆشەکییە، هیچ هاوبەشییەکیان تێدا نابینرێت، بۆیە پەیوەندی هۆمۆنیمییان دروستکردووە.

## ١٠/١ - ٣) تیۆری ڕەفتاری (ڕەوشتی)

ئەم تیۆرە لەسەر هەردوو چەمکی (وروژێنەر) و (وەڵامدانەوە) کاردەکات. (محمد محمد یونس علی: ٢٠٠٤: ٢٥)

_ وروژێنەر: بە ئەو ڕووداوانە دەوترێت، کە لە پێش قسەکردندا ڕوودەدەن، پاشانیش دەبنە هۆکاری زار کردنەوەی قسەکەرەکەو ئاخاوتنی.

_ وەڵامدانەوە: واتە ئەو ڕووداوانەی دوای قسەکردنەکە ڕوودەدەن، بە وەڵامدانەوەی گوێگرەکە ناوزەد دەکرێت. (سەلام ناوخۆش و نەریمان خۆشناو: ٢٠١٠: ٢٩٢) کەواتە بەپێی ئەم تیۆرە واتا بریتییە لەو بارودۆخەی، کە دەربڕراوەکەی تێدا بەکاردەهێنرێت لەگەڵ ئەو کاردانەوەیەی لای گوێگر دروست دەبێت، لەم تیۆرەدا ئەگەر دوو دەربڕراو یان دوو یەکەی واتایی هەمان کاردانەوە لای گوێگر دروست بکەن، ئەوا ئەو دوو دەربڕراوە دەبنە سینۆنیم. (أحمد مختار عمر: ١٩٩٨: ٢٢٤) وەکو:

- خێراکە با بڕۆین.
- پەلە بکە با بڕۆین.

ئەو دوو ڕستەیە هەمان کاردانەوەیان لای گوێگر هەیە، کەواتە سینۆنیمی یەکترن.

هەر لە ڕوانگەی ئەم تیۆرەوە ئەگەر دوو یەکەی واتایی، دوو کاردانەوەی جیاواز و پێچەوانە لای گوێگر دروست بکەن، ئەوا ئەو دوو یەکەیە دەبنە ئەنتۆنیم، وەکو:

- کراسەکەت زۆر جوانە.
- کراسەکەت زۆر ناشرینە.

لەو دوو ڕستەیەدا (جوان) و (ناشرین) دوو کاردانەوەی دژ بەیەك کە یەکێکیان پۆزەتیڤە و ئەوی تریان نێگەتیڤ، لای گوێگر دروست دەکەن، کەواتە ئەنتۆنیمی یەکترن.

## ١٠/١ - ٤) تیۆری دەوروبەر (بەکارهێنان)

ئەم تیۆرە لای زمانەوانی بەریتانی (فێرس) سەری هەڵداوە، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات و دەڵێت:((لەواتا مەکۆڵەرەوە، بەڵکو لەبەکارهێنانی وشەکان بکۆڵەرەوە)). (ساجیدە عەبدوڵڵا فەرهادی: ٢٠١٣: ٣٦)، کەواتە بەپێی ئەم تیۆرە، واتای وشە (بریتییە لەو ڕێگەیەی، کە لەزماندا بەکاردێت، یان بەکارهێنانیەتی لەزماندا). (احمد مختار عمر: ١٩٩٨: ٦٨)

لەم تیۆرەدا وشە واتایەکی شاراوەی هەیە و لە کاتی بەکارهێناندا دەردەکەوێت، ((چونکە واتای وشە بەپێی ئەو سیاقەی، کە تێیدا دەردەکەوێت، دەستنیشان دەکرێت، بەو سیفەتەی واتای وشەکە دەبێتە بەشێك لەواتای گشتی سیاقەکە)). (تالیب حسێن عەلی: ٢٠١٤: ٣٨)

کەواتە دەتوانین بڵێین، کاتێك وشە لە دەوروبەردا بەکاردێت، ئەوا وشەکانی دەوروبەری، واتای تاکە وشەکە سنوردارتر دەکەن، بۆیە بۆ لێکدانەوەی واتای هەر وشەیەك، دەبێت سەیری ئەو دەوروبەرە بکرێت، کە وشەکەی تێدا وتراوە، وەکو واتای وشەی (باش) لەم ڕستانەدا جیاوازن لەیەکتر:

- لێدانێکی باشی خوارد. (خراپ)
- خواردنێکی باشیان بۆ هێناین. (خۆش)
- کەسێکی باشە. (چاکە)

لە ڕوانگەی ئەم تیۆرەوە دوو وشەی جیاواز دەبنە سینۆنیم، ئەگەر توانای ئەوەیان هەبێت، لە شوێنی یەکتر بەکاربهێنرێن بەبێ دروستبوونی گۆڕان لە واتادا، کە ڕەنگە لە فەرهەنگدا هیچ پەیوەندییەکی واتایی لە نێوان ئەو دوو وشەیەدا نەبێت، بۆ نمونە هەردوو وشەی (گۆڵ لێکردن، خەڵەتاندن) لەم ڕستانەدا:

- گۆڵێکی باشم لێکرد.
- باش خەڵەتاندم.

لەو دوو ڕستەیەدا دەردەکەوێت، (گۆڵ لێکردن) و (خەڵەتاندن) لە چوارچێوەی بەکارهێناندا بوون بە سینۆنیمی یەکتر، چونکە هەردووکیان بە واتای (فریودان) بەکارهاتوون.

دەکرێت وشە لە چوارچێوەی بەکارهێناندا دژ واتای خۆی بگەیەنێت، بۆ نمونە وشەی (درەنگ) لەم ڕستەیەدا: درەنگ دەستت بەگریان کردەوە! دیارە وشەی (درەنگ) لەو ڕستەیەدا، واتای (زوو) ی گەیاندووە، کە پێچەوانە و دژی واتا بنچینەکەیەتی، چونکە واتای ئەو بەم شێوەیەیە: زوو دەستت بە گریان کردەوە.

لە تیۆری بەکارهێناندا هەندێك وشە واتا و مەبەستی جیاواز دەگەیەنێت، کە هیچ پەیوەندییان بە واتا بنچینەییەکەوە نیە دەبن بە هۆمۆنیم، وەکو واتای وشەی (شکا) لەم ڕستانەدا:-

پەنجەرەکە شکا. (وردبوو)

ڕۆژووەکەم شکا. (بەتاڵ بووەوە)

عەقڵی پێی شکا. (ڕێی تێچوو)

لەو ڕستانەدا وشەی (شکا) چەند واتایەکی جیاواز لەیەکتری گەیاندوو، کە هیچ پەیوەندییەك ئەو واتایانە پێکەوە نابەستێتەوە، بۆیە دەبن بەهۆمۆنیمی یەکتر.

هەندێك وشە لە چوارچێوەی بەكارهێناندا دەتوانرێت پۆلیسیمی زۆری لێ دابڕێژرێت، وەكو وشەی (وشك) لەم نمونانەی خوارەوەدا:

ژیانی وشكەساڵی دژوارە. بێ بارانی

كابرا لە سەرما وشك بووەوە. مرد، ڕەق بووەوە

زەوییەكە وشكە. بێ ئاو

كابرا لە ترسا وشك بوو. حەپەسا (دارا حەمید محەمەد: ٢٠٠٦: ٣٤)

## ١٠/١ - ٥) تیۆری شیكردنەوە

ئەم تیۆرە سەرەتا لە ساڵی ١٩٦٣ز دا لەلایەن (كاتز) و (فۆدەر) ەوە خرایەڕوو، ئەم زانایە تیۆرییەكەیان لەسەر بناغەی شیكردنەوەی هەر واتایەك لە واتاكانی وشە بۆ سیما پێكهێنەرەكانی دامەزراندووە، بە شێوەیەك كە بتوانرێت هەنگاو بنرێت لە گشتەوە بۆ تایبەت. (عەبدوڵا عەزیز محەمەد: ١٩٩٠: ٣٣)

تیۆرەكە گرنگی بە دابەشكردنی یەكە فەرهەنگییەكان دەدات، بۆ یەكە سەرەكیەكانی خۆیان، (تایبەتمەندییەكانی، یان كۆڵەكەو بنەماكانی) (محمد محمد یونس علی: ٢٠٠٤: ٣٣)، بەم پێیە ئەم تیۆرە كار لەسەر سیما واتاییەكانی وشە دەكات، هەموو وشەیەك بۆ پێكهاتەی واتایی جیا دەكاتەوە، لەهەر یەكەیەكی واتاییدا چەند سیمایەكی واتایی هەن، هەر لەرێی ئەم تیۆرەوە دەتوانین پەیوەندییە واتاییەكانی وەكو: سینۆنیم، ئەنتۆنیم، هایپۆنیم......هتد، دیاری بكەین. (شێروان حسێن خۆشناو: ٢٠١١: ٤٤)

بە بەكارهێنانی ئەم تیۆرە دەتوانین وشە سینۆنیمەكانی زمان دیاری بكەین، لە ڕێگەی دەستنیشان كردنی سیما واتاییەكانەوە، بۆ نمونە:

كچ = +مرۆڤ، +مێ ، ± هەراش، - شوكردن

كیژ = +مرۆڤ، +مێ ، ± هەراش، - شوكردن

كەواتە بەپێی تیۆری شیكردنەوە دەتوانین بڵێین (كچ) و (كیژ) سینۆنیمی یەكترن، چونكە سیما واتاییەكانیان یەكسانن، ئەگەر هاتوو دوو وشە لە هەندێك سیمای لاوەكیدا لێك جیاوازبن، ئەوا دەبنە سینۆنیمی ناتەواو.

هەر لە ڕێگەی ئەم تیۆرەوە دەتوانین وشە ئەنتۆنیمەكان دیاری بكەین، چونكە ئەگەر دوو وشە ئەنتۆنیمی یەكتربن بە لایەنی كەمەوە یەكێك لە سیما واتاییەكانیان دژی یەكترن. (دارا حەمید محەمەد: ٢٠٠٦: ٣٩) بۆ نمونە:

كچ = +مرۆڤ، ± هەراش، - نێر

كوڕ= +مرۆڤ، ± هەراش، + نێر

کەواتە کچ و کوڕ ئەنتۆنیمی یەکترن.

دیاریکردنی پەیوەندی واتایی (هۆمۆنیم) لەم تیۆرەدا بە شێوەیەکە، ئەگەر دوو وشە لە شێوەدا وەك یەك بن، بەڵام سیما واتاییەکانیان هیچ پەیوەندییان بەیەکەوە نەبێت، ئەوە دەبنە هۆمۆنیم، بۆ نمونە:

شیر(١) = +تیژ +ڕەق + چەك (شمشێر)

شیر(٢)= +سپی +شلە+ تام (شیری خواردنەوە)

لە نمونەکەدا دیارە سیما واتاییەکانی هەردوو وشەی (شیر) هیچ هاوبەشی و لێکچوونێك لە نێوانیاندا نییە، کەواتە دەبنە هۆمۆنیم.

لە تیۆری شیکردنەوەدا ئەگەر وشەیەك دوو واتا بگەیەنێت، بەڵام لە سیما واتاییەکانیاندا لە چەند شوێنێکدا یەك بگرنەوە، ئەوا پەیوەندی پۆلیسیمی دروست دەبێت. (أحمد مختار عمر: ١٩٩٨: ١٣٧) بۆ نمونە:

ڕۆژ (ڕۆژەکانی هەفتە) = +کات، +ڕووناکی، - شەو

ڕۆژ (خۆر) = +هەسارە، +ڕووناکی، - شەو

# بەشی دووەم

## پەیوەندییە واتاییەکان لە مۆرفیمە بەندە وشە دارێژەکاندا.

## ٢/ پەیوەندییە واتاییەکان لە مۆرفیمە بەندە وشە داڕێژەکاندا.

مۆرفیمی بەند کۆمەڵە مۆرفیمێکن، هەر یەکەیان چەمك و واتای تایبەت بەخۆیان هەیە، بەڵام ئەو چەمك و واتایە دەرناکەوێت، تاوەکو بە بنکەیەکەوە نەلکێن، ئەم مۆرفیمە بەندانەش لەسەر بنەمای ئەرك و واتایان دابەشکراون بۆ دوو بەشی سەرەکی:

یەکەمیان: مۆرفیمی بەندی وشە گۆڕ (ڕێزمانی)، ئەمانە لە چوار چێوەی سینتاکسدا کاردەکەن، واتە ئاستی سینتاکس بەبێ ئەم جۆرە مۆرفێمە ناتوانێت ئەرکی گەیاندنی واتا جێبەجێبکات و ڕستە دروستنابێت.

دووەمیان: مۆرفیمی بەندی وشەداڕێژ (فەرهەنگی)، ئەم مۆرفیمانەش ئەرکیان دروستکردنی وشەی نوێیە بە واتای نوێوە، واتە ئەرکی سەرەکییان فراوانکردنی فەرهەنگی زمانە.

لەڕێگەی ئەم مۆرفیمە وشەداڕێژانەوە دەتوانین وشەی نوێ بۆ دیاردە و شتە تازەکانی دەوروبەرمان دروستبکەین، واتە لە جیاتی ئەوەی بۆ هەردیاردە و کەرەستەیەکی سروشت، وشەیەکی نوێ بێتە زمانەوە، ئەم مۆرفیمانە کارئاسانی بۆ زمان دەکەن و دەتوانن بە لکاندنیان بە بنکەیەکەوە، وشەی نوێی لێبەرهەمبهێنن، دیارە ئەمەش بەپێی ڕێکەوتنی کۆمەڵ و یاسا مۆرفۆلۆجییەکانی زمانەکە دەبێت.

هەروەها مۆرفیمە بەندەکان لە زمانی کوردیدا بەپێی شوێنی هاتنیان دابەش دەبن بۆ (پێشگر، پاشگر)، لە نێو ئەم کۆمەڵە مورفیمانەدا لە هەردوو جۆرەکەدا، کۆمەڵێك پەیوەندی واتایی هەن، واتە هەر وەکو چۆن لە چوارچێوەی فۆنیم و وشە و ڕستەدا پەیوەندییە واتاییەکان دەبینرێن، بەهەمان شێوە لەچوارچێوەی مۆرفیمە بەندەکاندا چەند جۆرێك پەیوەندی واتایی دەردەکەوێت، دیارترینیان (سینۆنیم، ئەنتۆنیم، پۆلیسیمی، هۆمۆنیم) ن.

ئێمەش لەم بەشەدا هەوڵدەدەین هەریەکە لەو پەیوەندییە واتاییانە بە وردی لە چوارچێوەی مۆرفیمە بەندەکاندا دەستنیشان بکەین و بەنموونەوە ڕوونیانبکەینەوە.

### ١/٢) سینۆنیم لە مۆرفێمە بەندە وشەداڕێژەکاندا.

سینۆنیم لێکچوونی دوو یەکەی واتاییە لەواتادا و توانینی لە بری یەك دانانیانە لە هەندێ دەوروبەری زمانیدا، دوو جۆر پەیوەندی سینۆنیمی لە نێوان مۆرفێمە بەندە وشەداڕێژەکاندا دەستنیشانکراون[١٤]، یەکەمیان: لەسەر بنەمای هەبوونی چەمکی هاوبەشە لە نێوان مۆرفێمەکاندا

١٤- بۆ زانیاری لەسەر جۆرەکانی سینۆنیم لە مۆرفیمە بەندەکاندا، بڕوانە: شێروان حسێن خۆشناو:٢٠١١ :١٤٤- ١٥٥.

و ناونراون سینۆنیمی (سیگنی فاکت)[15] (یو.س.ستیپانۆڤ: ١٩٧٥: ٣١)، دووەمیان: لەسەر بنەمای توانای بەکارهێنانیانە لە شوێنی یەکتر، دواتر لە نموونەکاندا هەردوو جۆرەکە دەستنیشاندەکەین و ڕوونیاندەکەینەوە، مۆرفیمە وشەدارێژەکانیش بەپێی شوێنی هاتنیان، دابەشدەبن بۆ پێشگر و پاشگر.

**٢/١-١) سینۆنیم لە پێشگرە وشە دارێژەکاندا:** هەبوونی دوو پێشگری وشەدارێژە، کە پەیوەندی سینۆنیمی کۆیاندەکاتەوە، گرووپی پێشگرە کرداریەکان و مۆرفێمەکانی نەرێی فەرهەنگی دەگرێتەوە.

**٢/١- ١- ١) سینۆنیم لە پێشگرە کرداریەکاندا.**

(پێشگرە کرداریەکان ئەو پێشگرانەن، دەچنە سەر کرداری سادە و کرداری دارێژراو بەرهەم دەهێنن)[16]، لە زمانی کوردیدا ژمارەیەکی دیاریکراو پێشگری وشەدارێژ هەن، ژمارەیان بە بەراورد لەگەڵ پاشگرە وشەدارێژەکان زۆر کەمترە و بە پێشگرە کردارییەکان ناسراون، لەمانە پێکهاتوون: (هەڵ، دا، ڕا، ڕۆ، پێ، تێ، لێ، وەر، هاو)، لە نێوان ئەم پێشگرانەدا هەندێکیان لە چەند دەوروبەرێکی بەکارهێناندا دەتوانن لە بری یەکتر بەکاربهێنرێن و پەیوەندی سینۆنیمی دروست بکەن، وەکو:

| | |
|---|---|
| ڕووتێکردن = ڕوولێکردن | /تێ-/ = /لێ-/ |
| پشتتێکردن =پشتلێکردن | /تێ-/ = /لێ-/ |
| لێکەوتن = پێکەوتن | /لێ-/ = /پێ-/ |
| ڕۆکردن = داکردن | /ڕۆ-/ = /دا-/ |
| پێکردن = هەڵکردن | /پێ-/ = /هەڵ-/ |
| ڕاهاتن = داهاتن | /ڕا-/ = /دا-/ |
| تێگرتن = لێگرتن | /تێ-/ = /لێ-/ |

لەو نموونانەی سەرەوەدا، هەریەك لەو جووت وشانە پەیوەندی سینۆنیمی لە نێوانیاندا دروستبووە، دیارە ئەم پەیوەندییەش بەهۆی پێشگرە کردارییەکانەوە پەیدابووە، کەواتە دەتوانین بڵێین سیمای واتاییان وەکیەکن، وەکو: /ڕۆ-/ ، /دا-/، لەنموونەکانی:

---

١٥- بڕوانە: ٦/١ -١-١-٤.

١٦- بڕوانە: ڕەفیق شوانی: ٢٠١٤: ١٣٥ ، ایران کلباسی:١٣٩١: ٨٤ — ٩٢.

**دانم بۆ مریشکەکان ڕۆکردووە. = دانم بۆ مریشکەکان داکردووە.**

| /ڕۆ-/ | /دا-/ |
|---|---|
| +گەیاندنی ئاراستە | +گەیاندنی ئاراستە |
| +بەرەوخوارەوە | +بەرەوخوارەوە |
| +دانان و هەڵڕژاندن | +دانان و هەڵڕژاندن |

**هەروەها مۆرفیمی /ڕا-/، /دا-/ لەنموونەکانی:**

**لەگەڵ بارودۆخەکەدا ڕاهاتووم. = لەگەڵ بارودۆخەکەدا داهاتووم.**

| /ڕا-/ | /دا-/ |
|---|---|
| + خۆگونجاندن | + خۆگونجاندن |
| + واتای هۆشەکی | + واتای هۆشەکی |
| ± ئارەزوومەندی | ± ئارەزوومەندی |

**بەم پێیەش دەگەینە ئەو ڕاستییەی، هەریەك لەو مۆرفیمە بەندانەی سەرەوەدا، کە بەنموونە وەرمانگرتوون هەڵگری سیمای واتایی هاوبەشن، بۆیە دەتوانن لە بری یەکتر بەکاربهێنرێن.**

## ٢/١- ١-٢) سینۆنیم لە مۆرفێمە بەندەکانی نەرێی فەرهەنگیدا

**مۆرفیمی بەندی نەرێی فەرهەنگی، چەند مۆرفێمێکی بەندن ((دەچنەسەر مۆرفێمێکی سەربەخۆ، کە لە ڕووی سیمانتیکەوە پۆزەتیف بێت و چەمکی دژێتی یان پێچەوانە بوون بە وشە نوێیەکە دەبەخشێت)). (Zeki hamawand: 2011: 69).**

**ئەم مۆرفێمانە بەشێوەی پێشگر دەردەکەون و هەڵگری چەمکی نێگەتیڤی و پێچەوانەیین، بۆیە کاتێك وشەیەکی نوێ لەم ڕێگەیەوە سازدەکرێت، وشە نوێیەکە سیمای (+نێگە تیڤ) وەردەگرێت.**

**ژمارە و کەم و زۆری ئەم مۆرفیمانەش لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە جیاوازە[١٧]، لە زمانی کوردیدا ژمارەیەکی کەم مۆرفیمی بەندی نەرێی فەرهەنگیمان هەیە، کە بەشێوەی پێشگرن و ئەمانەن: (نە ، نا، بێ)، ئەمانەش لەگەڵ هەندێ بنکەدا دەتوانن لە بری یەکتر بێن و ببنە سینۆنیم، وەکو :**

**ناشارەزا = نەشارەزا /نا-/ = /نە-/**

---

١٧- لە زمانی ئینگلیزیدا بەبەراورد لەگەڵ زمانی کوردی ژمارەیەکی زۆر و بەرچاو پێشگری نێگەتیڤ هەیە، کە ئەمانەن: (in-,dis-, de-,couter-,contra-,anti-,ab-,un-,semi-,quasi-,sub-,non-,mis-…)
بۆ زانیاری تەواو لەسەر ئەم پێشگرە نێگەتیڤانە بڕوانە: Zeki hamawand: 2009: 60 - 83.

ناشرین = نەشرین /نا-/ = /نە-/

ناساغ = نەساغ /نا-/ = /نە-/

((ناساز = نەساز /نا-/ = /نە-/

نادیدە = نەدیدە /نا-/ = /نە-/)) (ڕەفیق محەمەد شوانی: ٢٠٠٨: ٩٥)

## ٢-١/٢) سینۆنیم لە پاشگرە وشەداڕێژەکاندا.

**بوونی دوو مۆرفێمی بەندی وشەداڕێژە بە شێوەی پاشگر، کە پەیوەندی سینۆنیمی کۆیاندەکاتەوە، پاشگرە وشەداڕێژەکانی زمانی کوردی، بە پێی ئەو چەمك و واتایەی دەیگەیەنن، دابەشکراون بۆ چەند گروپێك، لە نێو ئەندامەکانی هەریەك لەو گروپانەشدا پەیوەندی سینۆنیمی بەدیدەکرێت، کە ئەمانەن:**

### ٢-١/٢- ١) مۆرفێمە بەندەکانی ناوی ئەبستراکتی.

**ئەبستراکت پرۆسەیەکە، (کاری ئەم پرۆسەیە بریتییە لە هەڵاوێرکردن و داماڵینی وێنەی کەرستە هەستپێکراوەکان لە ماددەکەی و ڕووتکردنەوەی لە تایبەتمەندییەکانی بەمەبەستی بەدەستهێنانی (بیرۆکەیەك / وێنایەك) ی هزری لە مێشکی مرۆڤدا). (مستەفا ڕەزا مستەفا: ٢٠١٣: ٥).**

**زمان لە بچوکترین دانەیەوە، کە فۆنێمەکانیەتی تا دەگاتە گەورەترین دانە، کە ڕستەیە بە پرۆسەی ئەبستراکتدا تێدەپەڕێت، واتە ئەبستراکت لە هەموو ئاستەکانی زماندا هەیە و ئەو بیرەیە، کە لە مێشکدا یە و بە کەرەستەکانی زمان کۆنکرێتیان دەکەین.**

**واتە لە مێشکدا فۆنیم و مۆرفیم و وشە و فرێز و ڕستەکان هەڵگیراون، کاتێك هەریەکێك لەوانە بە شێوەی دەنگ دەردەبڕین، ئەوا دەچنە قۆناغی کۆنکرێتەوە، لە زمانی کوردیدا ژمارەیەکی دیاریکراو لە ناوی ئەبستراکتمان هەیە و بنجی و ئامادەن هەر لە بنەڕەتدا وشەی ئەبستراکتین، وەکو (غەم، ئازار، شەرم، ئارەزوو، هیوا)، بەڵام بەهۆی گروپێك مۆرفێمی بەندەوە، کە هەڵگری چەمکی ئەبستراکتین توانراوە فەرهەنگی کوردی بە وشەی ئەبستراکتی دەوڵەمەندبکرێت، ئەم مۆرفیمانەش دەچنە سەر بنکەی جیاجیا و ناوی نوێ بە واتای نوێ دروستدەکەن، دیارترین ئەو مۆرفێمانەش ئەمانەن: ((ی، ێتی، ایەتی، ەتی، ایی، ە، ێنی، ار، انە، ا، ینی، ندە)) [18]، لەنموونەکانی (خۆشی، کەرێتی، برایەتی، فورسایی، چلە، بووکێنی، کردار، شاگردانە، گەرما، دڕندە...هتد).**

---

١٨- بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە : مستەفا ڕەزا مستەفا : ٢٠١٣.

بۆدیاریکردنی دوو جۆرەکەی سینۆنیم لەم گرووپەدا، هەموو ئەو مۆرفێمە بەندانەی ناوی ئەبستراکت دادەڕێژن، هەڵگری یەك چەمکی هاوبەشن، ئەویش چەمکی (ئەبستراکت) یە، کەواتە هەموویان سینۆنیمی یەکترن، (ستیپانۆڤ ) ئەم جۆرەی سینۆنیمی ناو ناوە (سینۆنیمی سیگنی فاکت).(یو.س.ستیپانۆڤ: ١٩٧٥: ١٤).

جۆری دووەمی سینۆنیم لە نێو ئەم گروپە مۆرفێمەدا ئەوەیە، هەرمۆرفیمێك بتوانێت لە جێکەوتە و شوێنی مۆرفیمی تردا بەکاربهێنرێت و چاڵە زمانییەکەی پڕبکاتەوە ئەوا بە سینۆنیمی یەکتر دادەنرێن، واتە ((هەرمۆرفێمێك توانای ئەوەی هەبێت لە شوێنی مۆرفێمێکی تریان بەکاربهێنرێت و نەبێتە هۆی گۆڕینی واتای وشەکە ئەوا ئەو دوو مۆرفێمە بەندە بە سینۆنیمی یەکتر دادەنرێن)) (شێروان حسێن خۆشناو: ٢٠١١: ١٤٨).

وەکو :

| | |
|---|---|
| منداڵی = منداڵێتی | /-ی/ = /-ێتی/. |
| جوانی = جوانێتی | /-ی/ = /-ێتی/ |
| کچێنی = کچێتی | /-ێنی/ = /-ێتی/ |
| مەردێتی = مەردایەتی | /-ێتی/ = /-ایەتی/ |
| خوشکێتی = خوشکایەتی | /-ێتی/ = /-ایەتی/ |
| شاگردی = شاگردانە | /-ی/ = /-انە/ |
| ئامۆزایی = ئامۆزایەتی | /-یی/ = /-یەتی/ |
| هاوسێیی = هاوسێیەتی | /-یی/ = /-یەتی/ |

لەو نموونانەی سەرەوەدا، فاکتەری سەرەکی توانای بەکارهێنایان لەبری یەکتر، بەهۆی بوونی هاوبەشییە لە سیما واتاییەکانیاندا، وەکو /-ی/ ، /- ێتی/، لە نموونەکانی (منداڵی، منداڵێتی) چەند سیمایەکی هاوبەشیان بە بناغەکە بەخشیوە، ئەمانەن:

| /-ی/ | /-ێتی/ |
|---|---|
| +واتای هۆشەکی | +واتای هۆشەکی |
| +قۆناغی دیاریکراو | +قۆناغی دیاریکراو |
| - بەرجەستە | - بەرجەستە |

## ٢/١-٢-٢) مۆرفێمە بەندەکانی ناوی شوێن

ئەم جۆرە مۆرفێمانە کۆمەڵێك مۆرفیمی بەندی وشەداڕێژ دەگرێتەوە، بە شێوەی پاشگر دەردەکەون و هەڵگری چەمکی شوێنن، واتە کە دەچنە سەر هەر بنکەیەك دەیگۆڕن بۆ ناوی شوێن و سیمای واتایی (+شوێن) ی پێدەبەخشن، دیارترین ئەو مۆرفێمانەش بریتین لە (ستان، گە، گا،

خانە، دان، ەڵان، ەوار، جاڕ، ەن، دێن، شەن، مان، یان، ار، ان، ەتی، زار ، ایی، وو، ەوانی...)[19] ، لە نموونەکانی (کوردستان، خواردنگە، کۆگا، نەخۆشخانە، گوڵدان، بەردەڵان، زستانەوار، پیازەجاڕ، ڕەقەن، کادێن، گوڵشەن، نیشتمان، موکریان، بنار، لەیلان، جافەتی، گوڵزار، تەختایی، خواروو، چۆڵەوانی...)، بەگشتی توانا و چالاکی ئەم مۆرفیمانە لە سازکردنی ناوی شوێندا لەیەکتر جیاوازن، هەندێکیان بەشداری لە پێکهێنانی ژمارەیەکی زۆر لە ناوی شوێندا دەکەن، بەڵام هەندێکیان بەپێچەوانەوەیە ، واتە ((ئەم مۆرفێمانە پلەی توانای بەکارهێنانیان جیاوازە، واتە هەندێکیان ئەکتیڤن و هەندێکیان پاسیڤن)). (شێروان حسێن حەمەد: ٢٠١٤: ٨٢)، بەجۆرێك هەندێکیان تەنیا بەشداری لە داڕشتنی چەند وشەیەکی کەمدا دەکەن و توانای بەکارهێنانیان لاوازە لەوانە (مان، دێن، شەن).

هەندێکی تریان زۆر چالاکن و بەردەوام بەشداری لە داڕشتن و بەرهەم هێنانی وشەی نوێدا دەکەن، وەکو (ستان، گە، گا)[20].

ئەم جۆرە مۆرفێمە بەندانەهەموویان هەڵگری سیمای واتایی (+ شوێن) ن، واتە یەك چەمکی هاوبەش کۆیان دەکاتەوە، ئەویش چەمکی (شوێن) ە، کەواتە بە سینۆنیمی سیگنی فاکت دادەنرێن.

هەندێك لەم مۆرفێمە بەندانە لە چەند جێگەیەکی دیاری کراودا دەتوانن لە شوێنی یەکتر بەکاربهێنرێن، وەکو :

| | |
|---|---|
| ناندان = ناندێن | /-دان/= /-دێن/ |
| کادان = کادێن | /-دان/= /-دێن/ (شێروان حسێن خۆشناو: ٢٠١١ : ١٥٤). |
| خوێندنگە = خوێندنگا | /-گە/= /-گا/ |
| سەیرانگە = سەیرانگا | /-گە/= /-گا/ |
| پەیمانگە =پەیمانگا | /-گە/= /-گا/ |
| لێرەوار = لێڕستان | /-ەوار/ = /-ستان/ |
| گوڵستان = گوڵزار | /-ستان/= /-زار/ |
| گوڵستان = گوڵشەن | /-ستان/ = /-شەن/ |
| ڕەقایی = ڕەقانی = ڕەقەن | /-ایی/ = /-انی/ =/-ەن/ |
| سەوزایی = سەوزەڵان | /-ایی/= /-ەڵان/ |
| نەرمایی = نەرمان | /-ایی/= /-ان/ |
| چۆڵەوانی = چۆڵایی | /-ەوانی/= /-ایی/ |

١٩- بڕوانە : ئەوڕەحمانی حاجی مارف: ٢٠١٤ب: ٧١-٧٢.

٢٠- بۆ زانیاری تەواو لەسەر ئاماری بەکارهێنانی مۆرفیمە وشە داڕێژەکان بڕوانە: شێروان حسێن حەمەد: ٢٠١٤ : ٨٠ — ١١٠.

هەریەك لەو مۆرفیمە بەندانەی، كە چەمكی شوێنیان بە بنكەكان بەخشیوە، بەهۆی هاو بەشییان لە سیما واتاییەكاندا توانیویانە لەبری یەكتر بەكاربهێنرێن، وەك لەنموونەكانی (سەوزایی، سەوزەڵان) دا، هەردوو مۆرفیمی /-ایی/ و /- ەڵان/ لەسیماكانی (+ناوی شوێن، +ناوی گشتی، +بەرجەستە، - چەسپاو لەڕووی قەبارەوە) هاوبەشن، ئەمەش بۆ نموونەكانی تری سەرەوە هەمان چەشنە.

هەروەها لە نموونەكاندا ئەوە ڕووندەبێتەوە، بە شێوەیەكی دیار و بەرچاو هەردوو مۆرفیمی بەندی /-گە/ و /-گا/ لە زۆربەی شوێنەكاندا دەتوانن لە بری یەكتر بەكاربهێنرێن و ببنە سینۆنیمی یەكتر، نزیكی و تێكەڵبوونی ئەم دوو مۆرفیمە بەندە وای كردووە بوترێت: ((پاشگری (گە – گا) شێوە مۆرفیمی یەكترن)). (ڕۆژان نوری عەبدوڵا: ٢٠٠٧ : ٢٥٧)، واتە ئەو دوو مۆرفیمە بە ئەلۆمۆرفی یەكتر دانراون، بەڵام لە ڕاستیدا دوو مۆرفیمی بەندی جیاوازن و مەرجەكانی ئەلۆمۆرفیان تێدابەدیناكرێت، چونكە لە زمانی كوردیدا سێ جۆر ئەلۆمۆرف هەیە، بریتین لە (ئەلۆمۆرفی فۆنۆلۆژی، ئەلۆمۆرفی لێكسیكی، ئەلۆمۆرفی گۆڕاو)[٢١]، بەڵام /-گە/ و /-گا/ ناچنە خانەی هیچ یەك لەو جۆرانە، هەروەها دەتوانن لەهەمان ژینگەدا دەربكەون، بۆیە بەسینۆنیمی یەكتر دادەنرێن نەك بەلۆمۆرفی یەكتر.

مۆرفیمی /- خانە/ لەگەڵ هەردوو مۆرفیمی /- گە/ و /- گا/ لە هەندێك شوێندا لەسەر بنكەی جیاواز لە بری یەكتری دێن، ئەمەش وایانلێدەكات تەواوی وشەكە ببێتە سینۆنیم، وەكو:

((خواردنگە = چێشتخانە

خوێندنگا = قوتابخانە

كوشتارگە = سەربڕخانە

پەڕاوگە = كتێبخانە )) (شێروان حسێن حەمەد: ٢٠١٤: ٨٤)

### ٣-٢-١/٢) مۆرفیمە بەندەكانی بواری بچووككردنەوە

ئەمانە گروپێك مۆرفیمی بەندی وشەداڕێژن، دەچنە سەر هەر بنكەیەك چەمكی بچووككردنەوە بەو بنكەیە دەبەخشن، واتە ((ئەم گیرەكانە دەگونجێت بە مەبەستی دەربڕینی چەمكی بچووكی قەبارەی شتەكان بۆ وشە زیادبكرێت، هەروەها هەندێ جار بۆ مەبەستی سۆز و خۆشەو یستی بەكاردەهێنرێت)) (trask: 2007 : 94) دیارترین ئەو گیرەكانەش، كە هەڵگری چەمكی بچووككردنەوەن، گروپێكن بە شێوەی پاشگر دەردەكەون و دەچنە سەر بنكەی جیاواز، ئەمانەن: (-كە، -چە، -لە، -چكە، -یلە، -وولە، -ۆڵە، -ۆ، -ێ، -كەلە، -ەڵە، -ۆل، -ەكە، -ۆكە، -ۆك، -ە،

---

٢١- بۆ زانیاری لەسەر جۆر و مەرجەكانی ئەلۆ مۆرف بڕوانە: ڕەفیق شوانی: ٢٠١٤: ١٧ – ٢٤ ، هێرش كەریم حەمید: ٢٠١٥: ٣٨ - ٤١.

-یژگە، -ولکە، -وچکە...)[22]، وەك لە نموونەکانی (لەتکە، باخچە، برالە، خانۆچکە، دەبوولە، نەرمۆڵە، خڕەڵە، حەمۆ، نازێ، جوانکەلە....)، لە نێوان ئەم گرووپە مۆرفیمانەدا دیاردەی سینۆنیم بە ئاشکرا دەبینرێت، چونکە سەرەڕای ئەوەی هەریەکەیان هەڵگری چەمکی (بچووکیی)ن، واتە سیمای واتایی (+بچووکیی) کۆیان دەکاتەوە و دەتوانن لە هەندێك شوێندا لەبری یەکتر بەکاربهێنرێن، بە بێ ئەوەی گۆڕان لە واتای وشەکەدا ڕووبدات، وەکو:

| | |
|---|---|
| جوانکیلە = جوانکەلە | /-کیلە/=/-کەلە/ |
| بەرخۆلە = بەرخۆکە | /-ۆلە/=/-ۆکە/ |
| سوورکە = سوورکەلە | /-ە/=/-ەلە/ |
| سپیلکە = سپیکەلە | /-یلکە/=/-کەلە/ |
| قنجیلە = قنجەڵە | /-یلە/=/-ەڵە/ |
| نەرمۆڵە= نەرمیلە = نەرمۆکە | /-ۆڵە/=/-یلە/=/-ۆکە/ |
| منداڵۆکە = منداڵۆچکە | /-ۆکە/=/-ۆچکە/ |
| داسوولە = داسوولکە | /-وولە/=/-وولکە/ |
| قوتوولە = قوتوولکە | /-وولە/=/-وولکە/ |
| خڕیلە = خڕەڵە | /-یلە/=/-ەڵە/ |
| ژنۆکە = ژنیژگە | /-ۆکە/=/-یژگە/ |
| کچۆڵە = کچیژگە | /-ۆڵە/=/-یژگە/ |
| جامولکە = جامیلکە | /-ولکە/=/-یلکە/ |

لەو نموونانەی سەرەوەدا، سەرەڕای تایبەتمەندی هەریەك لە مۆرفیمە بەندەکانی بچووککردنەوە، بەڵام بەهۆی هەبوونی سیمای واتایی هاوبەشەوە توانیویانە لە بری یەکتر دابنرێن، بۆ نموونە لە وشەکانی (جامولکە، جامیلکە) دا، هەردوو /- ولکە/ و /- یلکە/ لە کۆمەڵێك سیمای واتاییدا هاوبەشن، وەك: (+ناوی بچووککراوە، +ناوی بەرجەستە، +بچووکیی قەبارە)، ئەمەش بۆ هەموو نموونەکانی دیکە دەگونجێت، واتە ئەو جووت مۆرفیمە بەندانەی، کە پەیوەندی سینۆنیمییان دروستکردووە، لەکۆمەڵێك سیمای واتاییدا یەکسانن .

زۆرجار ((ئەو وشانەی ئەم مۆرفیمانە دایاندەڕێژن، دەبن بەهێما بەرانبەر بە کەرەستەیەکی تری هاوجۆری خۆیان، بە شێوەیەك کە زۆربەی نیشانە واتاییەکانیان وەکو یەکە تەنیا لە هەندێك نیشانەدا کە ئاماژە بە بچووکی قەبارە، تەمەن، یان تەسکی ڕووبەر... دەکات لە یەکتر جیا دەبنەوە)). (سازان زاهیر سەعید: ٢٠١٣: ٨١)، واتە بنکەکە و فۆرمە نوێیەکە ناولێنەرن بۆ دوو

٢٢- بڕوانە: سازان زاهیر سەعید: ٢٠١٣ ، تەواوی نامەکە بۆ ئەم بابەتە تەرخانکراوە.

**کەرستەی جیاوازی سروشت، ئەو دوو کەرستەیە زۆربەی تایبەتمەندییەکانیان وەکو یەکە، بەڵام لە بچووککردنەوەی ناوی مرۆڤدا ئەمە ناگونجێت، چونکە ناو لێنراو هەریەکێکە واتە بنکەکە و وشە نوێیەکە دەبن بە ناولێنەر بۆ یەك کەس، تەنیا جیاوازییان ئەوەیە ئامانجی بچووککردنەوەکە بۆ خۆشەویستی یان بۆ ڕقلێبوونە، بۆ نموونە: (گۆزە و گۆزەڵە)، ناولێنەرن بۆ دوو کەرەستەی هاوشێوەی قەبارە جیاواز، بەڵام (نیگار و نیگە)، ناولێنەرن بۆ یەك کەس، کە ئامانجی بچووککردنەوەکە خۆشەویستییە یان ڕقلێبوون.**

**لەناو گرووپی مۆرفیمەکانی بچووککردنەوەدا (- ێ، - ە، - ەکە، - ۆل، - ۆ، - ك) بۆ بچووککردنەوەی ناوی تایبەتی مرۆڤ بەکاردەهێنرێن، ئەمانەش زۆرجار دەتوانن لە بری یەکتر بەکاربهێنرێن و دەبن بە سینۆنیمی یەکتر وەکوو:**

**((خەدیجە ⟵ خەجێ = خەجۆل /-ێ/ =/-ۆل/**

**نەسرین ⟵ نەسەکە = نەسۆل /-ەکە/ =/-ۆل/**

**فاتیمە ⟵ فاتە = فاتێ /-ە/ =/-ێ/**

**نازدار ⟵ نازە = نازێ /-ە/ =/-ێ/ )) (مەحمود زامدار: ٢٠١١: ٣٠)**

**جەمیلە ⟵ جەمە = جەمۆ /-ە/ =/-ۆ/**

**ئەژین ⟵ ئەژە = ئەژۆل /-ە/ =/-ۆل/**

**سامان ⟵ سامە = سامك /-ە/ =/-ك/**

**سەردار ⟵ سەرە = سەرك /-ە/ =/-ك/ ★**

**لە ئێستای زمانی کوردیدا مۆرفیمی بەندی /-ی/ هاتووەتە ڕیزی مۆرفیمەکانی بچووککردنەوەوە و بۆ بچووککردنەوەی ناوی تایبەتی مرۆڤ و بە مەبەستی ناسکی و خۆشەویستی بەکاردەهێنرێت، وەکو:**

**مەریوان ⟵ مەری**

**دنیا ⟵ دنی**

**بەم پێیە ئەم مۆرفیمەش دەبێتە سینۆنیم لەگەڵ مۆرفیمەکانی تری بچووککردنەوەی ناوی تایبەتی مرۆڤ ،وەکو:**

**گەشاوە ⟵ گەشە = گەشی /-ە/ = /-ی/**

**نەمام ⟵ نەمی = نەمەکە /-ی/ = /-ەکە/**

---

★- لە شێوە زاری هەندێك لە ناوچەکانی گەرمیاندا و بەتایبەت ئەو ناوچانەی کە کەوتوونەتە ڕۆژهەڵاتی ڕووباری سیروانەوە، /- ك/ ی بچووککردنەوە زۆرترین بەکارهێنانی هەیە بەبەراورد لەگەڵ مۆرفیمەکانی تری ئەم بوارەدا.

| | | |
|---|---|---|
| زانیار ⟵ | زانی = زانۆ | /-ی/ = /-ۆ/ |
| فاتمە ⟵ | فاتی = فاتۆل | /-ی/ = /-ۆل/ |
| پەروین ⟵ | پەری = پەرك | /-ك/ = /-ی/ |

**٢-١/٢- ٤) مۆرفیمە بەندەکانی بواری پیشە.**

مەبەست لەمۆرفیمەکانی بواری پیشە گروپێك مۆرفیمی بەندی وشەداڕێژن، بەشێوەی پاشگر دەردەکەون و دەچنە سەر هەر بنکەیەك چەمکی (پیشە) بەو بنکەیە دەبەخشن، ((ئەم پۆلە مۆرفیمە بەزۆری لەڕووی چەمکی گشتییان، کە بە سیمای (+پیشە) دیاری دەکرێت، هاوبەشن)) (شێروان حسێن حەمەد: ٢٠١٤: ٩٠)، دیارترین ئەندامەکانی ئەم گرووپە ئەمانەن: (گەر، کەر، چی، ساز، ەوان، دۆز، بەند...)، وەك لە نموونەکانی (ئاسنگەر، دەرۆزەکەر، کەبابچی، دانسار، باخەوان، پینەدۆز، ناڵبەند...)، کەواتە لە سەر بیروڕاکەی (ستیپانۆڤ) ئەم پۆلە مۆرفیمە دەبنە سینۆنیمی سیگنی فاکت لەگەڵ یەکتر، چونکە چەمکی (پیشە) کۆیان دەکاتەوە، لە نێو ئەندامەکانی ئەم گروپەشدا دەگونجێت هەندێکیان لەبری یەکتر بێن و هەمان واتا بەدەستەوە بدەن، وەکو:

| | | |
|---|---|---|
| تەنەکەساز = | تەنەکەچی | /-ساز/ = /-چی/ |
| ناڵبەند = | ناڵچی | /-بەند/ = /-چی/ |
| پینەدۆز = | پینەچی | /-دۆز/ = /-چی/ |
| تەونکەر = | تەونچی | /-کەر/ = /-چی/ |
| خومگەر = | خومچی | /-گەر/ = /-چی/ |
| بۆیاخکەر = | بۆیاخچی | /-کەر/ = /-چی/ |
| تووتنەوان = | تووتنچی | /-ەوان/ = /-چی/ |

لەو نموونانەی سەرەوەدا،هەریەك لەو جووت مۆرفیمانە، لە کۆمەڵێك سیمای واتاییدا هاوبەشن، بۆ نموونە لە وشەکانی (خومگەر، خومچی) دا، مۆرفیمەکانی/-گەر/ و /-چی/ سیمای واتایی (+پیشە، +ناوی بەرجەستە، +تایبەت بە مرۆڤ) یان بەبنکەکە بەخشیوە و بوونەتە سینۆنیمی یەکتر، بۆ نموونەکانی تریش بەهەمان شێوە.

هەروەها ئەوە ڕوون دەبێتەوە مۆرفیمی /-چی/ دەتوانێت لە بری زۆربەی مۆرفیمە بەندەکانی تری بواری پیشە بەکاربهێنرێت،بۆیە ((پڕ بەرهەمترین مۆرفیمی ئەم بوارەیە)). (سەرچاوەی پێشوو: ٩٢).

## ٢-١/٢- ٥) مۆرفیمە بەندەکانی ئاوەڵناوی بکەری.

پۆلێك مۆرفیمی بەندن ئەرکیان دروستکردنی ئاوەڵناوە، ئەم ئاوەڵناوانەش تاڕادەیەکی زۆر ((سیفەتێکی هەمیشەیی و توانایەکی تایبەتی بەدیارخراوەکەی دەبەخشێت)). (ڕەفیق محەمەد شوانی: ٢٠٠٨: ٧٥)، ئەمەش وایکردووە زۆرجار ئەم مۆرفیمانە تێکەڵ بە مۆرفیمەکانی بواری پیشە بکرێت، دیارترین مۆرفیمە بەندەکانی ئاوەڵناوی بکەرییش ئەمانەن: (یار، مەند، ەر، ر، ەك، نۆك، ناك، ندە، باز، ا، گار، ۆك، ب، و، نە، ب.. ر، نە..ر، چی،...)، وەکو (بەختیار، هونەرمەند، کوژەر،ترسنۆك، سامناك، دڕندە، فێڵباز، زانا، لەرزۆك، بخۆر...).

لە نێوان ئەم گروپەشدا هەندێکیان دەتوانن لە بری یەکتر بەکاربهێنرێن و ببنە سینۆنیمی یەکتری، وەکو:

| | | |
|---|---|---|
| هۆشمەند | = هۆشیار | /-مەند/=/-یار/ |
| تەڵەکەباز | = تەڵەکەچی | /-باز/=/-چی/ |
| کوشندە | = کوژەر = کوژەك | /-ندە/=/-ەر/ =/-ەك/ |
| مژۆك | = مژەك | /-ۆك/=/-ەك/ |

دەگونجێت پەیوەندی سینۆنیمی جارێك بە پێشگر و جارێك بە پاشگر بگەیەنرێت، وەکو:

| | | |
|---|---|---|
| بگۆڕ | = گۆڕەر | /ب-/=/-ەر/ |
| بکڕ | = کڕیار | /ب-/=/-یار/ |
| بفرۆش | = فرۆشیار | /ب-/=/-یار/ |

هەریەك لەو مۆرفیمانەی سەرەوە، کە بوونەتە سینۆنیمی یەکتر، لە چەند سیمایەکی واتاییدا هاوبەشن، بۆ نموونە لە وشەکانی (تەڵەکەباز، تەڵەکەچی) دا، هەردوو مۆرفیمی /- باز/ و /- چی/ سیمای واتایی (+سیفەت، +توانای ئاوەزی، +تایبەت بەمرۆڤ و گیانلەبەر) یان بە بنکەکە بەخشیوە. لە ناو ئەندامەکانی ئەم گرووپەدا مۆرفیمە بەندەکانی /ب-/ ، /نە-/ بە شێوەی پێشگر دەردەکەون، /ب-...ر/ ، /نە-... ر/ یش، بە شێوەی مۆرفیمی پچڕاو دەردەکەون و توانیویانە لەگەڵ پاشگرەکاندا سینۆنیمی درووستبکەن، مۆرفیمی پچڕاویش[٢٣] ((ئەو مۆرفیمانەن، کە بەسەرەتا و کۆتایی بنکەیەکەوە دەلکێن، واتە لەیەك کاتدا سەرەتا و کۆتایی بنکەکە دەگرن)) (فرامکین و دیگران: ١٣٨٧: ٩٣).

جگە لەو گروپانەی کە باسکران، کۆمەڵێك مۆرفیمی بەندی وشە داڕێژی تر هەن پەیوەندی سینۆنیمی لە نێوانیاندا هەیە وەکو:

---

٢٣- بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئەم شێوە مۆرفیمە بڕوانە: محەمەد مەعروف فەتاح و سەباح ڕەشید قادر: ٢٠٠٦: ٣٤-٣٦، کە بە (جووتە گیرەك) ناوی دەبەن.

/-ان / = /-ێن/

تۆپان = تۆپێن /-ان/=/-ێن/

پەتپەتان = پەتپەتێن /-ان/=/-ێن/

قولقولان = قولقولێن /-ان/=/-ێن/

هەلووکان = هەلووکێن /-ان/=/-ێن/

مۆرفیمی/-ێن/ ((مۆرفیمێکی چالاکە لەسازدانی ناوی یارییە فۆلکلۆرییە کوردەوارییەکاندا)) (بەکر عومەر عەلی: ٢٠١٤: ٢١١)، وەك لە نموونەکاندا دەرکەوت مۆرفیمی /-ان/ توانیویەتی بەهەمان واتاوە شوێنی /-ێن/ بگرێتەوە و ببنە سینۆنیمی یەکتر.

لەنموونەکانی :

ڕاستەوانە = ڕاستە /-ەوانە/ =/-ە/★

چەپەوانە = چەپە /-ەوانە/ =/-ە/

کەواتە /-ەوانە/ و /-ە/ ، کە هەردووکیان هاوەڵناویان پێکهێناوە و دەبنە سیفەت بۆ مرۆڤ، سینۆنیمی یەکترن.

لە نموونەکانی:

گەردنبەند = گەردنە /-بەند/ = /-ە/★★

کەمەربەند = کەمەرە /-بەند/ = /-ە/

لێرەشدا /-بەند/ و /-ە/ دەبنە سینۆنیمی یەکتر،چونکە هەردووکیان ناوی کەرەستەیان درووستکردووە و دەبنە ناولێنەر بۆ یەك ناولێنراو، هەروەها لەنموونەکانی:

بەهێز = هێزدار /بە-/ = /-دار/

بەناز = نازدار /بە-/ = /-دار/

بەدین = دیندار /بە-/ = /-دار/

/بە-/ ((کە لە بنەڕەتداپێشناوە)) (هیدایەت عەبدوڵا محەمەد: ٢٠٠٢: ٥٠) ، لەگەڵ پاشگری /-دار/ بوونەتە سینۆنیمی یەکتر و هەردووکیان سیمای واتایی (+خاوەندارێتی، +پۆزەتیڤ) یان هەڵگرتووە، جیاوازی ئەم شێوازە لەگەڵ نموونەکانی پێشوو تردا ئەوەیە کە لێرەدا پێشگرێك لەگەڵ پاشگرێکدا پێکەوە بوونەتە سینۆنیمی یەکتر.

---

★- هەندێك لەو مۆرفیمە بەندانەی، کە پەیوەندی سینۆنیمی پێکدەهێنن، بە فاکتەری شێوەزار سەریان هەڵداوە.

★★- گەردنە، جۆرێکە لە ملوانکەی ئافرەتان.

کەمەرە، بەپشتوێنی ئافرەتان دەوترێت.

جگە لە هەموو ئەو خاڵانەی پێشتر باسکران جۆرێکی تر سینۆنیمی لە نێوان مۆرفیمی بەند و پریپۆزیشندا بەدیدەکرێت، وەکو:

بەهاران = لەبەهاردا

چەزنان = لەچەژندا

بەربانگان = لەبەربانگدا.

لەو نموونانەی سەرەوەدا /-ان/ لەبنەڕەتدا نیشانەی (کۆ) یە، چووەتەسەر ناوی کات و کردوویەتی بە ئاوەڵکردار، واتە وەکو پاشگر خۆی دەنوێنێت.(ئەوڕەحمانی حاجی مارف: ١٩٩٨: ١٥٦)، لەبەرانبەر ئەمەشدا پریپۆزیشنی (لە...دا)، فرێزی ئاوەڵکرداری پێکهێناوە و توانیویەتی ببێتە سینۆنیم لەگەڵ /-ان/ دا.

هەروەها لە نموونەکانی:

بێباکانە = بەبێباکی

ژیرانە = بەژیری

سەربەرزانە = بەسەربەرزی

لێرەدا پاشگری /-انە/ و پریپۆزیشنی (بە...ی)، کە لەشێوەی مۆرفیمی پچڕاو دەرکەوتووە و فرێزی ئاوەڵکردار چۆنێتییان بەرهەمهێناوە ((دەبنە هۆی پیشاندانی واتای چۆنێتی و ڕوودان، یان دەلالەت پیشاندەدەن)) (دڵشاد محەمەد غەریب: ٢٠٠٤: ٦٣) بوونەتە سینۆنیمی یەکتر، لەم شێوەیەی سینۆنیمدا هەردوو ئاستی مۆرفۆلۆژی و سینتاکس تێکەڵ بەیەکتر دەبن.

## ٢/٢) ئەنتۆنیم لە مۆرفیمە بەندە وشە داڕێژەکاندا

ئەنتۆنیم ((ئەو وشانەن هەموو نیشانە سیمانتیکییەکانیان هاوبەشە، یەك نیشانەی سیمانتیکییان نەبێت)) (محەمەد مەحوی: ٢٠٠٩: ب٢: ٧٠)، واتە دوو وشە کاتێك دەبن بە ئەنتۆنیمی یەکتر کە لە سیما واتاییەکانیاندا وەکیەکبن، تەنیا لەیەك سیمای واتاییدا جیاوازییان هەبێت، هەرئەو جیاوازییەش دەیانکات بە ئەنتۆنیمی یەکتر، وەکو:

| ژن | × | پیاو |
|---|---|---|
| +زیندەوەر | | +زیندەوەر |
| +مرۆڤ | | +مرۆڤ |
| +پێگەیشتوو | | +پێگەیشتوو |
| +ژیری | | +ژیری |
| - نێر | | +نێر |

بەو شێوەیە دوو وشە کە تەواوی سیماکانیان وەکیەك بێت، تەنیا لە سیمایەکدا جیاواز بن، پەیوەندی ئەنتۆنیمی دروستدەکەن، لێرەوە ئەمە دەگوازینەوە بۆ ئاستی مۆرفیمە بەندەکان بە پێشگر و پاشگرەوە و ئەوە دەچەسپێنین کە دوو مۆرفیمی بەند ئەگەر لە سیما واتاییەکانیاندا وەك یەك بن تەنیا لە یەك خاڵدا جیاوازبن بەو شێوەیە ئەو دوو مۆرفیمە بەندە دەبنە ئەنتۆنیمی یەکتر.

## ٢/٢- ١) ئەنتۆنیم لە پێشگرە وشە داڕێژەکاندا

دوو پێشگری وشە داڕێژ دەگرێتەوە کە پەیوەندی ئەنتۆنیمی بەیەکەوەیان دەبەستێ، وەکو:

أ- /هەڵ -/×/ دا-/

| | |
|---|---|
| هەڵبەز × دابەز | /هەڵ-/×/دا-/ |
| هەڵگرت × داگرت | /هەڵ-/×/دا-/ |
| هەڵچوو × داچوو | /هەڵ-/×/دا-/ |
| هەڵکشا × داکشا | /هەڵ-/×/دا-/ |

/هەڵ-/پێشگرێکی وشە داڕێژە چەمکی (بەرز بوونەوە) دەگەیەنێت، هەروەها /دا-/ ش پێشگرێکی وشە داڕێژە و چەمکی (نزم بوونەوە) دەگەیەنێت، سیمای واتاییان بەم شێوەیە:

| /هەڵ-/ | / دا-/ |
|---|---|
| +وشە داڕشتن. | +وشە داڕشتن. |
| +پێشگری کرداری | +پێشگری کرداری |
| +گەیاندی ئاراستە | +گەیاندنی ئاراستە |
| +بەرز بوونەوە. | +نزم بوونەوە. |

کەواتە لە سیماکانیاندا دەردەکەوێت ئەو دوو مۆرفیمە بەندە لەو نموونانەدا دەبنە ئەنتۆنیمی یەکتر، چونکە تەنیا لەیەك سیمادا لێك جیاوازن، بەڵام دەبێت ئەوە بزانین ئەو واتا نوێیەی کە دەیبەخشێتە بنکەکە بڕیار لەسەر ئەوە دەدات کە چ جۆرە پەیوەندییەك دروست دەبێت لە نێوان مۆرفیمە بەندەکاندا، چونکە دەگونجێت هەمان مۆرفیمی بەند لەگەڵ بنکەیەکی تردا واتایەکی تر پەیدا بکات.

ب- /بە-/ × /بێ-/

| | |
|---|---|
| بەهێز × بێهێز | /بە-/ × /بێ-/ |
| بەپیت × بێپیت | /بە-/ × /بێ-/ |
| بەتام × بێتام | /بە-/ × /بێ-/ |
| بەنرخ ×بێنرخ | /بە-/ × /بێ-/ |

/به-/ ئەم مۆرفیمە بەواتای ((بـوونی جـۆرە چـۆنێتی و خاسـێتێك پیشـان دەدات)) (ئەوڕەحمانی حاجی مارف: ١٩٩١: ٧٧)بەڵام /بێ-/ بە پێچەوانەوە واتای ((نەبوونی جۆرە چۆنێتی و خاسێتێك پیشان دەدات)) (سەرچاوەی پێشوو: ٧٦) ، سیما واتاییەکانیشیان بەم شێوەیەی خوارەوەیە.

| /به-/ | /بێ-/ |
|---|---|
| +واتای هۆشەکی | +واتای هۆشەکی |
| - بەرجەستە | - بەرجەستە |
| + خەسڵەتێکی پۆزەتیڤی هەڵگرتووە. | + خەسڵەتێکی نێگەتیڤی هەڵگرتووە. |

بۆیە دەتوانین بڵێین /بە-/ و /بێ-/ دەبنە ئەنتۆنیمی یەکتر.

ج- /ب-/ × /نە-/

بخۆر×نەخۆر /ب-/ × /نە-/

بگۆڕ×نەگۆڕ /ب-/ × /نە-/

بکەر×نەکەر /ب-/ × /نە-/

سیماکانیان بەم شێوەیە:

| /ب-/ | /نە-/ |
|---|---|
| - ئاوەڵناوی ڕەسەن | - ئاوەڵناوی ڕەسەن |
| +سیفەتی هەمیشەیی | +سیفەتی هەمیشەیی |
| + هاوواتای کرۆکی کردار | - هاوواتای کرۆکی کردار(هیدایەت عەبدوڵا محەمەد:٢٠٠٢: ١٢٤). |

لە سیماکاندا دەردەکەوێت، هەردوو مۆرفیمە بەندەکە ئاوەڵناویان دروستکردووە، بەڵام جیاوازییان لەوەدایە ئەو ئاوەڵناوەی، کە /ب-/ بەرهەمی هێناوە واتاکەی هاوواتای کرۆکی کردارەکەیە، بەڵام ئەو ئاوەڵناوەی، /نە-/ بەرهەمی هێناوە واتاکەی پێچەوانەی کردارە بنچینەییەکە بووەتەوە.

### ٢/٢-٢) ئەنتۆنیم لە پێشگر و پاشگردا پێکەوە.

دەگونجێت پێشگرێکی بەندی وشە داڕێژ لەگەڵ پاشگرێکی بەندی وشە داڕێژ ببنە ئەنتۆنیمی یەکتر، پێشتر لەو لێکۆڵینەوەیانەی لەم بوارەدا کراون، باس لە شێوازێکی لەم چەشنە نەکراوە. زیاتر ئەو لێکۆڵینەوانە کاریان لەسەر پێشگر و پێشگر کردووە، ئەمانەی خوارەوەش دیارترین ئەو پێشگر و پاشگرانەن کە لەگەڵ یەکتر پەیوەندی ئەنتۆنیمییان دروست کردووە .

١- /-ناك/ × /بێ-/

غەمناك× بێ غەم /-ناك/ × /بێ-/

ترسناك× بێ ترس /-ناك/ × /بێ-/

سیمای واتاییەکەشیان بەم شێوەیە:

| /-ناك/ | /بێ-/ |
| --- | --- |
| +دیاردەیەکی دەروونی | +دیاردەیەکی دەروونی |
| +سیمای نێگەتیف | +سیمای پۆزەتیف |

٢- /-ا/ × /نە-/

زانا × نەزان /-ا/ × /نە-/

دارا × نەدار /-ا/ × /نە-/

سیمای واتاییان بەم شێوەیە:

| /-ا/ | /نە-/ |
| --- | --- |
| +سیفەتی هەمیشەیی | +سیفەتی هەمیشەیی |
| +خاوەنی تایبەتمەندییەکی ماددی یان واتایی. | - خاوەنی تایبەتمەندییەکی ماددی یان واتایی. |

٣- /-مەند/ × /بێ-/

شکۆمەند × بێ شکۆ /-مەند/ × /بێ-/

بەهرەمەند × بێ بەهرە /-مەند/ × /بێ-/

شەرەفمەند × بێ شەرەف /-مەند/ × /بێ-/

/-مەند/ خاوەنی چەمکی توانا و دەسەڵات و داهێنان و بیرێکی پۆزەتیف دەگەیەنێت، بۆیە دەتوانین بڵێین، دەبێتە خاوەنی سیمای واتایی:

((+فرمیی،+داهێنان و دەسەڵات، +بەخشندەیی و ناوداریی لەڕووی مادی و واتاییەوە)). (هیدایەت عەبدوڵامحەمەد:٢٠٠٢: ٥٠).

/بێ-/ هەرچی ئەم مۆرفیمەشە بەپێچەوانەی /-مەند/ ەوە لەو نموونانەدا خاوەنی چەمکی بێ توانایی و نەزانین و بیری نێگەتیفە، بۆیە دەبنە ئەنتۆنیمی یەکتر.

٤- /بێ-/ × /-دار/

بێ بەرهەم × بەرهەمدار /بێ-/ × /-دار/

بێ بۆن × بۆندار /بێ-/ × /-دار/

بێ باڵ × باڵدار /بێ-/ × /-دار/

بێ ناز × نازدار /بێ-/ × /-دار/

/بێ-/ بە واتای ((نەبوونی جۆرە چۆنێتی و خاسێتێك پیشان دەدات)) (ئەورەحمانی حاجی مارف: ١٩٩١: ٧٦)، بەڵام /-دار/ بە واتای (خاوەنداریێتی و هەبوونی شتێك) دێت، سیما واتاییەکەشیان بەم شێوەیەیە.

| /بێ-/ | /-دار/ |
|---|---|
| +سیفەتی هەمیشەیی | +سیفەت هەمیشەیی |
| - خاوەنداریێتیی و هەبوونی شتێك | +خاوەنداریێتیی و هەبوونی شتێك |

هەروەها دەگونجێت یەك مۆرفیمی بەندی وشە داڕێژ لەسەر دوو بنکەی جیاواز دوو واتای دژیەك و پێچەوانە درووست بکات، واتە یەك مۆرفیمی بەند هەرخۆی دوو چەمکی پێچەوانەی هەبێت،وەکو:

أ - /هەڵ-/ لە وشەکانی (هەڵدا، هەڵچوو، هەڵخست، هەڵگرت...هتد)،مۆرفیمی /هەڵ-/ بەواتای (بەرەو سەرەوە) دێت، بەڵام لە وشەکانی (هەڵوەری، هەڵڕشت) دا بە واتای (بەرەو خوارەوە) دێت.

ب- /دا-/ لە وشەکانی (دانا، داڕما، دابەزی، داهێنا(قژ))[٢٤] لەو نموونانەدا /دا-/ بەواتای (بەرەو خوارەوە) دێت، بەڵام لە وشەی (داگیرساند) دا بەواتای (بەرەو سەرەوە) دێت.

ج- /بێ-/ لە وشەکانی (بێ عەقڵ، بێ وەفا، بێ نەزاکەت، بێ بەرهەم...هتد) دا، چەمکی (نێگەتیڤیی) بە وشەکان بەخشیوە، بەڵام لەوشەکانی (بێتاوان، بێترس، بێغەم...هتد) دا چەمکی (پۆزەتیڤیی) بە وشەکان داوە، لێرەشەوە دەگەینە ئەو ڕاستییەی، کەوا هەندێکجار تاکە مۆرفیمێك بەتەنیا دەتوانێت پەیوەندییەکی واتایی لەگەڵ خۆیدا دروستبکات.

هەروەکو لە باسکردن و دیاریکردنی پەیوەندی ئەنتۆنیمی لە مۆرفیمە بەندە وشەداڕێژەکاندا بۆمان ڕوونبووەوە لە زمانی کوردیدا ئەنتۆنیمی لە نێوان (پێشگر و پێشگر)، (پێشگر و پاشگر) دروست دەبێت، بەڵام نموونەی ئەنتۆنیمی لە نێوان (پاشگر و پاشگر) بەرچاو ناکەوێت، چونکە ئەو مۆرفیمە بەندانەی کە هەڵگری چەمکی نێگەتیڤن لە زمانی کوردیدا هەموویان بە شێوەی پێشگرن.

## ٣/٢) پۆلیسیمی لە مۆرفیمە بەندە وشەداڕێژەکاندا.

پۆلیسیمی ((وشەیەکە بە زنجیرەیەك واتاوە دەشێت لە ڕێی نیشانە واتاییەکانەوە پێشبینی لە واتاکانیان بکرێت)) (محەمەدی مەحوی: ٢٠٠٩ب١: ١٠٧)، بەم پێیەش پۆلیسمی لە مۆرفیمی بەندی

٢٤- بۆزانیاری لەسەر پێشگری (دا) بڕوانە: سەباح ڕەشید قادر: ٢٠٠٠ : ٧٠ — ٧١.

وشەداڕێژدا هەبوونی مۆرفیمێکی بەندی وشەداڕێژە بە زنجیرەیەك واتای جیاوازەوە، بەمەرجێك پەیوەندی لە نێوان واتا جیاوازەکاندا هەبێت، واتە سیمای واتایی هاوبەش لە نێوانیاندا هەبێت و چەمکێکی هاوبەش کۆیان بکاتەوە ئەمەش بەو مانایە دێت کە ئەو واتا جیاوازانە هەموویان بۆ یەك بنچینە دەگەڕێنەوە.

لەبەرئەوەی ((دەستنیشانکردنی سنووری نێوان هاوبێژی و فرە واتایی لەباری ئاساییدا گەلێك گرانە)). (سەرچاوەی پێشوو: ١٠٨)، بۆیە بۆ بڕیاردان لەسەر ئەوەی کە ئایا مۆرفیمێك فرەواتایە یان هاوبێژ پێویستمان بەبەڵگەی ئیتیمۆلۆژی هەیە، بەڵام لەبەرنەبوونی بەڵگەی ئیتیمۆلۆژی و لەبەرئەوەی کارەکەمان بەشێوەی سینکرۆنیکە، واتە لە ئەمڕۆی زمانی کوردی دەکۆڵینەوە بۆیە هەوڵدەدەین لەڕێگەی دیاریکردنی چەمك یان سیمای واتایی مۆرفیمە بەندەکانەوە پەیوەندییەکانی نێوانیان بدۆزینەوە، لەسەر بنەمای هەبوون و نەبوونی سیمای هاوبەش لە نێوانیاندا، لە زمانی کوردیدا کۆمەڵێك مۆرفیمی بەندی وشەداڕێژ بەشێوەی پاشگر هەن، دەچنە سەر بنکەی جۆراوجۆر و وشەی نوێ بە واتای نوێ دادەڕێژن، بەڵام کە لێیان ورد دەبینەوە بۆمان دەردەکەوێت، هەندێکیان لە کۆمەڵێك سیمای واتاییدا هاوبەشن و چەمکی هاوبەش کۆیان دەکاتەوە، ئەمەش دەبێتە بەڵگەی ئەوەی کەپەیوەندی پۆلیسیمی لە نێوان ئەو مۆرفیمانەدا هەیە.

### ٣/٢- ١) پۆلیسیمی لە پێشگرەکاندا.

هەبوونی پێشگرێکی وشە داڕێژە کە چەند واتایەکی پەیوەست بەیەکی لێبکەوێتەوە. (سەباح ڕەشید قادر: ٢٠٠٠: ٨٠)، هەرچەندە لە (سەباح ڕەشید قادر) لە نامەی ماستەرەکەیدا چەند پێشگرێکی وشە داڕێژی دەستنیشانکردووە، کە پەیوەندی پۆلیسیمی لێدادەکەوێت، وەکو پێشگرەکانی: (هەڵ- دا- ڕا- وەر- پێ- تێ- ڕۆ-)[٢٥]، بەڵام لە ڕاستیدا ئەو بۆچوونە پێویستی بە لێکۆڵینەوەی زانستی وردتر هەیە، ئەوەندەی ئێمە لە پۆلیسیمی گەیشتبین، پێشگرە وشەداڕێژەکانی زمانی کوردی ئەو تایبەتێتییەیان تێدا نییە، واتە نموونەی وەهامان بەرچاو ناکەوێت، کە هەریەك لەو پێشگرانە واتای جیاواز و نزیك لە یەکیان هەبێت و پۆلیسیمی دروستبکەن.

### ٣/٢- ٢) پۆلیسیمی لە پاشگرەکاندا.

هەبوونی پاشگرێکی وشەداڕێژە بە زنجیرەیەك واتای جیاوازەوە، سیمای واتایی هاوبەش لە نێوان واتا جیاوازەکانیدا بەدیدەکرێت، ئەو پاشگرانەی زمانی کوردی کە پۆلیسیمیان تێدابێت زۆر نین، ئەوانەش کە پۆلیسیمی دروست دەکەن دیارترینەکانیان ئەمانەی خوارەوەن:

---

٢٥- بڕوانە: سەباح ڕەشید قادر: ٢٠٠٠: ٨٠ — ٨٥.

١- /-بەند/: یەکێکە لە مۆرفیمە بەندەکانی بواری پیشە ((لە ڕەگی کرداری (بستن) ی فارسییەوە هاتووە واتە بەستن، گرێدان، داخستن)) (ئەوڕەحمانی حاجی مارف: ٢٠١٤أ: ١١٩) بەڵام لەزمانی کوردیدا وەکو پاشگرێکی وشەداڕێژ وشەی نوێ بەرهەم دەهێنێت نەك وەکو ڕەگی کردار، لە بواری پیشەدا بەهەمان چەمکەوە، کە چەمکی (داخستن و بەستن)ە دەتوانێت چەند وشەیەکی نوێ بەرهەم بهێنێت وەکو: ناڵبەند، تەختەبەند، شوشەبەند.

هەروەها لە وشەکانی: گەردنبەند، کەمەربەند، دەستبەند، مێخەکبەند، تەلبەند، ناوبەند...هتد دەبێتە مۆرفیمی وشەداڕێژ بۆ ناوی ئامێر و کەرەستە، لەو نموونانەی سەرەوەدا هەرچەندە هەریەك لەو وشانە بۆ مەبەستی جیاواز بەکاردێن، بەڵام هەمان چەمکی (بەستن) ی تێدایە و ئەو واتایەی لەدەستنەداوە، بۆیە هەموو بەکارهێنانە جیاوازەکانی ئەم مۆرفیمە پۆلیسیمی دروستکردووە.

٢-/-دار/: نازدار، زامدار، دیندار، ئاگادار (ئەوڕەحمانی حاجی مارف: ١٩٩١: ٧٩).

لەو نموونانەدا /دار-/ چووەتەسەر ناو، ئاوەڵناوی پێکهێناوە، کە بەزۆری وشە بەرهەم هاتووەکان سیفەتی تایبەت بە مرۆڤ و گیانلەبەرن،خاوەنی سیمای واتایی(+خاوەندارێتی) ن.

هەروەها لە وشەکانی: گیاندار، دووکاندار، ئاژەڵدار، باڵدار، پاشگرەکە چووتەسەر ناوی سادە، ناوی داڕێژراوی پێکهێناوە، بەڵام چەمکی سەرەکی خاوەندارێتی هاوبەشە لە نێوانیاندا.

٣-/ -انە/ : سەرانە(باج)، ڕۆژانە(کرێ)، مەڕانە(باج)، پوشانە (وەرگرتنی پارە لە بری لەوەڕاندنی ئاژەڵ)، جەژنانە(دیاری).

ئەو وشانە هەریەکەیان تایبەتن بە بوارێکی ژیان، بەڵام چەمکێکی هاوبەش کە(+وەرگرتن) ە، کۆیان دەکاتەوە، مەبەست لە وەرگرتنەکەش ڕەنگە پارە یان هەرشتێکی تری لەو چەشنە بێت.

٤-/-ان/: لە بنەڕەتدا مۆرفیمی بەندی کۆکردنەوەیە، بە مۆرفیمێکی وشەگۆڕ دادەنرێت، بەڵام ئەم مۆرفیمە بەهەمان چەمکەوە کە چەمکی کۆیە، هاتووەتە ڕیزی مۆرفیمە بەندە وشەداڕێژەکانەوە و چەند ئەرکێك دەبینێت،وەکو:

أ-یەکێکە لە مۆرفیمە بەندەکانی بواری شوێن، وەکو: حاجی ئۆمەران، لەیلان، پڵنگان، گەرمیان...

ب- دەچێتەسەر کۆمەڵێك بنکەی جیاواز و ناوی تایبەتی پێکدێنێت، وەکو: شادان، چاوان، کێوان، دڵان، لێوان، مەستان...هتد.(ڕۆژان نوری عەبدوڵا: ٢٠١٣: ١٠٢).

ج- دەچێتەسەر ناوی کات و ئاوەڵکاری کات سازدەکات، وەکو: جەژنان، ئێوارن، پارشێوان، نیوەڕوان، بەیانیان...هتد.

لەو شیکردنەواندا ڕووندەبێتەوە، کە ئەو ئاوەڵکارانە هەڵگری چەمکی (کۆ) ن، چونکە کاتێك کە دەڵێین (چەژنان)، واتە: هەموو جەژنێك، (نیوەڕوان)، واتە: هەموو نیوەڕۆیەك.
ئەگەر لەو سێ بەکارهێنانە جیاوازانەی /-ان/ ورد ببینەوە لە هەموویاندا سیمای (+کۆ) دەبینرێت، بۆیە پەیوەندی پۆلیسیمی دروست دەکەن.

بەڵام /-ان/ یەك بەکارهێنانی تری هەیە، کە هۆمۆنیم لەگەڵ ئەو خاڵانەی سەرەوەدا دروست دەکات، ئەویش /-ان/ ی ئینتەر فیکسە، وەکو: بەرانبەر، سەرانسەر، دەوراندەور.(ئەوڕەحمانی حاجی مارف: ٢٠١٤ب: ٥٩).

٥-/-انی/: چەند ئەرکێکی جیاوازی هەیە، لەوانە:
أ- ئاوەڵناو بەرهەم دەهێنێت، وەکو:ژنانی، کچانی، کوڕانی.
لەو نموونانەدا/-انی/ سیفەتی بنکەکەی بە وشە نوێیەکە بەخشیوە، کە دەڵێین (ژنانی)، واتە پیاوێك کە سیفەتی وەکو ژن بێت، واتە سیمای واتایی (+مێ) هەڵبگرێت، بۆ نموونەکانی دیکەش هەر بەو شێوەیەیە.

ب- ناوی شوێن بەرهەم دەهێنێت، وەکو: تەختانی، ڕەقانی، زورکانی .
هەرچەندە لەو نموونانەدا /-انی/ ناوی شوێنی دروست کردووە، بەڵام ناولێنانەکە ((لە ڕێگەی سیفەتی ئەو شوێنەوە ناو دەنرێت و وەکو ئاوەڵناو ئاسا بەکاردێت)). (شێروان حسێن حەمەد: ٢٠١٤: ٨٨)، واتە بە شوێنێك دەوترێت (ڕەقانی) کە سیفەتی (+ڕەق) ی تێدا بێت، بۆ نموونەکانی تریش بەهەمان شێوەیە.
ئەمەش دەمانگەیەنێتە ئەو ڕاستییەی، /-انی/ مۆرفیمێکی فرەواتایە و سەرەڕای واتا جیاوازەکانی، بەڵام چەمکی هاوبەش لە نێوانیاندا بەدی دەکرێت، کە سیمای (+دانەپاڵی سیفەتی بنکە) یە، بە وشە نوێیەکە.

٦-/-ایی/ : ئەمیش چەند ئەرکێکی هەیە، وەکو:
أ- دەبێتە مۆرفیمی بەندی شوێن، وەکو: بەرزایی، سەوزایی، نزمایی، تەختایی.
ئەم مۆرفیمە سیمای واتایی (+شوێن، +بەرجەستە) ی بە وشەکان بەخشیوە، هەروەها سیفەتی بنکەکە دەبێتە پێوەر بۆ ناو لێنانی شوێنەکە، بۆیە ((ئاوەڵناو ئاسایە)) (سەرچاوەی پێشوو: هەر ئەو لاپەڕەیە)، بەڵام (شێرکۆ بابان) ئەم جۆرە ناوانەی بە (ناوی واتایی جێگەیی) ناوبردووە، کە بەمشێوەیە دەیناسێنێت: ((ئەو جێگەیە، کە ئاوەڵناوەکەی تێدا خەستبووەتەوە، بۆ نموونە(تەختایی) جێگەیەکی تەختە لە ڕووبەرێکی فراوانی بەرزو نزمدا، یان (تاریکایی) جێگەیەکی تاریك دیاریدەکات لە ڕووبەرێکی ڕۆشندا)).(شێرکۆ بابان:٢٠٠٨: ١١٢)، بەڵام لە

نموونەکاندا ئەوە ڕووندەبێتەوە، هەریەك لەو وشانە سیمای (+بەرجەستە) یان هەڵگرتووە، بۆیە دەبنە ناوی شوێن.

ب- دەبێتە مۆرفیمی بەندی ئەبستراکت، وەکو، قورسایی، تارمایی، کوێرایی.
سنووری جیاکردنەوەی ئەم مۆرفیمە لە ناوی شوێن و ناوی ئەبستراکتدا زۆر تەسکە و تێکەڵ بەیەکتری دەبن، بەڵام لەهەموویاندا سیفەتی بنکەکە گواستراوەتەوە بۆ وشە نوێیەکە.

٧- /- ی/
أ- قۆناغێکی دیاریکراوی تەمەن دەستنیشاندەکات، وەکو:
منداڵی، گەنجی، پیری، هەرزەکاری، لاوی.
لێرەدا سیمای (+قۆناغی دیاریکرا، +واتای هۆشەکی، - بەرجەستە) ی هەیە.
ب- ناوی پیشە پێکدەهێنێت، وەکو:
مامۆستایی، پزیشکی، دوکانداری، شۆفێری، هەلاجی...هتد.
لێرەدا سیمای (+پیشە، +واتای هۆشەکی، - بەرجەستە) ی هەیە.
ج- ناوی شوێن پێکدەهێنێت، وەکو:
بەرزی، نزمی، تەختی، لێژی...هتد.
لێرەشدا سیمای (+شوێن، +واتای هۆشەکی، - بەرجەستە) ی هەیە.
لەو بەکارهێنانە جیاوازانەدا چەمکی هاوبەشیان بریتییە لە (ئەبستراکتی)، کەواتە ئەم مۆرفیمە فرەواتایە.

## ٤/٢) هۆمۆنیم لە مۆرفیمە بەندە وشەدارێژەکاندا.

هۆمۆنیم ((ئەو وشانە یان فۆرمانە بە لاگر و گرێ و ڕستەشەوە دەگرێتەوە، کە لە دەربڕین و نوسیندا وەك یەکن، بەڵام واتایان جیاوازە)). (محەمەدی مەحوی: ٢٠٠٩: ب١: ١٠٢) واتە دوو فۆرم یان زیاتری هاودەنگ و هاوشێوە دەگرێتەوە لە سیمادا، بەڵام لە ڕووی واتاوە لێکدوورن و هیچ پەیوەندییەك لە نێوان ئەو فۆرمانەدا نابینرێت، واتە لە ڕەگەز و بنچینەی جیاوازەوە سەریان هەڵداوە.

کەواتە دەتوانین بڵێین هۆمۆنیم لە مۆرفیمی بەندی وشەدارێژدا، هەبوونی دوو مۆرفیمی بەندی وشەدارێژ یان زیاترە، کە هاوشێوەی یەکترن، بەڵام لە واتادا لێکدوورن، لە زمانی کوردیدا ژمارەیەکی بەرچاو پێشگر و پاشگرمان هەیە، پەیوەندی هۆمۆنیمییان دروستکردووە.

## ٤/٢ - ١) هۆمۆنیم لە پێشگرەکاندا.

هەبوونی دوو مۆرفیمی بەندی وشە داڕێژ یان زیاترە بەشێوەی پێشگر، لە سیمادا لێکدەچن و لە واتادا جیاوازن، دیارترین پێشگرە وشەداڕێژەکانی زمانی کوردی بریتین لە (هەڵ، دا، ڕا، ڕۆ، پێ، تێ، لێ، وەر، هاو)، هەریەکێك لەوانەش خاوەنی چەمکی تایبەتی خۆیانن، کاتێك چەمکەکەیان ڕوون دەبێتەوە، کە بلکێن بە بنکەیەکەوە، بەڵام زۆر جار کۆمەڵێك نموونە بەرچاو دەکەون کە پێشگرێك بووەتە خاوەنی واتایەك زۆر لەواتا بنچینەییەکەیەوە دوورە، ئەمەش بەو واتایە دێت کە پەیوەندی هۆمۆنیمی لە نێوانیاندا بەدی دەکرێت.

١- /هەڵ-/: دیارترین چەمکی ئەم مۆرفیمە بریتییە لە ((بۆسەرەوە چوون، بەرزبوونەوە، بەرزکردنەوە)).(سەباح ڕەشید قادر: ٢٠٠٠: ٦٧)، واتە سیمای (+گەیاندنی ئاراستە، + بۆسەرەوە) ی هەیە، وەکو:

هەڵگرت، هەڵچوو، هەڵهات(خۆر)، لەم نموونانەدا سیمای (+بەرزبوونەوە) یان تێدا بەدی دەکرێت، بەڵام لە نموونەکانی:

هەڵدڕی: (+پارچە کردن)

هەڵکوتا: (+هێرشکردن)

هەڵوەشاند: (+تێکدان و لێك جیاکردنەوەی کەرەستە)

هەڵهات: (+ڕاکردن)

هەڵخست: (+بڵاوکردنەوەی شت)

چەمکی بەرز بوونەوەیان تێدا بەدی ناکرێت، بەمەش پەیوەندی هۆمۆنیمییان دروست کردووە. هەرچەندە (ئەوڕەحمانی حاجی مارف) ڕای وایە پێشگرەکانی (هەڵ، ڕۆ، وەر) لە زمانی کوردیدا هۆمۆنیمیان نییە[٢٦]، لەگەڵ دووپاتکردنەوەی بۆچوونەکەی ئەو، ڕوونکردنەوەکان ئەوە دەخەنەڕوو، کەئەمە ڕەها نییە و تەنها (ڕۆ، وەر) هۆمۆنیم دروست ناکەن، بەڵام /هەڵ-/ هۆمۆنیمی تێدا بەدیدەکرێت و بۆ بەڵگەش لە سەرەوە نموونەمان بۆ هێناوەتەوە.

٢- /دا-/: دیارترین چەمکی ئەم مۆرفیمە بریتییە لە ((لەسەرەوە بۆخوارەوە)).(ڕەفیق شوانی: ٢٠١٤: ١٣٥)، واتە سیمای (+گەیاندنی ئاراستە، +بزوتنەوە بەرەوخوارەوە) ی هەیە، وەکو: داگرت، داتەپی، دابەزی...هتد، لەم نموونانەدا ئەوچەمکە سەرەکییەی تێدا پارێزراوە، بەڵام لە نموونەکانی:

---

٢٦- بڕوانە: ئەوڕەحمانی حاجی مارف: ٢٠١٤ج: ٧٢، پەراوێز.

داگیرساند: (+هەڵکردنی ڕووناکی)
داهێنا: (+بەرهەم هێنانی شتی نوێ)
داڕزاند: (+شیکردنەوە و پارچەپارچە بوون)
داپڵۆساند: (+تێکدان و شێواندن)
پێشگری /دا-/ واتا بنچینەییەکەی تێدا نەماوە، بۆیە هۆمۆنیمییان دروست کردووە.

٣- /ڕا-/ : ئەم پێشگرە گەیەنەری چەمکی ((بزوتنەوەی ئاسۆیی، چ مەعنەوی یان بەرهەست بێت)) ە (سەباح ڕەشید قادر: ٢٠٠٠: ٦٩)، واتە سیمای (+جووڵە) ی هەیە، وەکو:
ڕاوەشاند، ڕامالّی، ڕاکێشا، ڕاژەند...هتد.
بەڵام لە نموونەکانی:
ڕاهێنا (خۆی لەسەر پیشەکەی ڕاهێنا.): (+خۆگونجاندن)
ڕاگرت: (+وەستان)
ڕاخست: (+دانان و جێگیرکردن)
چەمکەکە گۆڕاوە و سیمای واتایی پێشگرەکە تەواو جیاوازە لە سیما بنچینەییەکەی خۆی.

٤-/پێ-/: ئەم پێشگرە لە بنچینەدا یەکێکە لە پریپۆزیشنەکان و لەگەڵ هەردوو /تێ-/ و/لێ-/ ((لەئەنجامی بەکارهێنانێکی دوور و درێژ لەگەڵ کارەکاندا جۆش خواردوو بوون و ڕواڵەتێکی نوێیان دروست کردووە)) (هیدایەت عەبدوڵا محەمەد: ١٩٩٣: ١١٨)، واتە لە ئاستی سینتاکسەوە گواستراونەتەوە بۆ ناو ئاستی مۆرفۆلۆژی و بەشداری لە داڕشتنی فۆرمی نوێ بەواتای نوێوە دەکەن، دیارترین سیمای ئەم پێشگرە (+بە ئەو) ە، بۆ زیاتر ڕوون کردنەوەی ئەمە، لەم نموونانەدا زیاتر شیکاری دەکەین:
پێنووس: واتە (بە ئەو) ئەنووسرێت.
پێدان: واتە (بە ئەو) دانی شتێك.
پێخەف: واتە (بە ئەو) دەخەوین.
بەڵام چەند نموونەیەك بەرچاو دەکەون، کە ئەو سیمایەیان تێدا بەدیناکرێت، واتە هۆمۆنیمی پێکدەهێنن، وەکو:
پێکرد: (+داگیرساندن و بەکارخستن)، وەکو: چراکەی پێکرد.
پێگەیشت: (+گەورە بوون و گەشەکردن)، وەکو: میوەکە پێگەیشتووە.

٥ - /لێ-/ : لێدان، لێسەندن، لێبوونەوە، لێچوون، لێگرتن...هتد.
دیارترین سیمای واتایی ئەم مۆرفیمە (+لە ئەو) ە، بۆ نموونە کە دەڵێین:

لێدان: واتە (لە ئەو) دان.

لێگرتن: واتە (لە ئەو) گرتنی شتێك.

بەڵام هەندێك نموونە هەن، وەکو:

لێنا: (خواردن ئامادەکردن)

لێبڕا: (نەمانی توانا)

لەو نموونانەدا سیما بنەڕەتییەکەی لەدەست داوە و هۆمۆنیمی دروست کردووە.

## ٤/٢ -٢) هۆمۆنیم لە پاشگرەکاندا.

١- /-ی/

یەکێکە لە پاشگرە وشەداڕێژەکانی زمانی کوردی، ڕۆڵێکی بەرچاو و گرنگی لە زماندا هەیە، دەتوانێت چەند ئەرکێکی جیاواز ببینێت، وەکو:-

أ- /-ی/ پاشگری ناوی ئەبستراکت: ئەم پاشگرە بە بەرهەمدارترین پاشگری دروستکردنی ناوی ئەبستراکت دێت و لە پلەی یەکەمدایە[٢٧]، چونکە دەتوانێت لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە بنکەی جیاواز، ناوی ئەبستراکت دروستبکات ((ئەسڵی سۆفیکسی (ی) لە زمانی کوردیدا دەگەڕێتەوە بۆ سۆفیکسی (ئیهـ) ی ئێرانی کۆن)) (فاروق عومەر سدیق: ١٩٧٥: ١٧) وەکو: جوانی، خۆشەویستی، بازرگانی، دووڕوویی، وەستایی، بێ بەهرەیی..هتد، سیما واتاییەکەی بریتییە لە (+هۆشەکی، -بەرجەستە) یە.

ب- /-ی/ پاشگری ئاوەڵناوی نسبی: یەکێکە لەپاشگرە وشەداڕێژەکانی زمانی کوردی لەگەڵ گرووپێك مۆرفیمی بەندی تر ئاوەڵناوی نسبی دروست دەکەن و ((بەئەسڵ دەچێتەوە سەر سۆفیکسی (ئیك) ی ئێرانی کۆن)) (سەرچاوەی پێشوو: ٢١) وەکو: هەولێری، نیلی، جیهانی، کێوی، پێنج خشتەکی...هتد، واتاییەکەی بریتییە لە(+سیفەت بۆ شتەکانی دەوروبەر).

ج-/-ی/ پاشگری بچوککردنەوەی ناو: هەروەکو پێشتر ئاماژەمان پێکردووە[٢٨] ئەم مۆرفیمە یەکێکە لەو مۆرفیمە بەندانەی کە لەئێستادا بۆ بچوککردنەوەی ناوی تایبەتی مۆرڤ بەمەبەستی ناز و خۆشەویستی بەکاردەهێنرێت، کەواتە سیمای (+بچووککردنەوە) ی هەیە، وەکو:

نازدار ⟵ نازی

سۆزان ⟵ سۆزی

یادگار ⟵ یادی

---

٢٧- بۆ زانیاری لەسەر پاشگرەکانی ناوی ئەبستراکت بڕوانە: مستەفا ڕەزا مستەفا: ٢٠١٣.

٢٨- بڕوانە: ١/٢ - ٢ - ٣.

ئەگەر لەو سێ خاڵەی سەرەوە وردببینەوە دەردەکەوێت، کە مۆرفیمەکانی/-ی/ تەنیا لە ڕووی فۆرمەوە لەیەك دەچن و هەریەکەیان بۆ بنچینەیەك دەگەڕێتەوە، جیاوازن لەیەکتر و ڕۆڵی تایبەتی خۆیان هەیە لە مەیدانی مۆرفۆلۆژیدا و پەیوەندی هۆمۆنیمی دروست دەکەن.

٢- /-ە/

أ- لە ئاستی مۆرفۆلۆژیدا، لەم ئاستەدا دەچێتە سەر بنکەی جۆراوجۆر و وشەی نوێ بە واتای نوێوە بەرهەم دەهێنێت، واتە وەك مۆرفیمێکی وشە داڕێژ ڕۆڵی هەیە لە فراوانکردنی فەرهەنگدا وەکو:

پەککەوت (قەدی کردار) ← پەککەوتە (ناوی بکەری)

گڕ (ناوی سادە) ← گڕە (ناوی داڕێژراو)

هاوین (ناو) ← هاوینە (ئاوەڵناو)

چاك (ئاوەڵناو) ← چاکە (ناوی ئەبستراکت)

ناڵ (ڕەگی کردار) ← ناڵە (ناوی ئەبستراکت)

چل (ئاوەڵناوی ژمارە) ← چلە (ناوی داڕێژراو)[٢٩]

ب- دەبێتە مۆرفیمی بچووککردنەوەی ناوی تایبەتی، ئەم مۆرفیمە کاتێك دەچێتە سەر ناوی تایبەتی ((ئەویش پاش فڕێدانی چەند فۆنیمێك لەو ناوانە بە زۆری تەنیا دوو بڕگە دەمێنێتەوە)).(ئازاد ئەمین فەرەج باخەوان: ١٩٩٨: ٧٥)، یاخود بڵێین دوای لێکردنەوەی چەند فۆنیمێك لە ناوە تایبەتییەکان، کە /-ە/ ی دەخرێتە سەر، ناوە بچووککراوە بەرهەم هاتووەکە دەبێتە دوو بڕگە، وەکو:

ئالان ← ئالە

ساکار ← ساکە

ج- دەبێتە کەرتی دووەم جێناوی نیشانە، جێناوە نیشانەکانیش بریتین لە ((ئەمە، ئەمانە، ئەوە، ئەوانە)) (ئازاد ئەمین فەرەج: ١٩٩٨: ١١٣)، کاتێك ئەم جێناوانە لەگەڵ ناو یان ئاوەڵناو دەردەکەون، دەبن بەدوو کەرتەوە و ناوەکە یان ئاوەڵناوەکە دەچێتە نێوان کەرتەکانییەوە، بەم شێوەیە:

ئەم...ە ئەم گوڵە جوانە.

ئەو...ە ئەوکتێبە بەسوودە.

کەواتە کەرتی دووەمی جێناوە نیشانەکانی (ئەمە، ئەوە) بریتییە لە /-ە/.

---

٢٩- بۆ زانیاری زیاتر لەسەر مۆرفیمی (ە) بڕوانە: ئازاد ئەمین فەرەج باخەوان: ١٩٩٨: تەواوی نامەکە.

٣-/-ێ/

أ- مۆرفیمی بچووککردنەوەی ناوی تایبەتییە، سیمای (+بچووککردنەوە، +تایبەتی) ی هەیە، وەکو: نازێ، فاتێ، خەجێ...هتد.

ب- دەبێتە مۆرفیمی بەندی بواری شوێن، سیمای (+شوێن، +تایبەتی) ی هەیە.
شارێ، سوسێ، پردێ، (ڕەفیق شوانی: ٢٠١٤: ١٤٥)، هاوبەشی لەنێوان هەردوو بەکارهێنانەکەدا نییە، بۆیە دەبنە هۆمۆنیمی یەکتر.

٤-/-و/،/-وو/

أ- دەچێتەسەرقەدی کردار و ئاوەڵناوی بکەری ساز دەکات، وەکو:
نوستوو، کەوتوو، گەیشتوو، هاتوو، ڕۆیشتوو.

ب- دەچێتە سەرکرداری ڕابردووی بکەرنادیار و ئاوەڵناوی کراو بەرهەم دەهێنێت، وەکو:
نوسراو، لێنراو، فەوتێنراو، دروستکراو، خنکێنراو...(ڕەفیق محەمەد شوانی: ٢٠٠٨: ١١٣).

ج- یەکێکە لە پاشگرە وشەداڕێژەکانی ناوی شوێن، وەکو:
سەروو، خواروو، ژووروو.

د- وشە نوێ بە واتای نوێ دادەڕێژێت، وەکو:
جوانوو، ڕۆژوو، سووتوو.

٥- /-ەوان/

أ- یەکێکە لە مۆرفیمە بەندەکانی بواری پیشە وەکو، شاخەوان، ڕۆژنامەوان، ئاشەوان، گاوان.
مۆرفیمی /-ەوان/ لێرەدا سیمای واتایی (+پیشە، +بەرجەستە،+شارەزایی) ی بە بنکەکان بەخشیوە.

ب- بۆ دروستکردنی ناوی ئامێر و کەرەستە بەکاردێت، وەکو: دەسکەوان، نەردەوان(پەیژە).
لێرەدا /-ەوان/ سیمای واتایی (+ئامێروکەرەستە، +بەرجەستە) بە بنکەکان بەخشیوە.

٦-/-انە/

أ- دەچێتەسەر بنکەی جیاواز و ئاوەڵکاری چۆنێتی بەرهەم دەهێنێت، سیمای (+چۆنێتی ڕوودانی کردار) ی هەیە، وەکو: مەردانە، ژیرانە، پیاوانە، بێباکانە.

ب- دەچێتە سەر بنکەی جیاواز و ناوی داڕێژراو بەرهەم دەهێنێت، وەکو: شاگردانە، کرێدەستانە، پووشانە، مەڕانە، ساڵانە...هتد، لەو نموونانەدا ئەم مۆرفیمە بەواتای (کرێ دەستی) دێت.
(محەمەد مەعروف فتاح و صباح ڕەشید قادر: ٢٠٠٦: ٧٧).

ج- دەچێتە سەر ناوی کات و چەمکی بەردەوامی و دووبارە بوونەوەی پێدەبەخشێت، وەکو: ساڵانە، مانگانە، هەفتانە، ڕۆژانە[30]، شەوانە، لەم وشانەدا ئەم مۆرفیمە هەڵگری چەمکی بەردەوامییە.

د- دەبێتە کەرتی دووەمی جێناوی نیشانە، وەکو: ئەم...انە، ئەو...انە، لەنموونەکانی، (ئەم کوڕانە، ئەوکچانە)، لێرەدا /-انە/ لە نیشانەی (ان) ی کۆ وپاشگری (ە) پێکهاتووە (ئازاد ئەمین فەرەج باخەوان: ١٩٩٨: ١١٣).

هـ - دەچێتەسەر ناو و ئاوەڵناو بەرهەم دەهێنێت،وەکو: ژنانە، پیاوانە، کوڕانە، گەنجانە، منالانە. بەلای (ئەوڕەحمانی حاجی مارف) ەوە مۆرفیمی /-انە/ لەهەردوو خاڵی (أ، ب) دا دوو مۆرفیمی تەواو جیاوازن و سەربەخۆن (ئەوڕەحمانی حاجی مارف:٢٠١٤ أ: ١٣٢)، لەگەڵ دووپاتکردنەوەی هەمان بۆچووندا، نموونەکان ئەوە ڕووندەکەنەوە، کە /-انە/ لەو پێنج بەکارهێنانە جیاوازەدا، خاڵی هاوبەشیان تێدا بەدیناکرێت، بۆیە هۆمۆنیمیان درووستکردووە.

٧- /-ین/

أ- دەچێتەسەر ناو ئاوەڵناو پێکدەهێنێت (بەکر عومەر عەلی :٢٠١٤: ٢٠٣)، وەکو: زێڕین، بەفرین، نەخشین، ڕەنگین.

لێرەدا پاشگری /-ین/ سیفەتی وشە سادەکەی بەخشیوەتە وشە نوێیەکە، واتە کە دەڵێین (زێڕین)، واتە ئەو شتە وەکو زێڕە.

ب- دەچێتەسەر ئاوەڵکار و ناو پێکدەهێنێت (نەرمین عومەر ئەحمەد: ٢٠١٠: ٤٨)، وەکو: دواین، پێشین، بەرین، پاشین.

٨- /-ەتی/

أ- دەبێتە پاشگری ناوی ئەبستراکت، وەکو: پیاوەتی، ئەندامەتی، پێشەوایەتی.(مستەفا ڕەزا مستەفا: ٢٠١٣ :١١٧)،ئەم پاشگرە سیمای(+واتای هۆشەکی، -بەرجەستە)ی بە بنکەکان بەخشیوە.

ب- یەکێکە لە پاشگرەکانی ناوی شوێن، وەکو: خۆشناوەتی، جافەتی، زرارەتی. لێرەدا ئەم پاشگرە سیمای واتایی (+شوێنی نیشتەجێ بوون، +بەرجەستە) دەگەیەنێت.

٩- /-او/

أ- دەچێتەسەر چەند بنکەیەکی جیاواز و ناوی داڕێژراو دروست دەکات، وەکو: سووراو، سپیاو، خوێناو...هتد، لێرەدا /-او/ پاشگری وشەداڕێژە، نەك کورتکراوەی مۆرفیمی سەربەخۆی (ئاو)،

---

٣٠- وشەکانی ڕۆژانە، ساڵانە، هەفتانە... بۆ دوو واتا و مەبەستی جیاواز بەکاردەهێنرێن:

١- بەواتای کرێدەستی دێت،بۆنموونە دەوترێت،ڕۆژانەکەی ٢٠هەزارە .

٢- بەواتای ناوی کاتی بەردەوام دێت، بۆنموونە دەوترێت: ڕۆژانە کارەکانم ئەنجام دەدەم.

وەك لەوشەكانی: بەفراو، ماستاو، قوڕاو، چڵكاو...هتد دا دەبینرێت، چونكە لەم وشانەدا واتای (ئاو) ی تێدا بەڕوونی دیارە، بەڵام لە وشەكانی (سووراو، سپیاو، خوێناو) دا هیچ پەیوەندییەكیان بە (ئاو) ەوە نییە.

ب- دەبێتە ئینتەرفێكس: ئەم مۆرفیمە دەچێتە نێوان دوو وشەی واتادار و بەزۆری كەرتی یەكەمی وشەكە دووبارە دەبێتەوە،/ -او-/ دەچێتە نێوانیان و وشەی لێكدراو بەرهەم دەهێنێت، بەم شێوەیە:

مۆرفیمی سەربەخۆ+/-او-/+ دووبارەكردنەوەی مۆرفیمی سەربەخۆ.

وەكو: ڕەنگاوڕەنگ، پشتاوپشت، دەماودەم، دۆڵاودۆڵ، دەقاودەق.

١٠- /- ا/

أ- دەبێتە مۆرفیمی بەندی ئاوەڵناوی بكەری، سیمای (+سیفەتی بكەری، +خاوەنداریێتی، +پۆزەتیف) ی هەیە،وەكو: زانا، دانا، توانا،كارا.

ب- دەبێتە مۆرفیمی بەندی ناوی ئەبستراكت، سیمای (+هۆشەكی، - بەرجەستە) ی هەیە، وەكو: گەرما، سەرما.

ج- دەچێتەسەر ژمارە و ناوی ژمارەی نوێ پێك دەهێنێت، وەكو:

پەنجا، حەفتا، هەشتا.

١١-/-یلە/

أ- دەبێتە مۆرفیمی بەندی بچووككردنەوە، وەكو:

كاریلە، خنجیلە.

ب- وشەی نوێ دروست دەكات، وەكو:

ئەنگوستیلە، بەرخیلە (فەروە، ناوەوەی جلوبەگی زستانە).

١٢- /-یلكە/

أ- دەبێتە مۆرفیمی بەندی بچووككردنەوە، وەكو:

سپیلكە، جامیلكە، خڕیلكە.

ب- وشەی نوێ بەواتای نوێوە بەرهەم دەهێنێت، وەكو:

چاویلكە، ساویلكە.

١٣- /ەوار/

أ- دەچێتە سەر قەدی كرداری (خوێند) و ئاوەڵناوی لێپێكدەهێنێت، سیمای (+سیفەتی هەمیشەیی، +پۆزەتیف) ی پێدەبەخشێت، دەبێتە: خوێندەوەار.

**ب- ناوی شوێن پێکدەهێنێت، وەکو:**
**زستانەوار، شینەوار، ئاسەوار، لێڕەوار، (زەریٚ.ع.یوسوپۆڤا: ٢٠٠٥: ٦٣)، کەواتە ئەم پاشگرە سیمای (+شوێن) دەبەخشێتە بنکەکان.**

**١٤- /-ینە/**
**أ- دەبێتە مۆرفیمی بەندی وشەدارێژ، وەکو: گەنجینە، نەختینە، پێشینە، دۆینە*، تووڵینە**، قووڵینە***.**

**ب- دەبێتە مۆرفیمی بەندی بانگکردن، وەکو: کوڕینە/کچینە/خەڵکینە گوێ بگرن.**

**١٥- /- ەوانە/**
**أ- ناوی کەرەستە و کەلوپەل بەرهەم دەهێنێت، وەکو:**
**پاوانە، پووزەوانە، لووتەوانە، دەستەوانە.**
**ئەم پاشگرە ((تەنیا لەگەڵ ناوی ئەندامەکانی لەشدا بەکاردەهێنرێت و ناوی چەند کەلوپەلێك دادەڕێژێت)).(نەرمین عومەر ئەحمەد: ٢٠١٠: ٤٤)، واتە سیمای واتایی (+کەلوپەل و کەرەستە، +بەرجەستە) دەگەیەنێت.**
**ب- ئاوەڵناو بەرهەمدەهێنێت، وەکو:**
**ڕاستەوانە، پێچەوانە، چەپەوانە.**

**لەو نموونانەدا /-ەوانە/ چووەتەسەر ئاوەڵناوی سادە و ئاوەڵناوی داڕێژراوی پێکهێناوە، هەرچەندە بەلای (نەرمین عومەر) ەوە ئەم پاشگرە تەنیا لەگەڵ ناوی ئەندامەکانی لەشدا بەکاردەهێنرێت، بەڵام وەك لەنموونەکاندا بەدیدەکرێت، لەگەڵ ئاوەڵناویشدا بەکاردەهێنرێت و پەیوەندی هۆمۆنیمی دروستدەکات.**

---

*- دۆینە: خواردنێکی کوردەوارییە، لەساوەر و دۆ دروستدەکرێت.

**- تووڵینە: لەشێوەی سینی دایە بە داری باریکی تەڕ، کە (تووڵ) ی پێدەوترێت، دروستدەکرێت.

***- قووڵینە: بەهەمان شێوەی تووڵینەیە، بەڵام بەشێوەی قووڵ دروستدەکرێت، وەکو مەنجەڵی نان بەکاردەهێنرێت و تووڵینەکە دەخرێتە سەری بۆ داپۆشین.

# بەشی سێیەم

## پەیوەندییە واتاییەکان لە مۆرفیمە بەندە وشە گۆڕەکاندا.

## ٣/ پەیوەندییە واتاییەکان لە مۆرفیمە بەندە وشەگۆڕەکاندا.

مۆرفیمە وشەگۆڕەکان گروپێکی دیاریکراون لە زماندا، کە ئەرکی سینتاکسی ڕادەپەڕێنن، وەکو مۆرفیمەکانی ناسراوی، نەناسراوی، کۆ...هتد، کە هەڵگری چەمکە سینتاکسییەکانی زمانن، واتە پێویستی ڕێزمانی دەیانهێنێتە ئاراوە، ((ئەم مۆرفیمانە تەنیا مانای ڕێزمانی بنجەکە دەگۆڕن، نەك مانای چەمکی بنجەکە)). (کەوسەر عەزیز ئەحمەد: ١٩٩٠: ٢٨)، واتە ئەو بنکەیەی کە مۆرفیمێکی بەندی وشەگۆڕ وەردەگرێت چەمکەکەی گۆڕانی بەسەردا نایەت، بەڵام لەڕووی ئەرك و واتای ڕێزمانییەوە گۆڕانکاری دروستدەکەن.

لەبەرئەوەی لەزمانی کوردیدا مۆرفیمە بەندە وشەگۆڕەکان گروپێکی دیاریکراو و داخراون، ژمارەیان بەبەراورد لەگەڵ مۆرفیمە وشەداڕێژەکان کەمترە، بۆیە دەست نیشانکردنی پەیوەندییە واتاییەکان لەچوارچێوەی ئەم مۆرفیمانەدا سنووردارتر و کەمترە.

بەهەمان شێوەی مۆرفیمە وشەداڕێژەکان لەم گروپەشدا چوار جۆر پەیوەندی واتایی دەبینرێت، بریتین لە سینۆنیم، ئەنتۆنیم، پۆلیسیمی، هۆمۆنیم.

لەم بەشەدا هەوڵدەدەین هەریەکە لەو پەیوەندییانە لەچوارچێوەی مۆرفیمە بەندە وشەگۆڕەکاندا دەستنیشانبکەین و بەپێی پێویست شیکردنەوەیان بۆ بکەین و نموونەیان بۆ بهێنینەوە.

### ١/٣) سینۆنیم لە مۆرفیمە بەندە وشەگۆڕەکاندا.

سینۆنیمی لەم مۆرفیمانەدا لێکچوون و نزیکی دوو مۆرفیمی بەندی وشەگۆڕ دەگرێتەوە لەئەرك و واتادا، بۆدیاریکردنی ئەم پەیوەندییەش بەهەمان شێوەی بەشی دووەم، دوو جۆر سینۆنیمی لەنێوانیاندا دەستنیشادەکەین، کە سینۆنیمی سیگنی فاکت و سینۆنیمی ئاساییین[٣١].

هەروەها لەڕووی شوێنەوە ئەومۆرفیمانەی، کەئەم پەیوەندییەیان تێدا دەردەکەوێت هەموویان بەشێوەی پاشگرن، وەکو مۆرفیمەکانی (ناساندن، کۆکردنەوە، بانگکردن، ئەسپێکتەکانی کردار)، تەنیا /دە-/ ی ئەسپێکتی ڕاگەیاندنە ڕووکار بەشێوەی پێشگر دەرکەوتووە و سینۆنیمی دروستکردووە.

#### ١/٣- ١) مۆرفیمی بەندی ناساندن:

کردەی ناساندن یەکێکە لەتایبەتمەندییەکانی ناو((بریتییە لە ئاشکراکردن یان دەرخستنی ناوێکی گشتی لەناو پۆلەکەیدا)). (ئەبو بەکر عومەر قادر: ٢٠٠٣: ٢٨)، لە زمانی کوردیدا لە

٣١- بڕوانە: ١/٢.

هەردوو ڕێگەی مۆرفیمی سەربەخۆ و مۆرفیمی بەندەوە کردەی ناساندن ئەنجام دەدرێت[٣٢]، ئەوەی لێرەدا پەیوەندی بە لێکۆڵینەوەکەی ئێمەوە هەیە، مۆرفیمی بەندە وەکو ڕێگەیەکی سەرەکی بۆ دەربڕینی چەمکی ناساندن.

کردەی ناساندن لەڕێگەی هەردوو مۆرفیمی /-ەکە/ ، /-ە/ ەوە ئەنجام دەدرێت، کەواتە ئەو دوو مۆرفیمە دەبن بە سینۆنیمی سیگنی فاکت[٣٣]، چونکە چەمکی هاوبەش لە نێوانیاندا هەیە، ئەویش چەمکی (ناساندن) ەکەیە.

هەروەها ئەم دوو مۆرفیمە لە هەندێك شوێندا دەتوانن لە بری یەکتر بەکار بهێنرێن و ببنە سینۆنیمی یەکتر، وەکو:

کچەکە خێرا هاتە ژوورەوە. = کچە خێرا هاتە ژوورەوە. /-ەکە/ = /-ە/

ژنەکە هەژار بوو. = ژنە هەژار بوو. /-ەکە/ = /-ە/

پیاوەکە هەر هاواری دەکرد. = پیاوە هەر هاواری دەکرد. /-ەکە/ = /-ە/

لەو نموونانەی سەرەوەدا هەردوو مۆرفیمەکە خاوەنی سیمای واتایی (+ناساندن، +دیاریکردن، +تاکێتی) ن، بۆیە بوونەتە سینۆنیمی یەکتر، بەڵام دەبێت ئەوەش بزانین کە ناتوانن لە هەموو بەکارهێنانەکاندا لە بری یەکتر بەکاربهێنرێن، چونکە دەتوانین بڵێین سینۆنیمی تەواو لە زماندا نییە، بۆنموونە ناتوانین بڵێین:

*گوڵە وەری.

*سەگە تۆپی.

### ١/٣- ٢) سینۆنیم لە مۆرفیمی بەندی کۆکردنەوەدا.

مۆرفیمی بەندی کۆکردنەوە، ئەو مۆرفیمانەن، کەدەچنەسەر هەر بنکەیەك چەمکی کۆ، واتە زیاتر لە یەکێك، دەبەخشن بەو بنکەیە، لە زمانی کوردیداچەند مۆرفیمێکی بەند هەیە، کە گەیەنەری ئەم چەمکەن ئەوانیش: (ان، ەها، جات، وات، هات، گەل، ات)[٣٤].

ئەم گرووپەش بەهەمان شێوەی پێشوو دەبن بە سینۆنیمی سیگنی فاکت، چونکە هەموویان یەك چەمکی هاوبەش، کە چەمکی (کۆکردنەوە) یە کۆیان دەکاتەوە، هەر گروپێکی مۆرفیمی بەند وەربگرین ئەو یاسایەی بەسەردا دەچەسپێت، واتە کۆبوونەوەی کۆمەڵێك مۆرفیمی بەند، بەهۆی هاوبەشییان لە گەیاندنی چەمکێکی دیاریکراودا، سینۆنیمی سیگنی فاکت دروستدەکات.

٣٢- بڕوانە: لیمۆ مەحمود تۆفیق: ٢٠١٢: تەواوی نامەکە بۆ ئەم بابەتە تەرخان کراوە.

٣٣- بڕوانە: شێروان حسێن خۆشناو: ٢٠١١: ١٥٥- ١٥٩.

٣٤- بڕوانە: ئەبو بەکر عومەر قادر: ٢٠٠٣: ٣٥- ٣٨، بازیان یونس محێدین: ٢٠١٣: ١٣٣- ١٣٧.

لەناو مۆرفیمە بەندەكانی كۆكردنەوەدا، هەندێكیان دەتوانن لە بری یەكتر بەكار بهێنرێن و وەكو سینۆنیمی ڕێزمانی لە قەڵەم بدرێن، وەكو:

سالآن = سالەها /-ان/ = /-ەها/

جاران = جارەها /-ان/ = /-ەها/

سەدان = سەدەها /-ان/ = /-ەها/

دەیان = دەیەها /-ان/ = /-ەها/

هەردوو /-ان/ و /-ەها/ بەهۆی هاوبەشییان لە سیما واتاییەكانی (+كۆكردنەوە، +كات و ژمارە، - دیاریكراوی لە ژمارەدا) دا، توانیویانە ببنە سینۆنیمی یەكتر.

لە نموونەكانی:

سەوزەجات = سەوزەوات /-جات/ = /-وات/

میوەهات = میوەجات /-هات/ = /-جات/

مۆرفیمەكانی /-وات/، /-جات/، /-وات/ بەهۆی هاوبەشییان لە سیما واتاییەكانی (+كۆكردنەوە، +ناوی گشتی،+ جۆراوجۆری، - دیاریكراوی لە ژمارەدا) دا، توانیویانە ببنە سینۆنیمی یەكتر.

هەروەها لە نموونەكانی:

كوڕان = كوڕگەل /-ان/ = /-گەل/

ژنان= ژنگەل /-ان/ = /-گەل/ (ئەوڕەحمانی حاجی مارف: ٢٠١٤أ: ١٥٨).

هەردوو /-ان/ و /- گەل/ بەهۆی هاوبەشییان لە سیما واتاییەكانی (+كۆكردنەوە، +دیاریكراوی لە جۆردا، - دیاریكراوی لە ژمارەدا) دا، توانیویانە ببنە سینۆنیمی یەكتر.

سەرەڕای ئەو مۆرفیمانەی كۆكردنەوە مۆرفیمێكی دیكەمان هەیە، دەبێتە سینۆنیم لەگەڵ هەردوو مۆرفیمی /-ان/ و /-ەها/ ، ئەویش مۆرفیمی /-ین/ ە، كە تەنها دەچێتەسەر وشەی (چەند).

چەندین = چەندان = چەندەها.

## ١/٣- ٣) سینۆنیم لە مۆرفیمی بەندی بانگكردندا.

بانگكردن وەكو یەكێك لە تایبەتمەندییەكانی پۆلی ناو، بۆ جیاكردنەوە و ئاگادار كردنەوەی ناوێك، تایبەتی بێت، یان گشتی بەكاردەهێنرێت، مۆرفیمەكانی بانگكردن دوو جۆرن:

یەكەمیان: مۆرفیمی سەربەخۆن، وەكو: ئەها، هۆ، ئادەی، هێی، ئەی...هتد.

**دووەمیان: بەشێوەی مۆرفیمی بەندن کە بریتین لە(ە، ێ، ۆ، ینە)، ئەم مۆرفیمانە بەپێی ڕەگەز (نێر، مێ) جیاکراونەتەوە (ە، ۆ) بۆ تاکی نێر، (ێ) بۆ تاکی مێ، (ینە) ش بۆ کۆی نێر و مێ بەکاردێت[٣٥] .**

**هەرچەندە مۆرفیمی /-ە/ بۆ ڕەگەزی نێر دیاریکراوە، بەڵام لە دەکرێت لەسەر ناوی (مێ) یش ببینرێت، کەواتە دەتوانێت ببێتە سینۆنیمی /- ێ/، وەکو:**

**نەنە = نەنێ /- ە/ = /- ێ/**

**خوشکە = خوشکێ /- ە/ = /- ێ/**

**کەواتە /- ە/ و /- ێ/ لە سیمای (+بانگکردن، +ئاگادارکردنەوە، +تاکێتی، +مێ) دا، یەکسانن و بوونەتە سینۆنیم.**

**هەروەها مۆرفیمەکانی /-ە/ و /-ۆ/ لەگەڵ ناوی (نێر) دا دەتوانن ببنە سینۆنیمی یەکتر، چونکە لە سیمای (+بانگکردن، +ئاگادارکردنەوە، +تاکێتی، +نێر) دا هاوبەشن، وەکو:**

**مامە = مامۆ /-ە/ = /-ۆ/**

**خاڵە = خاڵۆ /-ە/ = /-ۆ/**

**کاکە = کاکۆ /-ە/ = /-ۆ/**

**مۆرفیمی /-ینە/ ش، کە بۆ بانگکردنی ناوی کۆی هەردوو ڕەگەز بەکاردەهێنرێت، هەندێکجار مۆرفیمی /-ان/ و /-گەل/ ی کۆکردنەوەش دەتوانێت جێگەی بگرێتەوە و ببێتە سینۆنیم. (ڕزگار واحید حەمەد ئەمین: ٢٠٠٩: ٥١ -٥٢)، واتە پێکەوە سیمای (+بانگکردن، +ئاگادارکردنەوە، - تاکێتی، ± نێر) بە بنکەکان دەبەخشن، وەکو:**

**خوشکینە = خوشکان /-ینە/ = /-ان/**

**هەڤاڵینە = هەڤاڵان /-ینە/ = /-ان/**

**براینە = برایان /-ینە/ = /-ان/**

**موسڵمانینە = موسڵمانان. /-ینە/ = /-ان/**

**کوڕینە = کوڕگەل /-ینە/ =/-گەل/**

**کچینە = کچگەل. /-ینە/ = /-گەل/**

---

٣٥- بۆ زانیاری زیاتر لەسەر شێوازی بانگکردن بڕوانە: ڕزگار واحید حەمەد ئەمین: ٢٠٠٩: تەواوی نامەکە بۆ ئەم بابەتە تەرخانکراوە.

## ٤-١/٣) سینۆنیم لەمۆرفیمە بەندەکانی ئەسپێکتی کرداردا.

ئەسپێکت (( پرۆسەیەکی ڕێزمانییە و دەرخەری شێوازی ئەنجامدانی کردارە، لە ڕوانگەی دەستپێك و بەردەوامی و دووبارە بوونەوە و کۆتایی هاتنەوە)) (والی ڕەزایی: ١٣٩١: ٨٠)[٣٦]، بەشێوەیەکی گشتی لە زمانی کوردیدا ئەسپێکتەکانی کردار لەڕێگەی چەند مۆرفیمێکی بەندەوە پیشاندەدرێت، کەواتە ئەسپێکتەکان کۆمەڵێك مۆرفیمی بەندن، ئەرکیان پیشاندان و خستنەڕووی کاتی ڕوودانی کردارە لە ڕابردوو و ئێستا و داهاتوودا، ئەوەی لێرەدا پەیوەندی بە لێکۆڵینەوەکەی ئێمەوە هەبێت خستنەڕووی ئەو ئەسپێکتانەیە کە پەیوەندی سینۆنیمی دروستدەکەن، ئەمانەن:

١- /دە-/

ئەسپێکتی پیشاندانی کاتی ڕابردووی بەردەوام و ڕانەبردووە لە ڕاگەیاندنە ڕووکاردا. ئەم ئەسپێکتە لە شێوەزاری ناوچەی سلێمانی بۆ /ئە-/ دەگۆڕرێت، لەتەواوی ئەو دەوروبەرانەی کە /دە-/ بەکاردێت دەتوانرێت /ئە-/ جێگەی بگرێتەوە و ببنە سینۆنیمی یەکتر، وەکو:

- ڕانەبردوو: دەخۆم = ئەخۆم /دە-/=/ئە-/

لێرەدا هەردوو مۆرفیمەکە هەڵگری سیمای (+پیشاندانی کات، +هەواڵدان، - کۆتایی هاتنی ڕووداو) ن، بۆیە پەیوەندی سینۆنیمییان دروستکردووە.

- ڕابردووی بەردەوام: دەهات = ئەهات. /دە-/=/ئە-/
-

لێرەشدا هەردوو مۆرفیمەکە هەمان سیمای (+پیشاندانی کات، +هەواڵدان، +بەردەوامی لە ڕابردوودا) یان هەیە، بۆیە پەیوەندی سینۆنیمییان دروستکردووە.

٢- /-وە، ووە/

ئەم ئەسپێکتە دەچێتە کۆتایی کرداری ڕابردووی نزیکەوە و دەیکات بەکرداری ڕابردووی تەواو، کە کۆتایی هاتنی کردارەکە لە ڕابردوودا پیشاندەدات، لە شێوەزاری ناوچەکانی گەرمیاندا ئەم ئەسپێکتە دەگۆڕرێت بۆ/-ە/، بۆیە دەتوانین بڵێین ئەو دوو مۆرفیمە دەبنە سینۆنیمی یەکتر، وەکو:

پاڵکەوتووە = پاڵکەوتە /-ووە/ = /-ە/

نوسیوە = نوسییە /-وە/ = /-ە/

ناردووە = ناردە /-ووە/ = /-ە/

---

٣٦- لە هێرش کەریم حەمید: ٢٠١٥: ١٠٦ وەرگیراوە.

بەڵام دەبێت ئاگاداری ئەوە بین، دروستبوونی سینۆنیم تەنیا لەو کردارانەدا ڕوودەدات، کە لە چاوگی (دالی ، تائی ، یائی) یەوە وەرگیراون، بەڵام ئەو کردارانەی لە چاوگی (ئەلفی ، واوی) یەوە وەردەگیرێن ئەم گۆڕانەی تێدا جێبەجێنابێت.

لە شێوەزاری (هەولێر، سۆران) یشدا /-وە/ دەگۆڕرێت بۆ /-یە/، واتە دەنگی (و) دەگۆڕرێت بۆ (ی) (عەبدوڵاحسێن ڕەسوڵ: ١٩٩١: ٢٦)، کەواتە دەبنە سینۆنیمی یەکتر، وەکو:

نەتهێناوە = نەتهێنایە /-وە/ = /-یە/

نووستووە = نووستییە /-ووە/ = / -یە/

لەو نموونانەی سەرەوەدا هەر سێ مۆرفیمی /-وە/، /-ە/، /- یە/ توانیویانە سیمای (+پیشاندانی کات، +هەواڵدان، +کۆتایی هاتن) بە بنکەکان ببەخشن و سینۆنیمی پێکبهێنن.

٣- /-با/

ئەم ئەسپێکتە بۆ پیشاندانی کاتی کرداری ڕابردووی نزیکە لە مەرج و خۆزگە و دانانییە ڕووکاردا، وەکو: بریا دەرچووبام. خۆزگە سەرکەوتبام.

ئەسپێکتی /- با/ لەگەڵ ئەسپێکتی /ب-... - ایە/، کە لە شێوەزاری سلێمانیدا بەکاردێت، دەبن بە سینۆنیمی یەکتر، چونکە دەتوانن لەبری یەکتر بەکاربهێنرێن و هەمان ئەرك و واتا بگەیەنن و سیمای (+پیشاندانی کات، -ڕاست و هەڵە، -هەواڵدان، +کۆتایی هاتنی ڕووداو) یان بە بنکەکان بەخشیوە، وەکو:

خۆزگە چووبام بۆ ئاهەنگەکە. = خۆزگە بچوومایە بۆ ئاهەنگەکە. /-با/ = /ب-...-ایە/.

دەبوایە هاتبایت. = دەبوایە بهاتیتایە. /-با/ = /ب-...-ایە/.

٤- /- بووبا/

ئەم مۆرفیمە لە مەرج و خۆزگە و دانانییە ڕووکاردا، دەبێتە ئەسپێکتی کرداری ڕابردووی دوور و ((لە ڕیزی مۆرفیمە بەندە لێکدراوەکاندایە، بەوەی لە هەردوو مۆرفیمی /- بوو/ + /- با/ پێك دێت)). (شێروان حسێن حەمەد: ٢٠١٤: ١٧٤).

لە بەرانبەر ئەمەشدا مۆرفیمێکی دیکە هەیە، ئەویش /-بووایە/ یە، هەمان چەمك و ئەرکی ڕێزمانی دەگەیەنێت و دەبن بە سینۆنیمی یەکتر، واتە هەردووکیان سیمای (+پیشاندانی کات، - هەواڵدان، +کۆتایی هاتنی ڕووداو لەڕابردوویەکی دووردا) یان هەیە، وەکو:

خۆزگە دانیشتبووبا. = خۆزگە دانیشتبووایە. /- بووبا/ = / - بووایە/.

خۆزگە ئەویش هاتبووبا. = خۆزگە ئەویش هاتبووایە. /- بووبا/ = / - بووایە/.

٥- /- ەوە/

ئەم مۆرفیمە بەندە، هەمیشە بە کۆتایی کردارەوە دەلکێت، دوو ئەرکی جیاواز دەبینێت:

أ- دەبێتە مۆرفیمی بەندی وشەگۆڕ و وەکو ئەسپێکت ئەرکی ((ئاماژە کردنی دەمکات لە دووبارەبوونەوەی ڕوودان لە ڕابردوو، ڕانەبردوودا، لە خۆدەگرێت)). (ئەبو بەکر عومەر قادر: ٢٠٠٣: ٦٦)، بەرانبەر بەم ئەسپێکتە لە شێوە زاری گەرمیاندا /- ۆ/ بەکاردەهێنرێت، کە هەڵگری هەمان چەمك و واتای ڕێزمانییە، بۆیە دەگونجێت بڵێین /- ەوە/ و/- ۆ/ دەبن بە سینۆنیمی یەکتر و سیمای (+پیشاندانی کات، +دووبارەبوونەوەی ڕووداو) یان هەیە، وەکو:

هاتمەوە بۆماڵ. = هاتمۆ بۆ ماڵ. /- ەوە/ = /- ۆ/.

ڕەنگە بگەڕێمەوە. = ڕەنگە بگەڕێمۆ. /- ەوە/ = /- ۆ/.

کتێبەکەی بردەوە. = کتێبەکەی بردۆ. /- ەوە/ = /- ۆ/.

ب- دەبێتە مۆرفیمی وشەداڕێژ و وشەی نوێ بە واتای نوێوە بەرهەم دەهێنێت، وەکو: (کردنەوە، بیرکردنەوە، خواردنەوە...هتد)، هەروەها دەچێتە سەر کۆمەڵێك چاوگ کە بەبێ ئەم پاشگرە واتا نابەخشن، وەکو: (ڕشانەوە، خولانەوە، بوژانەوە، شاردنەوە...هتد)، لە بەرانبەر ئەمەشدا بەهەمان شێوە لە شێوە زاری گەرمیاندا پاشگری /- ۆ/ جێگەی دەگرێتەوە و دەبنە سینۆنیمی یەکتر، وەکو:

کردەوە = کردۆ. /- ەوە/ = /- ۆ/.

خواردەوە = خواردۆ. /- ەوە/ = /- ۆ/.

شاردەوە = شاردۆ. /- ەوە/ = /- ۆ/.

## ٢/٣) ئەنتۆنیم لە مۆرفیمە بەندە وشەگۆڕەکاندا

هەبوونی دوو مۆرفیمی بەندی وشەگۆڕە، چ پێشگر بێت یان پاشگر، لەیەکێك لە سیما واتاییەکانیاندا پێچەوانەی یەکتر بن.

## ٢/٣- ١) ئەنتۆنیم لە پێشگرەکاندا.

بوونی دوو پێشگری وشەگۆڕە کە پەیوەندی ئەنتۆنیمی دەیانبەستێت بەیەکەوە، دیارترینیان ئەمانەن:

١- /دە-/ ×/نا-/

دەچم × ناچم /دە-/ ×/نا-/

دەبات × نابات /دە-/ ×/نا-/

دەخایەنێت × ناخایەنێت /دە-/ ×/نا-/

لەو نموونانەدا /دە-/ ئەسپێکتی پیشاندانی ڕانەبردووە لە ئێستاو داهاتوودا و /نا-/ ئەسپێکتی پیشاندانی ڕانەبردووە لە ئێستا و داهاتوو،لە باری نەرێدا. (عەبدوڵا حسێن ڕەسوڵ:١٩٩١: ٢٣)، سیمای واتایی ئەو دوو مۆرفیمەش بەم شێوەیە:

| /دە-/ | /نا-/ |
| --- | --- |
| +هەواڵدان | +هەواڵدان |
| +کاتی ڕانەبردوو | +کاتی ڕانەبردوو |
| - ناکردن | +ناکردن |

وەك دەردەکەوێت /دە-/ و /نا-/ لە هەموو سیماکاندا وەکیەکن، تەنیا لە سیمای (- ناکردن، +ناکردن) دا پێچەوانەی یەکترن، بۆیە ئەو دوو مۆرفیمە دەبنە ئەنتۆنیمی یەکتر.

٢- /ب-/ × /مە-/

بهێنە × مەهێنە /ب-/ × /مە-/

بوەستە × مەوەستە /ب-/ × /مە-/

بنووسن × مەنووسن /ب-/ × /مە-/

لەو نموونانەدا /ب-/ مۆرفیمی بەندی وشەگۆڕە، بە ئەسپێکی فرمانە ڕووکار دادەنرێت، واتە ((مۆرفیمی داڕشتن یان ڕۆنانی فۆرمی کرداری داخوازی /ب-/ ە، کە پێش ڕەگی کردار دێت و کاتی ڕانەبردووی تێدا تواوەتەوە)). (ئەبو بەکر عومەر قادر :٢٠٠٣: ٧٠).

مۆرفیمی /مە-/ لە فرمانە ڕووکار دا، کە چەمکی نەرێ دەگەیەنێت، لە هەمان کاتدا هەڵگری کاتی ڕانەبردووە، سیمای واتایی ئەو دوو مۆرفیمە بەم شێوەیە :

| /ب-/ | /مە-/ |
| --- | --- |
| +چەمکی فەرمان و داخوازی | +چەمکی فەرمان و داخوازی |
| +ڕانەبردوو | +ڕانەبردوو |
| - ناکردن | +ناکردن |

لە سیماکانی ئەو دوو مۆرفیمەدا دەردەکەوێت، کە یەك ئەرك و واتایان هەیە، بەڵام تەنها لە یەك سیمادا پێچەوانەی یەکترن بۆیە دەبنە ئەنتۆنیمی یەکتر.

٣- /ب -/× /نە-/

ڕەنگە بچم × ڕەنگە نەچم. /ب -/ × /نە-/

دەبێت هەوڵبدەیت × دەبێت هەوڵنەدەیت. /ب -/ × /نە-/

پێویستە ڕزگاری بکەیت × پێویستە ڕزگاری نەکەیت. /ب -/ × /نە-/

/ب-/ ئەسپێکتی پیشاندانی کاتی ڕانەبردووە لە مەرج و خۆزگە و دانانییە ڕووکار دا، هەرچی مۆرفیمی /نە-/ یشە مۆرفیمی بەندی نەرێ کردنە، کرداری مەرج و خۆزگە دانانییە ڕووکاری نەرێ کردووە و چەمکی ڕانەبردووی تێدا تەواوەتەوە چونکە شوێنی /ب-/ ی گرتووەتەوە، بۆیە دەتوانین بە ئەسپێکت هەژماری بکەین.

| /ب-/ | /نە-/ |
| --- | --- |
| +ئەسپێکتی ڕانەبردوو | +ئەسپێکتی ڕانەبردوو |
| +مەرج و خۆزگەو دانانیی | +مەرج و خۆزگەو دانانیی |
| - ناکردن | +ناکردن |

کەواتە ئەم دوو مۆرفیمەش دەبنە ئەنتۆنیمی یەکتر، ئەوەی لە نموونەکاندا ڕوون بووەوە، ئەوەیە کە ئەنتۆنیم لە مۆرفیمی بەندی وشەگۆڕدا تەنیا لە چوارچێوەی پێشگرەکاندا هەیە، چونکە ئەو مۆرفیمە بەندە وشەگۆڕانەی، چەمکی نەرێی و پێچەوانەییان هەڵگرتووە، کە بریتین لە (نا، نە،مە) هەرسێکیان بەشێوەی پێشگرن، ئەو ئەسپێکتانەش کە بوونەتە ئەنتۆنیم، لەگەڵ ئەو سێ مۆرفیمە، بەشێوەی پێشگرن.

## ٣/٣) پۆلیسیمی لە مۆرفیمی بەندی وشەگۆڕدا.

ئەو ئەرکە جیاوازانەی هەر مۆرفیمێکی وشەگۆڕ لە دروستەی سینتاکسدا دەیبینێت، زۆرجار دەبێتە هۆی دروستبوونی پەیوەندی هۆمۆنیمی یان پۆلیسیمی لەو مۆرفیمانەدا، لەوکاتەشدا ئەگەر هەر مۆرفیمێك لە شوێنی جیاجیادا دوو ئەرکی نزیك بەیەك ببینێت، واتە سەرەڕای جیاوازی لەئەرکەکاندا، بەڵام چەمکی هاوبەش لەنێوانیاندا بەدیبکرێت، ئەوا پەیوەندی پۆلیسیمی دروستدەبێت.

### ٣/٣ - ١) پۆلیسیمی لەپێشگرەکاندا.

دوو پێشگری وشەگۆڕ یان زیاتر دەگرێتەوە کە بەهۆی هاوبەشییان لەچەمك و سیمای واتاییدا پەیوەندی پۆلیسیمی کۆیاندەکاتەوە، دیارترین ئەو پێشگرانەش ئەمانەن:

١-/نە-/

ناکردن وەکو پرۆسەیەکی سینتاکسی، لە زمانی کوردیدا بە زۆری لە ڕێگەی مۆرفیمە بەندەکانەوە دەکرێت و ((ئەرکی سەرەکی جێبەجێ نەکردن و بەرپەرچدانەوەی ڕستەیە)). (عەبدوڵا حسێن ڕەسووڵ: ١٩٩١: ٧)، /نە-/ یش یەکێکە لە دیارترین ئەو مۆرفیمە بەندانەی کە بەشێوەی پێشگر دەورێکی سەرەکی لە بە ئەنجام گەیاندنی پرۆسەی ناکردندا هەیە، بەم شێوەیەی خوارەوە:

أ- کرداری ڕابردوو بەهەموو دەمکاتەکانییەوە لە هەواڵە ڕووکار دا نەرێ دەکات. (وریا عومەر ئەمین: ٢٠١١: ٦٩)، وەکو:

نەهات (ڕابردووی نزیك).

نەهاتووە (ڕابردووی تەواو).

نەدەهات (ڕابردووی بەردەوام).

نەهاتبوو (ڕابردووی دوور).

لێرەدا /نە-/ سیمای (+ڕابردوو، +هەواڵدان، +نەرێ) ی هەیە.

ب- کرداری ڕابردوو بەهەموو دەمکاتەکانییەوە لە دانانییە ڕووکار دا نەرێ دەکات، وەکو:

نەهاتبا (ڕابردووی نزیکی دانانی).

نەهاتبێت (ڕابردووی تەواوی دانانی).

نەهاتبایە (ڕابردووی بەردەوامی دانانی).

نەهاتبووبا (ڕابردووی دووری دانانی).

لێرەدا /نە-/ سیمای (+ڕابردوو، +دانانی، +نەرێ) ی هەیە.

ج- کرداری ڕانەبردوو لە دانانییە ڕووکار دا نەرێ دەکات،وەکو:

ڕەنگە نەچم.

لەوانەیە سەرنەکەویت.

لێرەدا /نە-/ سیمای (+ڕانەبردوو، +دانانی، +نەرێ) ی هەیە.

د- کرداری داخوازی نەرێ دەکات، وەکو:

نەڕۆیت، نەنووسن، نەچن.

لێرەدا /نە-/ سیمای (+داخوازی، +نەرێ) ی هەیە.

هـ- کرداری ڕابردووی بکەر نادیار نەرێ دەکات، لە هەردوو هەواڵ و دانانییە ڕووکار دا، وەکو:

نەنووسرا، نەنووسراوە، نەدەنووسرا، نەنووسرابوو. بکەر نادیار - هەواڵە ڕووکار.

نەنووسرابا، نەنووسرابێت، نەنووسرابایە، نەنووسرابووبا. بکەر نادیار - دانانییە ڕووکار.

لێرەدا /نە-/ سیمای (+ڕابردوو، +بکەرنادیار، +نەرێ) ی هەیە.

و- هەرچەندە، ناکردن پرۆسەیەکی سینتاکسییە، بەڵام لە ئاستی مۆرفۆلۆجیشدا ئەم مۆرفیمە توانای بەرهەم هێنانی وشەی نوێی هەیە و دەتوانێت فەرهەنگی زمان دەوڵەمەند بکات، وەکو: نەزان، نەخۆر، نەفام، نەخۆش...هتد.

لێرەدا /نە-/ سیمای (+وشەدارِشتن، +سیفەت، +نەرێ) ی هەیە.

لەو شەش بەکارهێنانە جیاوازەی، کە /نە-/ ی تێدا بەکارهاتووە، سەرەڕای جیاوازی و تایبەتمەندێتی هەریەکەیان، بەڵام چەمکی (نەرێ و پێچەوانەیی) لە هەموویاندا بەدی دەکرێت، کەواتە /نە-/ مۆرفیمێکی فرە واتایە و پەیوەندی پۆلیسیمی دروست دەکات.

٢- /نا-/

أ- کرداری ڕانەبردووی بکەر دیار و بکەر نادیار لە هەواڵە ڕووکار دا نەرێ دەکات، وەکو:

نادۆڕێین، نامرین. بکەر دیار .

نابینرێ، نازانرێ. بکەر نادیار.

لێرەدا /نا-/ سیمای (+ڕانەبردوو، +هەواڵدان، +نەرێ) ی هەیە.

ب- وەکو مۆرفیمێکی وشەدارێژ ئاوەڵناوی دارێژراو درووستدەکات، وەکو:
نابینا، ناپاك، ناخۆش، نامەرد.

لێرەدا /نا-/ سیمای (+وشەدارِشتن، +سیفەت، +نەرێ) ی هەیە.

ج- وەکو ئینتەرفیکس لە ئاستی مۆرفۆلۆژیدا ئەرکی بەرهەمهێنانی ئاوەڵکردار دەبینێت، وەکو:
ڕۆژناڕۆژ، جارناجار، شەوناشەو، ساڵناساڵ...هتد.

لێرەدا /نا-/ سیمای (+ڕێکخستن، +لێکدراو، +نەرێ) ی هەیە.

لەو بەکارهێنانە جیاوازانەی ئەم مۆرفیمەدا، هەرچەندە/نا-/ لە هەردوو ئاستی مۆرفۆلۆژی و سینتاکسدایە، بەڵام بەڕوونی چەمکی (نەرێی و پێچەوانەیی) تێیاندا دەبینرێت، کەواتە پەیوەندی پۆلیسیمی درووستدەکەن.

### ٣/٣ - ٢) پۆلیسیمی لەپاشگرەکاندا.

١- /-ەکە/.

أ- /-ەکە/ : بەرخەکە، خوێندنگاکە، خانووەکە، مامۆستاکە، کتێبەکە.

ئەم مۆرفیمە دەبێتە مۆرفیمی بەندی ناساندن و سیما واتاییەکانی بەم شێوەیە:

+ ناساندن
+دیاریکردن
+تاك.

ب- /-ەكە/ : دارە سووتاوەكە، بەریدەكە، كۆنەكە، بەربەلەدێكە، كۆڕەوەكە، گردە بڕاوەكە، شەكرەكە، گرانییەكە، ڕاپەڕینەكە، سەهۆڵەكە، حەوزە وشكەكە.

لەو نموونانەدا ئەم پاشگرە بە هەمان سیما و تایبەتمەندییەوە چووەتە سەر چەند ناوێك و ناوی كات و ناوی شوێنی پێكهێناوە، دیارە ئەمەش ((لە ئەنجامی زۆر بەكارهێنانی هەندێك فرێزی قایمكراو، كە بە (-ەكە) دیاری كراون، ئەویش لەبەر زانراوی و ئاشكراییان لای خەڵكی دەرخراوەكانیان بەر بەرداشی ئیكۆنۆمی كەوتوون و پەڕێنراون و كورت كراونەتەوە)) (فارووق عومەر سدیق: ٢٠١٣: ١٣٤)، واتە گۆڕانەكان بەم شێوەیە ڕوویداوە:

بازاڕی بەربەلەدێ ⟵ بازاڕی بەربەلەدێكە ⟵ بەر بەلەدێكە
ساڵی گرانی ⟵ ساڵی گرانییەكە ⟵ گرانییەكە (سەرچاوەی پێشوو:١٣٤ - ١٣٥).

واتە لەو نموونانەدا /- ەكە/ سەرەتا وەكو مۆرفیمی بەندی ناساندن، چووەتەسەر فرێزە ناوییەكە، دواتر بەهۆی زۆر بەكارهێنان و ئاشكراییەوە لای خەڵكی، دیارخراوەكانی فرێزەكە فرتێنراون و دیارخەرەكە لەگەڵ مۆرفیمی ناساندنەكەدا پێكەوە ماونەتەوە بەم شێوەیە ((/-ەكە/، لە گراماتیكی كەوتووە و بووەتە مۆرفیمی بەندی وشە داڕێژ)) (فارووق عومەر سدیق: ٢٠١٥: چاوپێكەوتن)، بەڵام دەبێت ئەوە بزانین لە هەموو ئەو وشانەدا چەمكی دیاریكردن و ناساندنی تێدا ماوەتەوە.

ج- /-ەكە/ هەندێكجار ئەم مۆرفیمە، واتای فەرهەنگی دەگۆڕێت بۆ واتای میتافۆری ((هەندێك ناو هەن وەكو ناوی ئەندامەكانی لەشی مرۆڤ و ئەو ناوانەی لە بواری واتایی پەیوەندی خزمایەتی و كەس و كاردا بەدەر دەكەون، كاتێك بە تەنیا مۆرفیمی /-ەكە/ ی ناسراوییان چووەسەر لە واتا بنجییەكەوە دەپەڕنەوە بۆ واتای میتافۆری)). (هیدایەت عەبدوڵا محەمەد: ٢٠٠٢: ٦٠)، وەكو:

- دان+ ەكە دانەكەی كول بووە.
- چاو + ەكە چاوەكەم وانابێت.
- دایك+ ەكە دایكەكەم وانابێت (سەرچاوەی پێشوو: هەر ئەو لاپەڕەیە).

لێرەشدا هەرچەندە واتای میتافۆری دروستکردووە، بەڵام هەمان چەمکی ناساندن و دیاریکردنی تێدا ماوەتەوە، چونکە باس لێکراو لەنێوان قسەکەر وگوێگردا ئاشکراو زانراوە، کەواتە لەهەر سێ بەکارهێنانە جیاوازەکەی /-ەکە/ دا چەمکی هاوبەش بەدی دەکرێت و دەبنە پۆلیسیمی یەکتر.

٢-/- ێك/

أ- سیمای واتایی ئەم مۆرفیمە (+نەناساندن، - دیاریکردن، +تاك) ە، هەڵگری چەمکێکی ڕێزمانییە و بریتییە لە دیارینەکردن و شاردنەوەی ناو، لەناو کۆمەڵێك ناوی گشتیدا واتە نەناساندن، یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی ناو(( ئەرکی دیاریکردنی ئاشکرا نەکراو دەبەخشێت بەو فرێزە ناوییەی کە دەچێتە سەری)). (لیمۆ مەحموود تۆفیق: ٢٠١٢: ١٠٨)، کەواتە ناوی گشتی دەکاتە ناوێکی نەناسراو، وەکو: کچێك، گوڵێك، زانایەك.

ب- دەبێتە کەرتی دووەمی چەند مۆرفیمێکی پچڕاو کە ئەمانەن:

چەند...ێك ← چەند کچێك ، چەند ملیۆنێك، چەند پیاوێك.

هەر...ێك ← هەر کەسێك، هەرخوێندکارێك، هەر دایکێك.

چ...ێك ← چ مرۆڤێك، چ دڕندەیەك، چ فریشتەیەك.

هەرچەندە، لەو نموونانەدا ئەرکی سەرەکی/-ێك/ نەناساندن نییە، واتە ناوێکی گشتی نەکردووەتە ناوێکی نەناسراو، بەڵام بەڕوونی چەمکی دیارینەکراوی و نەناسراوی تێدا دەبینرێت، کە هەمان مەبەستی شاردنەوە و دیارینەکردن دەگەیەنێت.

ج- ئەم مۆرفیمە ((جگە لەوەی کە مۆرفیمی تاکایەتی و نەناسیاری دەنوێنێت، لە بۆتەیەکی ڕێزمانی دیاریکراو دا بە هاوبەشی لەگەڵ ئەو ناوانەی کە بۆ پێوانە کردنی کەرەستە ماددی و مەعنەوییەکان بەکاردێن چەمکی ڕادە دروست دەکات)). (قەیس کاکل تۆفیق: ٢٠٠٣: ٢٠)، وەکو: کیلۆیەك، مەنجەڵێك، مەترێك، تەنەکەیەك، کارتۆنێك.

مۆرفیمی /-ێك/ لەگەڵ ئەو یەکە پێوانەییانەدا کە بۆ گەیاندنی چەمکی ڕادە بەکاردێن سیمای (+تاکێتی) یان پێوە دیارە.

هەروەها لە نموونەکانی :

هەندێك، بڕێك، تۆزێك، کەمێك، نەختێك...هتد دا، بە هەمان شێوە چەمکی ڕادە دەگەیەنن و لەگەڵ ئەوەشدا سیمای (+نەناسراوی) زاڵە بەسەریاندا، کەواتە بەکارهێنانە جیاوازەکانی ئەم مۆرفیمە پەیوەندی پۆلیسیمی دروست کردووە.

٣-/-ان/

أ- بەناوی گشتییەوە دەلکێت و دەیکات بەناوی کۆ، سیمای (+کۆکردنەوە) ی هەیە، وەکو: مامۆستایان، کچان، کوڕان، ژنان، منداڵان.

ب- جێناوی سەربەخۆی (ئەو) کە بۆ کەسی سێیەمی تاکە /-ان/ وەردەگرێت و دەبێتە کەسی سێیەمی کۆ .(شێرکۆ بابان: ٢٠٠٨: ٦٣).
ئەو+ ان = ئەوان، لێرەشدا /-ان/ چەمکی کۆکردنەوەی گەیاندووە.

ج- دەچێتە سەر جێناوە لکاوە تاکەکانی وەکو: (م، ت، ی)، کە خۆیان لە بنەڕەتدا تاکن، کاتێك /-ان/ دەچێتەسەریان دەیانکات بەکۆ، وەکو:

م + ان = مان

ت + ان = تان

ی + ان = یان (سەرچاوەی پێشوو: ٦٤).

د- هەندێك جار وەکو مۆرفیمی بەندی بانگکردن بەکاردێت، ((هەرچەندە ئەرکە سەرەکییەکەی ئەم مۆرفیمە بانگکردن نییە)). (ڕزگار واحید حەمەدئەمین: ٢٠٠٩: ٥١)، وەکو:
کچان وەرن.
خوشکان، برایان تێکۆشن.

لەم چوار بەکار هێنانە جیاوازانەی /- ان/ دا، سیمای واتایی (+کۆ) هاوبەشە لە نێوانیاندا و بەمەش پەیوەندی پۆلیسیمی پێکەوەیان دەبەستێت.

٤- /- اندن/

أ- وەکو مۆرفیمی بەندی وشەگۆڕ، ئەرکی گۆڕینی توانای کردار و بەهێزکردنی لە تێنەپەڕەوە بۆ تێپەڕ دەگرێتە ئەستۆ، واتە بۆ بەدەستهێنانی چاوگی تێپەڕ، /- اندن/ بۆ ڕەگی ڕانەبردووی چاوگی تێنەپەڕ زیاد دەکرێت، وەکو:

خەوتن ← خەواندن

سوتان ← سوتاندن

سیمای واتاییەکەشی بریتییە لە (+تێپەڕاندن، +بەهێزکردنی توانای کردار).

ب- لە ئێستای زمانی کوردیدا ڕێگایەکی نوێ بۆ بەدەستهێنانی چاوگی تێپەڕ پەیدابووە، ئەویش لە ڕێگای زیدکردنی /-اندن/ بۆ کۆمەڵێك بنکە جۆراوجۆر، وەکو:

**کوردانـدن، چەپانـدن، گەوجانـدن، شیعرانـدن...هتد.**

**لەم نموونانەدا سیما واتاییەکەی بریتییە لە (+تێپەڕاندن، پێکهێنانی چاوگ)، بۆیە دەتوانین بڵێین سەرەڕای جیاوازی لەو دوو بەکارهێنانەدا، بەڵام چەمکی هاوبەشی (+تێپەڕاندن) کۆیان دەکاتەوە و پۆلیسمی دروستدەکەن.**

**٥- /-ە/**

**أ- دەبێتە مۆرفیمی بەندی خستنەسەر، خستنەسەر بریتییە لە ((ڕێکخستنی پەیوەندی نێوان ناوی سەرەکی یان دەرخراوی فرێزی ناوی و ناوەکانی تری فرێزەکە)). (ئەبوبەکر عومەر قادر: ٢٠٠٣: ٤٢)، ئەم مۆرفیمە دەچێتە نێوان دیارخراوێك و دیارخەرێکەوە، بەمەرجێك دیارخەرەکە ئاوەڵناوی چۆنییەتی بێت، دیارخراوەکەش ناسراو بێت، وەکو:**
**منداڵە هاروهاجەکە، ڕووداوە دڵ هەژێنەکە، کوڕە زیرەکەکە.**

**کەواتە سیمای واتایی مۆرفیمی خستنەسەر بریتییە لە (+ڕێکخستن، +پێکهێنانی فرێز).**

**ب- دەبێتە ئینتەرفیکس، وشەی لێکدراو لە زمانی کوردیدا لە دوو وشەی واتادار یان زیاتر پێکدێت، هەندێکجاریش جگە لە دوو وشە واتادارەکە چەند مۆرفیمێکی تر دەردەکەون و بەشداری لە دروستەی وشە لێکدراوەکەدا دەکەن[٣٧]، یەکێك لەو مۆرفیمانە ئینتەرفیکسە، وەکو:**
**چەپکەگوڵ، سێوەلاسوورە، گوڵەباخ...هتد.**
**سیمای واتایی /-ە/ ی ئینتەر فیکس بریتییە لە (+ڕێکخستن، +پێکهێنانی وشەی لێکدراو).**

**هەروەکو ڕوونبووەوە ئەو دوو مۆرفیمە سیمای واتایی هاوبەش لە نێوانیاندا هەیە، سەرەڕای جیاوازی لەئەرکەکانیاندا، بەڵام هەردووکیان ئەرکی ڕێکخستن دەبینن، یەکێکیان لەئاستی سینتاکس و ئەوی تریان لە ئاستی مۆرفۆلۆژیدا، بۆیە دەتوانین بڵێین بۆ یەك بنچینە دەگەڕێنەوە و دەبنە پۆلیسیمی یەکتر.**

**٥-/-ی/**

**أ- دەبێتە مۆرفیمی بەندی خستنەسەر لە دروستەی فرێزدا، ئەرکی ڕێکخستنی دیارخەر و دیارخراو لە خۆدەگرێت و ((ئیتیمۆلۆژی نیشانەی ئیزافەی (ی) دەگەڕێتەوە بۆ جێناوی هەیی (هی- ئی))(ئازاد ئەحمەد مەحمود، ٢٠٠١: ٩٤)، وەکو:**
**ماڵی ئێمە، کابرای نەخۆش، ئێمەی کورد.**

---

٣٧- بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئینتەرفیکسەکانی زمانی کوردی بڕوانە: ئومێد بەرزان برزۆ: ٢٠١١: ٦٨.

سیمای واتایی ئەم مۆرفیمە بریتییە لە (+ڕێکخستن، +پێکهێنانی فرێز).

ب- دەبێتە ئینتەرفیکس، وەکو:
سەری ڕەش (شوێن)، سەوزەی کەلار، دانی شیری، ئاردی سفر، ژووری نوستن...هتد.

سیمای واتایی ئەم مۆرفیمە بریتییە لە (+ڕێکخستن، +پێکهێنانی وشەی لێکدراو).

یەکێك لە ڕێگاکانی دەوڵەمەند بوونی فەرهەنگی زمان، وشەسازییە بەڕێگای سینتاکسی، واتە لە ئەنجامی زۆر بەکار هێنانی فرێز، بە تێپەڕ بوونی کات (دەرخراو و دەرخەر) ەکانیان واتای لێکسیکی خۆیان لەدەست دەدەن و لە دوا قۆناغدا لە فرێزەوە دەبن بە دانەیەکی لێکسیکی یان فەرهەنگی[٣٨].

دەتوانین بڵێین لە ئەنجامی زۆر بەکارهێنانی فرێزێکەوە دەکرێت وشەی لێکدراو بەرهەم بێت، هەروەکو لەنموونەکانی سەرەوەدا دیارە، لەم شێوەیەشدا هەمان /-ی/ خستنەسەرە، بەڵام ئەرکەکەی دەگۆڕێت و وەکو مۆرفیمی وشەداڕێژ، وشەی لێکدراو بەرهەم دەهێنێت.
بۆیە لە ئەنجامدا دەتوانین بڵێین هەردوو ئەرکە جیاوازەکەی ئەم مۆرفیمە پۆلیسیمی دروست کردووە.

٦- /-و/
أ- لەئاستی سینتاکسدا وەکو مۆرفیمی لێکدەر دوو وشە، دوو گرێ، دوو ڕستە پێکەوە دەبەستێت، بە مۆرفیمی خستنە تەکیەك ناو دەبرێت[٣٩]، ئەو فرێزانەی بەهۆی ئەم مۆرفیمەوە دەخرێنە تەکیەك ((ئەو مۆرفیمە هیچ دۆخێکی ڕێزمانی بەلای چەپ یان ڕاستدا نادات و تەنیا ڕۆڵی خستنە تەکیەکی فرێزەکان دەبینێت)) ( عەبدولجەبار مستەفا مەعروف: ٢٠١٠: ٨٢) وەکو:
کتێب و دەفتەرەکەم بۆ بهێنە.
وەزارەتی پەروەردە و وەزارەتی خوێندنی باڵا، دەوامیان ڕاگرت.
دیاری هات و کتێبەکەی بۆ هێنام.

لەم جۆرە لێکدانەدا هەردوو لای ڕاست و چەپی مۆرفیمەکە هەمان ئەرکیان هەیە و ((دەشێ فرێزی خستنە تەکیەك دوو سەری واتایی و ڕێزمانی هەبێت)). (سەرچاوەی پێشوو: ٨٣)، چونکە هیچ کەرتێکیان نابنە دیارخەر بۆ ئەوی تریان و هەردووکیان یەکسانن.

---

٣٨- بڕوانە: فاروق عومەر سدیق: ٢٠١٣: ١١٨ — ١٤١.

٣٩- بڕوانە: عەبدولجەبار مستەفا مەعروف: ٢٠١٠: ٨١- ٨٤.

کەواتە سیمای واتایی /-و-/ ی لێکدەر بریتی دەبێت لە: (+پێکەوەبەستن، - پێکهێنانی دیارخراو و دیارخەر).

ب- دەبێتە ئینتەر فیکس، ئەم مۆرفیمە لە ئاستی مۆرفۆلۆژیشدا ((چالاکییەکی باش دەنوێنێت لە دروست کردنی وشەی لێکدراودا)) (نازەنین جەلال ئەحمەد: ٢٠٠٤: ١٠٧)، وەکو:
دۆشاووڕاشی، توندوتۆڵ، دەستوبرد، نەرمونۆڵ.

ئەو وشانەی بەیارمەتی ئەم مۆرفیمە بەرهەمدێن، دەبنە ناولێنەر بۆ کەرەستە و ڕووداوی نوێ، لەم جۆرە لێکدانەشدا بەهەمان شێوەی خاڵی (أ) پەیوەندی دیارخراو و دیارخەر لەنێوان کەرتەکاندا دروستنابێت، واتە ((ئەو ناوانەی کە بە (و) لێکدەدرێن هەموو بەشداری لەڕووداوی فرمانەکە دەکەن)). (وریاعومەرئەمین: ٢٠٠٩: ٢٠٠).

## ٤/٣) هۆمۆنیم لە مۆرفیمی بەندی وشەگۆڕدا

دوو مۆرفیم یان زیاتری وشەگۆڕ دەگرێتەوە، کە لە ڕووخساردا وەکیەکن، بەڵام هیچ ئەرك و واتایەکی هاوبەش لە نێوانیاندا بەدیناکرێت.

### ٤/٣- ١) هۆمۆنیم لە پێشگرەکاندا

دوو پێشگر یان زیاتری وشەگۆڕ دەگرێتەوە کە پەیوەندی هۆمۆنیمی کۆیاندەکاتەوە و ئەمانەن:

١- /دە-/

أ- دەبێتە ئەسپێکتی پیشاندانی کاتی ڕابردووی بەردەوام لە هەواڵە ڕووکار دا، وەکو :
دەکڕی، هەڵیدەخست، بانگی دەکرد.
سیمای واتاییەکەشی بریتییە لە (+بەردەوامبوون لە ڕابردوودا، + کۆتایی هاتنی کردەکە، +ئەرێ).
ب- دەبێتە ئەسپێکتی پیشاندانی کاتی ڕانەبردووە لە هەواڵە ڕووکاردا، وەکو :
دەنێرم، ڕێکدەخەم، هەڵدەگرم .
سیمای واتاییەکەشی بریتییە لە (+باسکردنی ئێستا یان داهاتوو، +کردەکە کۆتایی نەهاتووە).

ج- دەبێتە ڕەگی ڕانەبردووی چاوگی (دان).

دان ←——— دا ←——— دە

چاوگ ←——— قەدی کردار ←——— ڕەگی کردار.

سیمای واتاییەکەشی بریتییە لە (+کرۆکی کردار)، /دە-/ لەو سێ بەکارهێنانە جیاوەزەدا دەبینرێت، کە چەمکی هاوبەش لە نێوانیاندا بەدی ناکرێت، بۆیە دەبنە هۆمۆنیمی یەکتر.

٢- /ب-/

أ- دەبێتە ئەسپێکتی فەرمانە ڕووکار ((پێکهاتەی واتایی ئەم ڕووکارە جێبەجێکردن، یان نواندنی هەڵوێستێك لە گوێگر /خوێنەر دەخوازێت )). (ئەبوبەکر عومەر قادر:٢٠٠٣: ٧٠)، وەکو:

بهێنە بهێنن.

دروست بکە دروست بکەن[٤٠].

سیما واتاییەکەی بریتییە لە (+فەرماندان، +نواندنی هەڵوێست، +ئەرێ).

ب- ئەسپێکتی پیشاندانی کاتی ڕانەبردووە لە مەرج و خۆزگە و دانانییە ڕووکاردا، ئەم ئەسپێکتە هەڵگری کۆمەڵێك چەمکی جۆراوجۆرە، کە بەپێی کردارە یاریدەدەرەکان، یان ئامرازەکانی خۆزگە و گومانی سەرەتای ڕستەکە، کە بریتین لە (دەبێت، دەبوو، دەبوایە، ڕەنگە، لەوانەیە، خۆزگە) ئەو چەمکە دەگۆڕێت، وەکو:

لەوانەیە دەربچم.(چەمکی گومان)

دەبێت دەربچم. (چەمکی ئیلزامی)

ئەگەر بخوێنم سەردەکەوم. (چەمکی مەرجی)

ج- دەبێتە ڕەگی ڕانەبردووی چاوگی (بوون).

بوون ←── بوو ←── ب

چاوگ ←── قەدی کردار ←── ڕەگی کردار.

سیما واتاییەکەشی بریتییە لە (+کرۆکی کردار).

د- دەبێتە مۆرفیمی بەندی ئاوەڵناوی بکەری، واتە وەکو مۆرفیمی بەندی وشەداڕێژ ڕۆڵی لە دروستکردنی ئاوەڵناوی بکەریدا هەیە، وەکو: بخۆر، بکوژ ، بوێر ...هتد.

سیمای واتایی ئەم مۆرفیمەش بەم شێوەیەیە، (+سیفەتی بکەریی،+تواناوهێز).

وەك لەو نموونانەدا دەرکەوت، سیمای واتایی هاوبەش لە نێوان بەکارهێنانە جیاوازەکانی ئەم مۆرفیمەدا نەبینرا، بۆیە دەبن بە هۆمۆنیمی یەکتر.

---

٤٠- ئەگەر فۆرمی کردارەکە ناسادە بوو ئەوا دەتوانین ئەسپێکتی /ب-/ بەکار نەهێنین واتە ((دەشێت ئەم ئەسپێکتە ببێتە سفر)) (شێروان حسێن حەمەد:٢٠١٤: ١٧٥ ) وەکو :

داگرە —داگرن ، ڕێکخە — ڕێکخەن.

### ٤/٣- ٢) هۆمۆنیم لە پاشگرەکاندا.

دوو پاشگر یان زیاتری وشەگۆڕ دەگرێتەوە، کە لە شێوەدا وەکویەکبن، بەڵام لە واتادا لێکجیاوازبن.

١- /- ر-/

أ- دەبێتە مۆرفیمی بەندی نادیاری، لە دیالێکتی کرمانجی خوارووودا بە گۆڕینی توانای کردار و بێهێز کردنی دەوترێت (نادیاری) واتە نادیاری پرۆسەیەکە ((ئەرکی ئەنجامدانی کارێك دەداتە پاڵ توخمێکی دەستنیشاننەکراو)). (عەبدوڵا حسێن ڕەسووڵ:١٩٩٥ :١٦٩) وەکو:

(١)ئانیا نامەکەی نوسی.

(٢)نامەکە نوسرا / دەنوسرێت.

بەوپێیە جیاوازی نێوان ڕستەی (١) و (٢) ئەوەیە، ((گۆڕانی بکەرە لە کەسێکی دیار و ئاشکراوە بۆ توخمێکی نادیار و دەستنیشاننەکراو، واتە لە هەردووکیاندا بکەر هەیە بەڵام لە یەکەمدا دەستنیشانکراوە و لە دووەمیاندا دەستنیشاننەکراوە)). (سەرچاوەی پێشوو:١٧٠)، پرۆسەی نادیاری لە ڕێگەی مۆرفیمی بەندی /-ر-/ ەوە بەم شێوەیە بەئەنجام دەگەیەنرێت:

بکەرنادیار بۆ ڕابردوو: ڕەگی کردار + ر + ا

وەکو: هێنرا، دانرا، خوێنرا...هتد.

بکەرنادیار بۆ ڕانەبردوو: دە+ڕەگی کردار+ر+ێ

دەهێنرێ، دادەنرێ، دەخوێنرێ...هتد.

کەواتە سیمای /- ر-/ ی مۆرفیمی بەندی نادیاری بەم شێوەیەیە :

+نادیاری

+دەستنیشاننەکراو .

ب- دەبێتە ناوبڕ، ناوبڕیش (( بریتییە لە پەیدابوونی دەنگێکی نوێ لە نێوان دوو دەنگدا، چ بزوێن یان نەبزوێن بێت، کە لەئەنجامی کارتێکردنی بیئەی فۆنۆلۆژی جیاوازەوە سەرهەڵدەدەن)). (ئومێد بەرزان برزۆ:٢٠١١ :٦٣).

مۆرفیمی /-ر-/ یەکێکە لەو مۆرفیمە بەندانەی کە دەبێتە ناوبڕ لەنێوان دوو دەنگی بزوێندا دەردەکەوێت کاتێك کرداری داخوازی بۆ کەسی دووەمی تاك بێت و داڕێژراو بێت بەپاشگری (ەوە)، وەکو:

بخۆرەوە، بیلێرەوە، بهێنەرەوە...هتد.

سیمای واتایی /-ر-/ ی ناوبڕ بریتییە لە (+ پێکەوەبەستنی دوو دەنگی بزوێن)، لە نێوان هەردوو بەکارهێنانەکەدا هیچ هاوبەشییەك لەئەرك و واتادا نابینرێت، بۆیە دەبنە هۆمۆنیمی یەکتر.

٢- /- ا/

أ- لەزمانی کوردیدا بەهەموو زار و شێوەزارەکانەوە (جگە لە هەورامی) چاوگ بە مۆرفیمی /-ن/ کۆتایی دێت و لە پێش مۆرفیمی /- ن/ یەکێك لەم پێنج مۆرفیمە دێت (ا، و، ی، د، ت) ئەم پێنج مۆرفیمەش، بەمۆرفیمی کاتی ڕابردووی بکەر دیار دادەنرێن کەواتە/- ا/ دەبێتە یەکێك لە مۆرفیمەکانی کاتی ڕابردووی بکەر دیار وەکو:

هێنا، ڕژا، ترسا...هتد.

ب- دەبێتە مۆرفیمی کاتی ڕابردووی بکەر نادیار وەکو:

سوتێنرا، شێوێنرا...هتد.

٣- /- ەکە/

أ- دەبێتە مۆرفیمی بەندی ناساندن، سیمای (+دیاریکردن، +ناساندن) ی تێدایە، وەکو:

منداڵەکە، کتێبەکە، تەختەکە.

ب- وەکو مۆرفیمی وشەداڕێژ، دەبێتە مۆرفیمی بچووککردنەوەی ناوی تایبەتی، سیمای (+ بچووکی) تێدایە، وەکو:

چاوان ← چاوەکە

هاوژین ← هاوەکە

وەك لە سیماکاندا دەرکەوت، هیچ پەیوەندییەك لە نێوان هەردوو بەکارهێنانی /- ەکە/ دا نییە، بۆیە دەتوانین بڵێین هۆمۆنیمی یەکترن.

٤-/-ت/

أ- دەبێتە جێناوی لکاو بۆ کەسی دووەمی تاك، لە کۆمەڵەی (م —مان، ت-تان، ی-یان)، وەکو:

ناردت، وەرتگرت، فێرتکرد.

ب- دەبێتە ناوبڕ دوو دەنگی بزوێن پێکەوە دەبەستێتەوە، وەکو:

هێناومەتەوە، هاتووەتەوە، سەری هەڵداوەتەوە.

کاتێك کردارەکەڕابردووی تەواو بێت، لە هەواڵە ڕووکاردا و بە پاشگری /-ەوە/ کۆتایی هاتبێت، ناوبڕی /-ت-/ دەچێتە نێوان /-وە، - ووە/ ی نیشانەی ڕابردووی تەواو و /-ەوە/ ی پاشگرەوە. هەروەها لە نموونەکانی :

داویانەتە ئەو.

چوومەتە دهۆك.

گەیشتوومەتە کۆتایی کارەکەم.

کاتێك لە ڕستەدا پریپۆزیشنی (بۆ، بە) دەگۆڕرێت بۆ (- ە) ئەگەر کرداری پێش پریپۆزیشنەکە ڕابردووی تەواو بێت، ئەوە لە نێوان کردارەکە و پریپۆزیشنی (- ە) دا ناوبڕی (-ت-) دەردەکەوێت، چونکە دوو دەنگی بزوێن پێکەوە دەبەستێتەوە.

ج- دەبێتە یەکێك لە مۆرفیمەکانی کاتی ڕابردووی بکەر دیار،بەچاوگەکەشی دەوترێت چاوگی (تائی) وەکو:

هات، نووست، کەوت، ڕۆیشت.

٥- /- د -/

أ- دەبێتە یەکێك لە مۆرفیمەکانی کاتی ڕابردووی بکەر دیار ((بە چاوگەکەشی دەوترێت چاوگی دالی)). (ئەوڕەحمانی حاجی مارف: ٢٠١٤ج: ٣٧)، وەکو:

چاند، ژمارد، نارد، کرد.

ب- دەبێتە ناوبڕ، وەکو:

دەسپێررێت ← دەسپێردرێت

نێررا ← نێردرا

گۆڕرا ← گۆڕدرا

لە نموونەکاندا دەردەکەوێت ((ئەو کردارانەی کە ڕەگی ڕانەبردوویان بە دەنگی (ڕ، ر) کۆتایی هاتبێت و لە کردنی بە کرداری بکەر نادیاردا قسەکەر هەندێك جار دەنگی (د) دەخاتە نێوان ڕەگی کردارەکە و نیشانەی (ر) ی بکەر نادیارەوە)) (ئومێد بەرزان برزۆ: ٢٠١١: ٥٨- ٥٩).

٦- /- ن/

أ-دەبێتە جێناوی لکاوی کەسی دووەم و سێیەمی کۆ، لە پۆلە جێناوی (م-ین، یت-ن،-ات،-ێت -ن) وەکو:

ئێوە دەنووسن.

ئەوان دەنووسن.

ب-نیشانەی چاوگە، وەکو:

کڕین، دانان، جێبەجێکردن...هتد.

ج- وەکو مۆرفیمی وشەداڕێژ ئاوەڵناو بەرهەم دەهێنێت،وەکو:

شەرمن، نەوسن، چڵکن، ورگن...هتد.

٧- /-ین/

أ- دەبێتە جێناوی لکاو بۆ کەسی یەکەمی کۆ، وەکو:

ڕۆیشتین، سەردەکەوین، دەژین...هتد.

ب- ئاوەڵناوی پلەی بەراورد دەگۆڕێت بۆ پلەی باڵا، وەکو:

زیرەکتر ← زیرەکترین

جوانتر ← جوانترین

٨- /-ە/

أ- دەبێتە مۆرفیمی بەندی بانگکردن، وەکو:

بۆ ناوی نێر: کوڕە/ باپیرە/ کاکە/ مامە وەرە.

بۆ ناوی مێ: دایکە/ داپیرە/ نەنە جلم بۆ بکڕە.

ج-دەبێتە پریپۆزیشن و دەتوانێت جێگەی پریپۆزیشنەکانی (بە، بۆ، لە) بگرێتەوە، هەربۆیە هەندێك زمانەوان بە (جێگرە پێشناو)[٤١] ناوی دەبەن، وەکو:

ئەو دەبێت بە مامۆستا. ← ئەو دەبێتە مامۆستا.

چووم بۆ بازاڕ. ← چوومە بازاڕ.

بەردێکی لە من گرت. ← بەردێکی گرتە من.

د- دەبێتە جێناوی لکاو لە فەرمانە ڕووکار دا، وەکو:

بنووسە، بکڕە، بهێنە.

هـ- دەبێتە مۆرفیمی بەندی ناساندن ((دەچێتە کۆتایی، فرێزی ناوییەوە و ئەرکی ئاماژەیی ڕووت دەبەخشێت بەو فرێزە ناوییەی کە دەچێتە سەری)). (لیمۆ مەحمود تۆفیق: ٢٠١٢: ١٠٨)، وەکو:

کچە شووی کرد.

ژنەی داماو هەر دەگریا.

کوڕە بوو بە پاڵەوان.

و- دەبێتە مۆرفیمی کاتی ئێستای چاوگی (بوون)، وەکو:

کچەکەم لە باخچەیە.

ئانیا خوێندکارە.

---

٤١- بڕوانە: ئومێد بەرزان برزۆ: ٢٠١١: ١٤٠-١٤٢ .

٩- /- ی/

أ- یەکێکە لەمۆرفیمەکانی کاتی ڕابردووی بکەر دیار چاوگەکەی بە چاوگی (یائی) ناودەبرێت، وەکو:

دزی، سڕی، کڕی، نووسی.

ب- دەبێتە جێناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاك لە کۆمەڵە (م-مان، ت-تان، ی-یان) دا، وەکو:

کێڵای، لێینا، کوشتی، بردی.

ج- دەبێتە جێناوی لکاوی کەسی دووەمی تاك لەکۆمەڵەی (م- ین، ی/یت-ن، -ن)، زۆرجار بەمەبەستی ئیکۆنۆمی کردن و ئاسانی دەربڕین دەنگی (ت) دەقرتێنرێت و تەنیا دەنگی (ی) دەمێنێتەوە[٤٢]، وەکو:

دەینێریت ⟵ دەینێری.

هاتیت ⟵ هاتی.

١٠- /- ێ/

أ- دەبێتە کورتکراوەی مۆرفیمی بەندی نەناساندن /-ێك/، دیارە ئەوەش بەمەبەستی ئیکۆنۆمی کردنە، وەکو:

شارێك ⟵ شارێ

کەسێك ⟵ کەسێ

ب- دەبێتە کورتکراوەی جێناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاك لەکۆمەڵەی (م- ین، یت- ن، ات/ێت- ن)، وەکو:

دەکەوێت ⟵ دەکەوێ

دەبڕێت ⟵ دەبڕێ

ج- وەکو یەکێك لە مۆرفیمە بەندەکانی بانگکردن، بۆ ڕەگەزی مێ بەکاردەهێنرێت، وەکو:

کچێ، نەنێ، پورێ.

د- دەبێتە نیشانەی کاتی ڕانەبردووی بکەر نادیار، وەکو:

دەخوێنرێ، دەهێنرێ، دەکوژرێ.

---

٤٢- بۆ زانیاری لەسەر ئیکۆنۆمی لە دەنگەکانی زماندا، بڕوانە دەروون عەبدولڕەحمان ساڵح: ٢٠١٢.

هـ- لەگەڵ هەندێك ناوی كات و شوێندا بەكاردێت و ئاوەڵكاری كات و شوێن دروست دەكات(ڕۆژان نوری عەبدوڵا: ٢٠١٣: ١١٠)، وەكو:
هاوینێ، بەهارێ، شەوێ، خوارێ، ژوورێ، سەرێ.

و- لەگەڵ كردارەكانی (دان، گەیشتن...هتد) دا، ئەگەر ئەو ناوە یان جێناوەی دوای پریپۆزیشنی (بە، ە) دەردەكەوێت، بە جێناوێكی لكاو دەربڕرا، ئەوا پریپۆزیشنی (بە، ە) دەبێتە پۆست پۆزیشنی فرمانی و قاڵبی (ێ) دەگرێتەخۆ (وریا عومەر ئەمین: ٢٠٠٩: ٣٢٧)، وەكو:
كتێبەكەمان دا بە ئەو. ⟵ دامانێ.
بەردی گرتە چۆلەكەكە. ⟵ بەردی گرتێ.

١١-/-ۆ/
أ- دەبێتە مۆرفیمی بەندی بانگكردن، وەكو:
خاڵۆ، مامۆ، كوڕۆ.

ب- وەكو مۆرفیمێكی وشەداڕێژیش بۆ بچووك كردنەوەی ناوی تایبەتی بەكار دێت، وەكو:
كامەران ⟵ كامۆ
زامدار ⟵ زامۆ

ج- وەكو مۆرفیمی بەندی وشەگۆڕیش لە ناوچەی گەرمیان دا /-ۆ/ جێگەی پاشگری (ەوە) دەگرێتەوە، وەكو:
هاتمۆ، ناردمۆ، خواردمۆ.

لەهەردوو گروپی مۆرفیمی بەندی وشەداڕێژ و وشەگۆڕدا ئەوەی تێبینی كرا، ژمارەیەكی بەرچاو مۆرفیمی بەند هەن، كە ئەركی ڕێزمانی دەبینن و وەكو مۆرفیمێكی وشەداڕێژیش بەشداریدەكەن.

دیارترین ئەو مۆرفیمانەش (ۆ، ین، ینە، ان، ن، ا، ێ، و، ە، ی) ن، دەكرێت ئەم مۆرفیمانە بە (مۆرفیمی هاوبەش) (فارووق عومەر سدیق: ٢٠١٥: چاوپێكەوتن) ناو ببرێن، بۆیە لەم لێكۆڵینەوەیەدا زۆرجار جۆرە تێكەڵاوییەك لە نێوان بەشی دووەم و سێیەمدا دروست بووە، بەهۆی هاوبەشی ئەم مۆرفیمانەوە، لەهەمان كاتدا بەپێی پێویست ڕوونكردنەوەمان بۆ داون.

# ئەنجام

١- مۆرفیمە بەندە وشەگۆڕەکان، لە ڕووی چەشن و جۆر و ژمارەوە، سنووردارتر و ئەکتیڤترن، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە بەکارهێنانی ئەم مۆرفیمانە بەندە بەو کەتیگۆرییەی، کە لەگەڵیاندا کاردەکەن، هەرچی مۆرفیمە بەندە وشەدارێژەکانە، چەشن و جۆریان بەستراوەتەوە بەو چەمکەی، کە ئەم مۆرفیمانە دەربڕیانن.

٢- هەرچەندە مۆرفیمە وشەگۆڕەکان زیاتر دووبارە دەبنەوە و ئەکتیڤترن، بەڵام لەبەرئەوەی ژمارەی ئەم مۆرفیمانە سنووردار و کەمترن بەبەراورد لەگەڵ مۆرفیمە وشەدارێژەکان، بۆیە پەیوەندییە واتاییەکانیش لەم گروپەدا کەمتر دەبینرێت لەچاو وشەدارێژەکان.

٣- لەهەردوو گروپی وشەدارێژ و وشەگۆڕدا، پەیوەندییە واتاییەکانی سینۆنیم، پۆلیسیمی، هۆمۆنیم لە چوارچێوەی پاشگرەکاندا زیاتر بەدیدەکرێت نەك پێشگرەکان، بەڵام لە ئەنتۆنیم دا پێچەوانە دەبێتەوە، واتە ئەنتۆنیمی زیاتر لەچوارچێوەی پێشگرەکاندا بەدیدەکرێت .

٤- گەیاندنی چەمکی ئەنتۆنیمی لەلایەن بەندە داڕێژەکانەوە، بە پێشگر و پاشگر دەردەبڕرێت، بەڵام هەر ئەم چەمکە لە وشەگۆڕەکاندا، تەنیا ئەو مۆرفیمە بەندانە دەتوانن بیگەیەنن، کە پێشگرن.

٥- بەسوود وەرگرتن لە دوو پێشگر و پاشگری دژ بەیەك، دەشێت لە سەر بناغەی یەك ڕەگ، دوو وشەی ئەنتۆنیمی بنیاتبنرێت.

## لیستی سەرچاوەکان

**یەکەم: بەزمانی کوردی.**

١ - ئازاد ئەحمەد مەحمود (٢٠٠١)، مۆرفیمەکانی (ی) لە زمانی کوردیدا (بەکەرەستەی دیالێکتی کرمانجی خواروو و ژووروو)، نامەی ماجستێر، کۆلێژی پەروەردەی ئیبن ڕوشد، زانکۆی بەغدا.

٢ - ئازاد ئەمین فەرەج باخەوان (١٩٩٨)، مۆرفیمەکانی (ە) لە دیالێکتی کرمانجی خوارووی زمانی کوردیدا، نامەی ماجستێر، کۆلێژی پەروەردەی ئیبن ڕوشد، زانکۆی بەغدا.

٣ - ئەبوبەکر عومەر قادر (٢٠٠٣)، بەراوردێکی مۆرفۆسینتاکسی لە زمانی کوردی و فارسیدا، نامەی دکتۆرا، بەسەرپەرشتی پ.د. فاروق عمر سدیق، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

٤ - ئەوڕەحمانی حاجی مارف (١٩٩١)، ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم(وشەسازی)، بەشی سێیەم – ئاوەڵناو-، لە بڵاوکراوەکانی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغداد.

٥ - ئەوڕەحمانی حاجی مارف (١٩٩٨)، ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم (وشەسازی)، بەشی چوارەم – ژمارە و ئاوەڵکردار-، لە بڵاوکراوەکانی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغداد.

٦ - ئەوڕەحمانی حاجی مارف (٢٠٠٤)، فەرهەنگی زاراوە زمانناسی کوردی – عەرەبی – ئینگلیزی، سلێمانی.

٧ - ئەوڕەحمانی حاجی مارف (٢٠١٤أ)، ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم (وشەسازی)، بەشی یەکەم – ناو- ڕێکخستن و پێدا چوونەوەی: نەریمان عەبدوڵا خۆشناو، بڵاوکراوەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

٨ - ئەوڕەحمانی حاجی مارف (٢٠١٤ب)، ڕێزمانی کوردی، وشەڕۆنان لە زمانی کوردیدا، ڕێکخستن و پێدا چوونەوەی : نەریمان عەبدوڵا خۆشناو، بڵاوکراوەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

٩ - ئەوڕەحمانی حاجی مارف (٢٠١٤ج)، ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم (وشەسازی)، بەشی پێنجەم – کردار- ڕێکخستن و پێدا چوونەوەی: نەریمان عەبدوڵا خۆشناو، بڵاوکراوەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

١٠ - ئومێد بەرزان بەرزۆ (٢٠١١)، زمانەوانی، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی گەنج، سلێمانی.

١١ - ئیبراهیم عەزیز ئیبراهیم (١٣٦٧)، ئامراز لە زمانی کوردیدا، ناوەندی بڵاوکردنەوەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی، انشارات صلاح الدین ایوبی، چاپی یەکەم، اورمیە.

١٢- بازیان یونس محێدین (٢٠١٣)، پەیوەندی ئاستی مۆرفۆلۆجی بە ئاستی فۆنۆلۆجی و سینتاکس، خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپی یەکەم، هەولێر.

١٣ - بەکر عومەر عەلی (٢٠٠٠)، میتافۆر لە ڕوانگەی زمانەوانییەوە، نامەی دکتۆرا، بەسەرپەرشتی پ.د. محمد معروف فتاح کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

١٤ - بەکرعومەر عەلی (٢٠١٤)، چەند لایەنێکی زمانەوانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.

١٥ - تالیب حسێن عەلی (٢٠١١)، واتاسازی (چەند بابەتێکی لێکدانەوەی واتای وشە)، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
١٦ - تالیب حسێن عەلی (٢٠١٤)، هەندێ لایەن لە پەیوەندی نێوان ڕستە و واتا لە کوردیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی هاشم، بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر.
١٧ - حەیدەر حاجی خدر (٢٠١٠)، تایبەتمەندییە مۆرفۆلۆجییەکانی زمانی کوردی لە ڕوانگەی پۆلێنی مۆرفۆلۆجییانەی زمانەوە، نامەی ماجستێر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین.
١٨ - دارا حەمید محەمەد (٢٠٠٦)، پێوەندییە واتاییەکان لە زمانی کوردیدا، نامەی ماجستێر، بەسەرپەرشتی پ.د ئەوڕەحمانی حاجی مارف کۆلێژی پەروەردە ی ئیبن ڕوشد، زانکۆی بەغداد.
١٩ - دڵشاد محەمەد غەریب (٢٠٠٤)، مۆرفیمەکانی (بە) لە دیالێکتی کرمانجی خوارووی زمانی کوردیدا، نامەی ماجستێر، کۆلێژی پەروەردە ی ئیبن ڕوشد، زانکۆی بەغداد.
٢٠ - دەروون عەبدولڕەحمان سالّح (٢٠١٢)، ئیکۆنۆمی لە ئاستەکانی زمانی کوردیدا، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
٢١ - ڕزگار واحید حەمەد ئەمین (٢٠٠٩)، شێوازی بانگکردن لە زمانی کوردیدا، بەسەرپەرشتی پ.د. وریا عمر امین نامەی ماجستێر، زانکۆی سەلاحەدین.
٢٢ - ڕۆژان نوری عەبدولّا (٢٠١٣)، فەرهەنگی زمان و زاراوەسازی کوردی، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا، چاپی دووەم، سلێمانی.
٢٣ - ڕەفیق محەمەد شوانی (٢٠٠٨)، ئەو وشانەی لە چاوگەوە وەردەگیرێن، چاپی یەکەم، هەولێر.
٢٤ - ڕەفیق شوانی (٢٠١٤)، وشەسازی زمانی کوردی، چاپی دووەم، دەزگای هەواڵ، کەرکوك.
٢٥ - زەرێ یوسوپۆڤا (٢٠٠٥)، شێوەی سلێمانی زمانی کوردی، وەرگێرانی لە زمانی کوردییەوە: کوردستان موکریانی، لە بڵاوکراوەکانی کۆڕی زانیاری کوردستان، هەولێر.
٢٦ - ساجیدە عەبدولّا فەرهادی (٢٠٠٨)، ڕستە و پاش ڕستە تێڕوانینێکی ئەرکی، دەزگای چاپ و بڵاوکراوەی ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر.
٢٧ - ساجیدە عەبدولّا فەرهادی (٢٠١٣)، چەند لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
٢٨ - سازان ڕەزا موعین (٢٠٠٥)، واتا و دەوروبەر، نامەی ماجستێر، بەسەرپەرشتی پ.د. محمد معروف فتاح کۆلێژی پەروەردە بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سەلاحەدین.
٢٩- سازان زاهیر سەعید (٢٠٠٣)، پێزی مۆرفیمە داڕێژەکانی بچووککردنەوە و ناسکی لە سازکردنی وشەی نوێدا، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
٣٠ - سەباح ڕەشید قادر (٢٠٠٠)، هاوبێژی و فرەواتایی لە گیرەکدا، نامەی ماجستێر، بەسەرپەرشتی پ.د. محمد معروف فتاح کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

٣١ - سـەلام نـاوخۆش (٢٠٠٨)، پوختەیـەك دەربـارەی زمانناسـی، چـاپی دووەم، چـاپخانەی کـاروان، هەولێر.
٣٢ - سـەلام نـاوخۆش و نـەریمان خۆشـناو (٢٠١٠)، زامانـەوانی بەرگـەکانی (١، ٢، ٣)، چـاپی دووەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.
٣٣ - سـەلوا فـەریق سـالح (٢٠٠٧)، کـاری داڕێـژراو لـە نێـوان کـوردی (دیـالێکتی ژووروو) و فارسـیدا، بەسەرپەرشتی د. عبدالله عزیز بابان نامەی ماجستێر، زانکۆی سەلاحەدین.
٣٤ - شـیلان عومـەر حسـێن (٢٠٠٩)، ئیـدۆم چەشـن و پێکهـاتنی لـە زمـانی کوردیـدا، بلاوکراوەکـانی مەڵبەندی کوردۆلۆژی، زنجیرە (٢٩)، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.
٣٥ - شێرکۆ بابان (٢٠٠٨)، هەندێ لە ئاکارە ڕەنگینەکانی ڕێزمانی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆك.
٣٦ - شێرکۆ بابان (٢٠١٢)، سێ میکانیزمی ڕێزمانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی موکریانی، هەولێر.
٣٧ - شێرکۆ حەمەئەمین قادر (٢٠٠٢)، مۆرفیمە لێکسیکی و ڕێزمانییەکان و ئـەرکیان لـە دیـالێکتی گۆراندا، نامەی ماجستێر، بەسەرپەرشتی پ.د. فاروق عمر سدیق، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.
٣٨ - شێروان حسێن خۆشناو (٢٠١١)، تێڕوانینێکـی نـوێ بـۆ سـینۆنیم لـە زمـانی کوردیـدا، چـاپخانەی دیلان، سلێمانی.
٣٩ - شـێروان حسـێن حەمـەد (٢٠١٤)، توانـای مـۆرفیمی بەنـد لـە دەوڵەمەنـدکردنی فەرهـەنگ و ڕاپەڕانـدنی ئـەرکی سینتاکسیدا، نامـەی دکتـۆرا، بەسەرپەرشـتی پ.د. فـاروق عمـر سـدیق، کۆلێـژی زمان، زانکۆی سلێمانی.
٤٠ - عەبدولجـەبار مسـتەفا مـەعروف (٢٠١٠)، دروسـتەی فرێـز لـە زمـانی کوردیـدا، کوردۆلـۆجی سلێمانی.
٤١ - عەبدولواحید موشیر دزەیی (٢٠٠٩)، واتاسازی، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، هەولێر.
٤٢ - عەبدولواحیـد موشـیر دزەیـی (٢٠١٤)، واتاسـازی وشـە و ڕسـتە، چـاپی سـێیەم، ناوەنـدی ئـاوێر، هەولێر.
٤٣ - عەبدوڵا حسێن ڕەسوڵ (١٩٩١)، نـا کـردن لـە زمـانی کوردیـدا، نامـەی ماجسـتێر، کۆلێـژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین.
٤٤ - عەبـدوڵا حسـێن ڕەسـوڵ (١٩٩٥)، مۆرفیمـە ڕێزمانییـەکانی کـار، نامـەی دکتـۆرا، بەسەرپەرشـتی پ.د. نەسرین محمد فەخری کۆلێژی پەروەردەی ئیبن ڕوشد، زانکۆی بەغداد.
٤٥ - عەبـدوڵا عـەزیز محەمـەد (١٩٩٠)، گـۆڕانی واتـای وشـە لـە زمـانی کوردیـدا، بەسەرپەرشـتی پ.د. فاروق عمر سدیق نامەی ماجستێر، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین.

٤٦ - عەبدوڵا عەزیز محەمەد بابان (٢٠٠٥)، هایپۆنیم و هەندێ پێوەندی واتایی لە زمانی کوردیدا، بەسەرپەرشتی پ.د. وریا عمر امین نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین.
٤٧ - عومەر ئەحمەد عەبدولڕەحمان (٢٠٠٩)، فرێزی بەند لە زمانی کوردیدا، بەسەرپەرشتی پ.د. ابراهیم عزیز ابراهیم نامەی ماجستێر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین.
٤٨ - غازی فاتیح وەیس (١٩٨٤)، فۆنەتیك، چاپی یەکەم، چاپخانەی الدیب البغدادی، بەغداد.
٤٩ - فاروق عومەر سدیق (١٩٧٥)، وشەسازی لە زمانی کوردید، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی سێیەم، ژمارە (١)، بەغداد.
٥٠ - فاروق عومەر سدیق (٢٠١١)، لەدایکبوونی وشە، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.
٥١ - فاروق عومەر سدیق (٢٠١٣)، جێپەنجەی فرێزی بەلێکسیکبوو لە پەرەسەندنی فەرهەنگی کوردیدا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، بەشی B، ژمارە (٤٣).
٥٢ - فاروق عومەر سدیق، وانەی لێکسیکۆلۆژی، ماجستێر، کۆلێژی زمان، ٢٠١٣ — ٢٠١٤، زانکۆی سلێمانی.
٥٣ - فاروق عومەر سدیق، وانەی مۆرفۆلۆژی، ماجستێر، کۆلێژی زمان، ٢٠١٣ — ٢٠١٤، زانکۆی سلێمانی.
٥٤ - فاروق عومەر سدیق، چاوپێکەوتن، ٢٠١٥/١١/١٤، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.
٥٥ - فەرهاد تۆفیق حەسەن (٢٠١٠)، پەیوەندییە سیمانتکیەکان و هەندێك دیاردەی واتایی لە زمانی کوردیدا، بەسەرپەرشتی پ.د. بەکر عمر عەلی نامەی ماجستێر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.
٥٦ - قەیس کاکل تۆفیق (٢٠٠٣)، ڕادە لە گرێی ناویدا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، بەشی B، ژمارە (١١).
٥٧ - کورش سەفەوی (٢٠٠٦)، چەند لایەنێکی واتاسازی، وەرگێڕانی دلێر سادق کانەبی، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.
٥٨ - کەوسەر عەزیز ئەحمەد (١٩٩٠)، بیردۆزی مۆرفیم و هەندێ لایەنی وشەسازی کوردی، نامەی ماجستێر، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین.
٥٩ - لیمۆ مەحمود تۆفیق (٢٠١٢)، دەربڕینی چەمکی دیاریکردن و ئاشکرانەکردنی ناو لە کوردی و چەند زمانێکی هاوگرووپی خۆی و دوور لێوەی، نامەی ماجستێر، بەسەرپەرشتی پ.د. فاروق عمر سدیق، سکوڵی زمان، زانکۆی سلێمانی.
٦٠ - محەمەدی مەحوی (٢٠٠٨)، فۆنەتیك و فۆنۆلۆجی (فۆنەتیك)، بەرگی یەکەم، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

٦١ - محەمـەدی مـەحوی (٢٠٠٩)، زانسـتی هێمـا، هێمـا واتـا و واتـا لێكدانـەوە، بـەرگی یەكـەم، زانكـۆی سلێمانی، سلێمانی.
٦٢ - محەمـەدی مـەحوی (٢٠٠٩)، زانسـتی هێمـا، هێمـا واتـا و واتـا لێكدانـەوە، بـەرگی دووەم، زانكـۆی سلێمانی، سلێمانی.
٦٣ - محەمـەدی مـەحوی (٢٠١٠)، مۆرفۆلـۆژی و بەیەكداچـوونی پێكهاتـەكان (مۆرفۆلـۆژیی كـورد)، بەرگی یەكەم، زانكۆی سلێمانی، سلێمانی.
٦٤ - محەمەد مەعروف فەتاح (٢٠١١)، زامانەوانی، چاپی سێیەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
٦٥ - محەمەد مەعروف فەتاح و سـەباح ڕەشـید قـادر (٢٠٠٦)، چـەند لایـەنێكی مۆرفۆلۆجی كوردی، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی.
٦٦ - مستەفا ڕەزا مستەفا (٢٠١٣)، نـاوی ئەبسـتراكت و پێـزی مۆرفیمـە داڕێـژەكانی نـاوی ئەبسـتراكت لە زمانی كوردیدا، نامەی ماجستێر، بەسەرپەرشتی پ.د. فـاروق عمـر سـدیق، سـكولی زمـان، زانكـۆی سلێمانی.
٦٧- مەحموود زامدار (٢٠١١)، گەردانی ناو لەناو زمانی كوردیدا، چاپی یەكـەم، چـاپخانەی ڕۆژهـەلات، هەولێر.
٦٨ - نازەنین جەلال ئەحمەد (٢٠٠٤)، وشەی لێكدراو لە دیالێكتی كرمـانجی خـوارووی زمـانی كوردیـدا (لە ڕووی ڕوخسار و ناوەڕۆكەوە)، نامەی دكتۆرا، كۆلێژی پەروەردەی ئیبن ڕوشد، زاكۆی بەغداد.
٦٩ - نـەرمین عومـەر ئەحمـەد (٢٠١٠)، بەبەرهـەمی لـە مۆرفۆلـۆژی كوردیـدا، نامـەی ماجسـتێر، بەسەرپەرشتی پ.د. محمد عبدالفتاح حمه سعید، كۆلێژی زمان، زانكۆی سلێمانی.
٧٠ - هـۆگر مـەحمود فـەرەج (٢٠٠٠)، پراگماتیـك و واتـای نیشانەكان، نامـەی دكتـۆرا، كۆلێـژی زمـان، زانكۆی سلێمانی.
٧١- هیدایەت عەبدولا محەمەد (١٩٩٣)، پێشـپرتك و پاشـپرتك لـە زمـانی كوردیـدا، نامـەی ماجسـتێر، بەسەرپەرشتی پ.د. فاروق عمر سدیق، زانكۆی سەلاحەدین.
٧٢- هیدایەت عەبدولا محەمەد (٢٠٠٢)، ڕێككەوتنی واتایی نـاو و ئاوەڵنـاو لـە زمـانی كوردیـدا، نامـەی دكتۆرا، پ.د. محمد عبدالفتاح حمه سعید، كۆلێژی زمان، زانكۆی سلێمانی.
٧٣ - هێرش كەریم حەمید (٢٠١٥)، بەراوردێكی مۆرفۆفـۆنێمی لـە زمـانی كوردی و فارسـیدا ، نامـەی ماجستێر، بەسەرپەرشتی پ.ی.د. ابوبكر عمر قادر، سكولی زمـان زانسـتە مرۆڤایەتییـەكان، زانكـۆی سلێمانی.
٧٤ - وریـا عومـەر ئـەمین (٢٠٠٩)، ئاسـۆیەكی تـری زمانـەوانی، بـەرگی یەكـەم، چـاپی دووەم، بلاوكراوەكانی دەزگای ئاراس، هەولێر.
٧٥ - وریا عومەر ئەمین (٢٠١١)، پیتۆكەكانی زمانەوانی، چاپی یەكەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.

٧٦ - يارا قادر حەمەد مەلازادەیی (٢٠١٣)، مۆرفۆسینتاکس لە شێوەزاری کۆیەدا، چاپخانەی کەمال، سلێمانی.

## دووەم: بەزمانی فارسی.

٧٧ - ابراهيم چگنی (١٣٨٢)، دائره المعارفی زبان و زبانها، چاپ اول، دانشگاه لرستان، نشر بهنام، تهران.

٧٨ - ابوالحسن نجفی (١٣٩٠)، مبانی زبان شناسی و كاربرد اون در زبان فارسی، چاپ يازدهم، انتشارات نيلوفر، چاپ گلشن، تهران.

٧٩ - احمد ابومحبوب (١٣٨٧)، ساخت زبان فارسی، نشر میترا، چاپخانه تابش، چاپ چهارم، تهران.

٨٠ - ايران كلباسی (١٣٩١)، ساخت اشتقاقی واژه در زبان فارسی، چاپ پنجم، پژوهشگاه علوم انسانی مطالعات فرهنگی، تهران.

٨١ - حسن انوری – يوسف عالی (١٣٩٠)، دستور زبان فارسی١ ، چاپ دوم، دانشگاه پيام نور، تهران.

٨٢ - فرانك ر. پالمر (١٣٨٧)، نگاهی تازه به معنی شناسی، ترجمه: كورش سفوی، چاپ پنجم، نشر مركز كتاب ماد، تهران.

٨٣ - كورش سفوی (١٣٨٤)، فرهنگ توصيفی معنی شناسی، چاپ اول، فرهنگ معاصر، تهران.

٨٤ - كورش سفوی (١٣٩١)، اشنايی با معنی شناسی، چاپ دوم، نشر پژواك كيوان، تهران.

٨٥ - كورش سفوی (١٣٩٢)، در امدی بر معنی شناسی، چاپ پنجم، انتشارت سورەمهر، تهران.

٨٦ - محمد رضا باطنی (١٣٩٠)، زبان و تفكر (مجموعة مقالات زبان شناسی)، چاپ دهم، انتشارات اگاه، تهران.

٨٧ - مهری باقری (١٣٩٣)، مقدمات زبان شناسی، چاپ هجدههم، نشر قطره، تهران.

٨٨ - ويكتوريا فرامكين – رابرت رادمين – نينا هيامز (١٣٨٧)، در امدی بر زبان (زبان شناسی همگانی)، ترجمه: علی بهرامی – سهيلا ضياءالدين، چاپخانه گوهر انديشه، چاپ اول، رهنما، تهران.

## سێیەم: بەزمانی عەرەبی.

٨٩ - احمد مختار عمر (١٩٩٨)، علم الدلالة، الطبعة الخامسة، منشورات عالم الكتب، كويت.

٩٠ - جون لاينز (١٩٨٠)، علم الدلالة، ترجمة: مجيد عبدالحليم الماشطة، مطبعة جامعة البصرة.

٩١ - محمد محمد يونس علي (٢٠٠٤)، مقدمة في علمي الدلالة والتخاطب، الطبعة الاولى، دارالكتاب الجديد المتحدة، بيروت.

٩٢ - منقور عبداجليل (٢٠٠١)، علم الدلالة، منشورات اتحاد الكتاب العرب، دمشق.

**چوارەم: بەزمانی ئینگلیزی.**


9٣ - Crystal, david (2003), Adictionary of linguistics and phonetics, fifth edition, black well publishing, united kingdom.

9٤ - Katamba f. stonham(2006),morphology,second published,palgrave mac millan,England.

9٥ - Saeed,john I, (2009), semantics, third edition, sengapore.

96 - Sharad rajimwale(2010), elements of general linguistics, valume 1, tenth editionm, newdelhi.

97 - Sharad rajimwale(2011), elements of general linguistics,valume 2, eighth edition, newdelhi.

98 - Stageberg.n.c. (1981), an introductory English grammaer, fourth edition, holt.rine heart and wiston.

99 - Trask.R.L.(2007), language and linguistics, edited by: peter stock well, second edition, Canada.

100 - Yule, george (2010), the study of languge, foeth edition, Cambridge university press.

101 - Zeki hamawand (2009), the semantics of English negative prefixes, first published, university of hamburg.

102- Zeki hamawand (2011), morphology in English, india.


**پێنجەم: بەزمانی ڕووسی.**


103 - ڕۆزەنتەڵ (١٩٧٦)، فەرهەنگی زاراوە زمانناسییەکان، چاپی دووەم، مۆسکۆ.

104 - ڤ.ن. کلیۆڤا (١٩٦١)، کورتە فەرهەنگی سینۆنیم لە زمانی ڕووسیدا، چاپی دووەم، پوختەکراو و زیادکراو، مۆسکۆ.

105 - یو. س. ستیپانۆڤ (١٩٧٥)، بناغەکانی زمانەوانی گشتی، چاپی دووەم، مۆسکۆ.

# ملخص البحث

عنوان البحث (**العلاقات الدلالية في المورفيمات المقيدة في اللغة الكردية**). بحث وصفي ، يتناول أهم العلاقات الدلالية في أطار المورفيمات المقيدة. من أهم تلك العلاقات الدلالية (ترادف synonymy، التضاد Antonymy، تعدد المعانى Polysemy، مشترك لفظي Homonymy)، وتتواجد العلاقات الدلالية في مجموعة المورفيمات المقيدة الاشتقاقية derivationalوالمورفيمات المقيدة الإعرابية inflectional .

بالاضافة الى المقدمة و أهم النتائج التي توصل اليها الباحث، تقتضي طبيعة البحث أن تكون على ثلاثة فصول :

**الفصل الاول : (المورفيم و المعنى)**، يتضمن هذا الفصل الاسس النظرية للبحث من حيث ظهور فكرة و مفهوم المورفيم و أنواع المورفيمات، وبعدها يتناول مكانة المورفيمات المقيدة في اطار الوحدات الدلالية، وكذلك يتضمن سبعة أنواع من العلاقات الدلالية و تحديد تلك العلاقات في المستويات المختلفة للغة.

**الفصل الثاني: (العلاقات الدلالية في المورفيمات المقيدة الاشتقاقية)**، تم تحديد العلاقات الدلالية في المورفيمات المقيدة الاشتقاقية على أساس (ا) إمكانية استخدام المورفيمات بشكل متبادل في نفس الاطار/الموقع . (ب) تحديد العلامات الدلالية للمورفيمات.

**الفصل الثالث: (العلاقات الدلالية في المورفيمات المقيدة الإعرابية)**، تم تحديد العلاقات الدلالية في المورفيمات المقيدة الإعرابية (علامات النكرة والمعرفة ، علامات الجمع ، علامات النداء ...). على اساس تحديد العلامات الدلالية للمورفيمات.

وفي الخاتمة تم عرض أهم النتائج التي توصل اليها الباحث من خلال بحثه.

# Abstract

The current thesis entitled **"The Sense Relations within Bound Morphemes in Kurdish Language"** is a descriptive study. It deals with the most significant sense relations which can be observed as one of the semantic units within the frame of bound morphemes. The most prominent of these relations are (**synonym, antonym, polysemy, and homonym**) which they exist in both groups of derivational and inflexional bound morphemes.

Apart from the introduction and the achievable conclusions, the study consists of three chapters:

**Chapter one:** is the theoretical background of the thesis which entitled (**morpheme and meaning**). It talks about the advent of the notion of morpheme and also the concept and types of morphemes are focused. Moreover, the position of bound morphemes within the semantic units is introduced and then seven types of sense relations with identifying of these relations within different levels of language are mentioned. In the end, the perspectives of the theories of meaning for some of those relations are shown.

**Chapter two:** is entitled (**sense relations within the derivational bound morphemes**). In this chapter, the sense relations within the derivational bound morphemes are identified on the basis of their capacity for using on behalf of each other, and appointing the semantic feature and the concept of the morphemes are also another ground for their identification.

**Chapter three:** is devoted to (**sense relations within the inflexional bound morphemes**). Within this chapter, sense relations within the inflexional bound morphemes such as (definite and indefinite articles, plural particle and addressing words) are found on the basis of the identification of the semantic features.

Finally, the most important conclusions that the researcher has achieved are stated.